WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17 26ی رەشەمێ 2713 (750) دینار

## یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردن هیوای بە دهۆکە



**رووداو– دهۆک**

بـۆ هەڵبژاردنەکانـی نیسـانی داهاتـوو، یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت بە جەماوەرەکەی لـە بادینان پشتئەسـتوورە، هـەر بۆیەش زۆرترین کاندیدی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەو پارێزگایە داناوە.

سەباح باپیری، بەرپرسی مەڵبەندی سـێی یەکگرتوو لـە بادینـان دەڵێت "دهـۆک بـۆ یەکگرتـوو زۆر گرنگە و لە هەموو هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، لەسەر ئاستی کوردستان زۆرترین دەنگمان لەو پارێزگایە بووە".

یەکگرتـوو بـۆ پەرلەمانی عێراق لە دهۆک 14 کاندیـدی داناوە کە ئەو پارێزگایە 620 هەزار دەنگدەری هەیە. لە سلێمانیش 14 کاندیدی داناوە، لە کاتێکدا ژمارەی دەنگدەرانی لە سلێمانی دوو ئەوەندەی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای دهۆکە. بەڵام بۆ هەولێر 9 کاندیدی داناوە کە نزیکەی ملیۆنێک دەنگدەری هەیە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش، یەکگرتوو بۆ دهۆک 39 کاندید، بۆ سلێمانی 38 کاندید و بۆ هەولێریش 31 کاندیدی داناوە.

خالید دۆسکی، کارگێڕی لقی یەکی پارتی سەبارەت بە کاریگەریی زیادکردنی کاندیدەکانی یەکگرتوو لەسەر دەنگی ئەوان گوتی "راستە یەکگرتوو وجودی هەیە لە بادینان، بەڵام هیچ مەترسییەکی لەسەر پارتی نییە".

6 »


750 ملیار دیناری بەڵێندەران لەلای حکومەتە

8



سەفیە سوهێل باسی بکوژەکانی باوکی بۆ (رووداو) دەکات

20



بە ئیجازەی کاک مەسعود

22



ئارام ئەحمەد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:

# ناوی ئەو کۆمپانیایانەمان لەلایە کە چەکی کیمیاویان بە سەددام فرۆشتووە

9 »

داودئۆغلو، بۆ (رووداو):

## دەبێ ئەمریکا سوپاسگوزاری رێککەوتنی ئەنقەرە و هەولێر بێت

4 »

REKLAM



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## خوێندکارانی عەرەب یادی هەڵەبجە تێکدەدەن



**رووداو- هەولێر**

خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تکریت لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە زانکۆکە مەراسیمێکیان رێکخست، ئەو خوێندکارانە لەسەر ئەو جلە رەشەی کە لەبەریان کردبوو نووسرابوو "نەفرەت لە بەعس"، ئەوەش هەندێک خوێندکاری عەرەبی تورە کردووە کە سۆزیان بۆ سەدام حوسێن هەبووە. بەهۆیەوە گرژی دروستبووە و شەڕ لە نێوان خوێندکارانی کورد و هەندێک خوێندکاری عەرەب روویداوە، دواتر هێزە ئەمنییەکان بڵاوەیان بە خوێندکاران کردووە.

# کامێرای هاتوچۆ فەیسبووک بە مەلایەک دادەخات





**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی مەلایەکی شاری هەولێر لە فەیسبووک رای خۆی لەسەر کامێرای چاودێریی هاتوچۆ دەنووسێت و شکاندنی ئەو کامێرایانە بە "شەرعی" دەزانێت، رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە و یەکێتی زانایان داوای لێدەکات فەیسبووکەکەی دابخات، ئەویش دایدەخات.

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەڵێت "ئەو مامۆستایە هەڵە بوو، داوامان لێکرد فەیسبووکەکەی دابخات و ئەویش دایخست".

مەلا موسلیم فرێزی، وتارخوێن لە مزگەوتی مەلا ساڵح لە ناحیەی کەسنەزانی رۆژهەڵاتی هەولێر، لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک نووسیبووی "شکاندن و لابردنی ئەو کامێرایانەی هاتوچۆ ئاساییە و لەڕووی شەرعەوە هیچ کێشەیەکی نییە، چونکە کامێراکانی هاتوچۆ بوونەتە بازرگانی و رێگری و ئەزیەتدان، هەر کەس لەسەر رێگە هەڵیانبگرێت دروستە، چونکە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت، لابردنی شتێک لەسەر رێگە کەوا ئەزیەتی رۆیشتوو بدات سەدەقەیە".

### داوای لێبوردن دەکات

دوای ئەو نووسینە، لە چەندین لاوە رەخنە لەو مەلایە گیرا، ئەویش لە روونکردنەوەیەکدا نووسی کە بە هیچ شێوەیەک مەبەستی ئەوە نەبووە سووکایەتی بە یاساکانی هاتوچۆ بکات، بەڵکو لە وتاری هەینی رابردوو بە شێوەی داتاشۆ جەختی لەسەر پابەندبوون بە یاساکانی هاتوچۆ کردووەتەوە. هەروەها دەڵێت "لە نووسینەکەمدا مەبەستم زۆری و نادیاریی داهاتەکانی کامێرای هاتوچۆ بووە، ئەوە رای خۆم بووە، هەڵەی من ئەوە بوو کە قسەکانم لە روانگەی شەرعەوە تەفسیر کردووە، من حەقی ئەوەم نییە لە روانگەی شەرعەوە ئەوە بڵێم، داوای لێبوردن دەکەم".

مەلا موسلیم دەڵێت "خۆم هیچ قەرزاری کامێرای هاتوچۆ نیم، مەبەستم کەسانی دیکەیە، فەرمانبەر هەیە مووچەکەی 350 هەزار دینارە، دووجار لە کامێرا بدات ئەو پارەیەی لێوەردەگرن، من دژی دانانی ئەو کامێرایانە نیم، بەڵام سزاکەی زۆرە، ئێستا فەیسبووکم داخست، ئەو فەیسبووکە بۆ من ببووە کێشە".

مەلا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، هەموو ئەو شتانەی مامۆستایانی ئاینی لە فەیسبووک بڵاوی دەکەنەوە، یان لە وتارەکانی رۆژی هەینی دەیڵێن "رای تایبەتی خۆیانە و هیچیان ناچنە خانەی فتوا دانەوە، مامۆستایانی ئاینی لە وتاری رۆژانی هەینیش تەنیا دەتوانن فتوا بگوازنەوە، نەک خۆیان فتوا بدەن، تەنیا لێژنەی فتوای یەکێتی زانایان دەتوانێ فتوا بدات".

### یەکێتی زانایان فەیسبووکەکەی پێ دادەخات

مەلا عەبدوڵڵا دەڵێت، بەدواداچوونیان کردووە لەسەر نووسینەکەی مەلا موسلیم "ئەوە شتێکی هەڵە بوو، نەیزانیبوو رای خۆی جوان دابڕێژێت، پەلەی کردووە لەو نووسینە و بە شێوەی عاتیفی نووسیویەتی، بۆیە داوامان کرد فەیسبووکەکەی دابخات و دایخست، ئێمە حەز دەکەین مامۆستاکانمان سوود لە فەیسبووک وەربگرن، بەڵام دەبێت بە ئاگادارییەوە بەکاری بهێنن".

سەرۆکی یەکێتی زانایان دەڵێت، هەموو کات داکۆکییان لە یاساکانی هاتوچۆ کردووە "ئەو سیستەمی سزایەی هەیە، لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی پەیڕەو دەکرێت، زانایانی ئاینیش پشتگیرییان کردووە، ئەو مافەشیان بە حکومەت داوە کە سزای ئەو کەسانە بدات سەرپێچی دەکەن، جا سزاکە زۆرە یان زۆر نییە ئەوە بابەتێکی دیکەیە".

1000 رۆژ تێپەڕیوە و هێشتا تەواو نەبووە

# کارکردن لە مۆنۆمێنتی راپەڕین دەوەستێ

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- رانیە**

هەرچەندە دەبووایە مۆنۆمێنتی راپەڕین لە شاری رانیە لە ماوەی 245 رۆژدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام 1000 رۆژ تێپەڕیوەو هێشتا مۆنۆمێنت تەواو نەبووە. قایمقامی قەزاکەش دەڵێت بەهۆی نەمانی بودجە کارکردن لە پرۆژەکەدا وەستاوە و چاوەڕێی پەسەندکردنی بودجەی 2014 دەکەن.

یەکەم گوللە لە 5ی ئاداری 1991 کە لە دژی رژێمی بەعس تەقێندرا لە شارۆچکەی رانیە بوو، بەڵام خەڵک دەڵێن لە شارەکەیان سیمبولێک نییە نیشانی بدات کە رانیە دەستپێکی راپەڕین بووە.

شەنگار سەعید، کچە مامۆستایەکی شاری رانیەیە و دەڵێت "دڵمان زۆر بە مۆنۆمێنتی راپەڕین خۆشبوو، بەڵام زیاتر لە 3 ساڵە چاوەڕوانین و تائێستا تەواو نەبووە، بەداخەوە گرنگی بە شتەکانمان نادرێت، ئەگەر کەسێکی بیانی بێتە رانیە نازانین بیبەینە چ شوێنێک. یان کە یادێکی وەکو راپەڕین دەکەینەوە ساڵانە دەبێت لەسەر شەقامەکان یادی بکەینەوە لەبەر ئەوەی مۆنۆمێنتمان نییە".

هەر لەوبارەوە هەڵگورد محەممەد، کە دانیشتووی رانیەیە دەڵێت "ئەو مۆنۆمێنتە زۆر دەمێکە کاری تێدا کراوە، دەبووایە زوو تەواو بکرێت، چونکە مۆنۆمێنت مێژووی نەتەوەیەک نیشان دەدات و تەواو نەبوونی پرۆژەکە بۆ ئێمە جێگای نیگەرانییە".

لەسەر تابلۆی دروستکردنی پرۆژەی مۆنۆمێنت نووسراوە "رۆژی دەستپێکردنی پرۆژەکە: 2011/5/20". هەروەها "ماوەی پرۆژە: 245 رۆژە". واتە 8 مانگ و پێنج رۆژ، بەڵام زیاتر لە 3 ساڵە خەڵک چاوەڕوانی تەواوبوونی مۆنۆمێنتەکە دەکەن. هۆکاری دواکەوتنەکەشی بەپێی گوتەی قایمقامی قەزای رانیە ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەکە لە دیزاینی پرۆژەکە.

هیوا قەرەنی، قایمقامی قەزای رانیە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "کارە تەلارسازییەکانی مۆنۆمێنت کۆتاییان هاتووە و کارە هونەرییەکانیشی کە بە ماددەی برۆنز ئەنجام دەدەرێن لە جێبەجێکردندایە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی پرۆژەکە، چونکە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە".

هەروەها گوتی "لە کۆتایی 2013 قۆناغی دیزاینی پرۆژەکە تەواو بوو، بۆ ئەو مەبەستە هەر ئەوکات لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون گفتوگۆمان کرد بۆ ئەوەی لە بودجەی 2014 جێگای بۆ بکرێتەوە و بخرێتە پلانەوە".

بەپێی قسەی قایمقامی رانیە، گوژمەی پرۆژەکە 5 ملیار دینارە، تاوەکو ئێستا 2 ملیار و 200 ملیۆن دیناری تێدا خەرجکراوە و لە بودجەی 2014شدا داوای 2 ملیار و 800 ملیۆن دیناری دیکەی بۆ کراوە.



# نووسەری "بەتەنیا جێی مەهێڵن" نارەزایی دەردەبڕێ



**رووداو- هەولێر**

شاعیری کورد رەفیق سابیر، نووسەری شیعری "لاوکی هەڵەبجە" روونکردنەوەیەک لەسەر ئەو شیعرە بڵاودەکاتەوە و دەڵێت شیعرەکەی لەلایەن نووسەرێکی رۆژهەڵاتییەوە شێوێندراوە و هەر بەو شێوێندراوییەش کراوەتە گۆرانی.

ئەو شیعرە لەلایەن هونەرمەند هێدی قادر کراوەتە گۆرانی و بەوە دەستپێدەکات "بە تەنیا جێم مەهێڵن". بەڵام رەفیق سابیر لەو روونکردەوەیە کە رۆژی 2014/3/16 لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە نووسیویەتی "بە تەنیا جێیمەهێڵن".

رەفیق سابیر لە درێژەی روونکردنەوەکەدا نووسیویەتی "تا ئێستا کۆمەڵێک هونەرمەند و گۆرانیبێژ بەشێکی هۆنراوەی (لاوکی هەڵەبجە)یان کردووە بە گۆرانی و دەستیان خۆشبێت. بەڵام هەندێک لەو بەرێزانە، لەبەرئەوەی پێشوەخت منیان لەو کارە ئاگادار نەکردووەتەوە، کۆپییەکی دەستکاریکراو و شێوێندراوی هۆنراوەکەیان هەڵبژاردووە کە کاتی خۆی نووسەرێکی بەڕێزی رۆژهەڵاتی کوردستان، بڵاوی کردووەتەوە".

ئەو گۆرانییە لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە بەشێوەیەکی بەرفراوان پەخش دەکرێت و بووەتە سیمبوڵی کارەساتی هەڵەبجە، بەڵام لە تایتڵی هەندێک کلیپی ئەو گۆرانییەدا دەنووسرێت هۆنراوەی ساڵح سوزەنی، لە کاتێکدا کۆپلەی یەکەمی گۆرانییەکە شیعری رەفیق سابیرە، بەڵام ئەو نووسەرە دەستکاری کردووە.

رەفیق سابیر لە درێژەی روونکردنەوەکەیدا دەنووسێت "من وەک خاوەنی ئەو هۆنراوەیە، لەگەڵ ئەوەی حورمەتی زۆرم بۆ ئەو نووسەرە بەڕێزە هەیە، بەڵام راشکاوانە دەڵێم کە ئەو دەستکاریکردنەم هیچ بە دڵ نییە و بە ناهەقییەکی دەزانم بەرامبەر من و ئەو هۆنراوەیە کراوە، بۆیە بە مافی خۆمی دەزانم رەتیبکەمەوە. لە هەمانکاتدا بە گرنگی دەزانم کە خوێنەران و ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەی هۆنراوەکەیان کردووە بە گۆرانی، یان دەخوازن بیکەن بە گۆرانی، ئاگادار بکەم کە ئەم تێکستەی خوارەوە ئەسڵی هۆنراوەیەکە".

### لاوکی هەڵەبجە

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەمومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیڕفێنێت
گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان
سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و — با— دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە
سوارە، چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات
با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە
ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و — با— دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیڕفێنێت

ئاسایش دەڵێت قەرزدارێک کوشتوویەتی

# لە سۆران پیاوێک دەکوژرێت و دواتر دەسووتێنرێت

**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سۆران رایگەیاند کە شەوی شەممەی رابردوو کەسێک لە سۆران کوژراوە بۆ بردنی پارەکەی، دوای کوشتنیشی تەرمەکەی سووتێنراوە.

هەڵکەوت رەفعەت، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سۆران بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "شەوی شەممە 2014/3/14 ئاگادارکراینەوە لە حاڵەتێکی کوشتن. دەرکەوت کە کوژراو و بکوژەکە هەردووکیان خەڵکی دەرەوەی سۆرانن، بەڵام ئێستا نیشتەجێی سۆرانن، هەردووکیشیان خێزاندارن و کوژراوەکەش 4 منداڵی هەیە."

جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سۆران لەبارەی چۆنیەتی رووداوەکە گوتی "بکوژەکە کە ناوی (ن.م)ە قەرزاری بازاڕ بووە و لە کاژێر 6ی ئێوارە بەدواوە دەڕوات بەدوای کوژراوەکەدا کە ناوی هاشم محەممەدە و لەبەردەم بازاڕی دۆلارەکەی سۆران کاری پارە گۆڕینەوە دەکات، بە بیانووی رۆیشتن بۆ راوکردن بە فێڵ لەگەڵ خۆی دەیبات و لە رێگادا بە دوو گوللە دەیکوژێت."

هەڵکەوت رەفعەت زیاتر گوتی "پاشان ئەو بڕە پارەیەی کە پێی بووە هەڵیدەگرێت و ئۆتۆمبێلەکە و تەرمەکەشی دەبات و لەنزیک گوندی کۆنەمار گڕی تێبەردەدات و دەیسووتێنێ کە دواتر شوێنەواری سووتان بە دەست و جلەکانی تاوانبەرەکەشەوە دیار بووە."

جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سۆران هۆکاری ئەو رووداوە بۆ قەرزاریی تۆمەتبارەکە و بردنی پارەی کوژراوەکە دەگەڕێنێتەوە و گوتی "ئەو کابرایە قەرزاری بازاڕ بووە، قەرزەکەشی شتێکی وەها نییە کە شایانی باس بێت و بۆ پارە ئەو هاووڵاتییەی کوشتووە، هەر بەو ئامانجەش پیلانی بۆ داڕشتووە، لەبەر ئەوەی دەیزانی کە دووکانی نییە و پارەکانیش لەلای خۆی هەڵدەگرێت."

هەڵکەوت رەفعەت ئاماژەی بە چۆنیەتی گرتنی تۆمەتبارەکە کرد و گوتی "دواتر هێزەکانی ئێمە دوای لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە، لە کاژێر 4.30 خولەکی بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە لە ماڵەکەی خۆیدا لە سۆران توانییان تاوانبار دەستگیربکەن و دوای دەستگیرکردنیشی دانی بە تاوانەکەیدا نا".

دەستوور




هەموو چوار شەممەیەك!

www.desturnet.com

ڕووداو
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## دزەیی: داواکاریمان بۆ داخستنی قوتابخانەکانی فەزالەر پێنەگەیشتووە



**ڕووداو- هەولێر**

سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە هیچ داواکارییەکیان بۆ داخستنی قوتابخانەکانی سەر بە بزووتنەوەی فەتحوڵڵا گولەن پێگەیشتبێت. جەختیش دەکاتەوە ئەگەر داواکاریی لەوشێوەیشیان لێبکرێ، دایناناخەن.لە ڕۆژنامەکانی تورکیا وا بڵاوکرایەوە کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکارییەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ داخستنی ئەو قوتابخانانە پێگەیشتووە، بەڵام ڕەتیکردووەتەوە. دزەیی گوتیشی "لەبەر ئەوەی هیچ داواکارییەکی لەوشێوەیەمان پێنەگەیشتووە بۆ داخستنی قوتابخانەکان، بۆیە هیچ ڕەتکردنەوەیەکیش لەئارادا نەبووە لەلایەن بارزانییەوە".

## ئەحمەد داودئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# دەبێ ئەمریکا سوپاسگوزاری ڕێککەوتنی ئەنقەرە و هەولێر بێت

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەحمەد داودئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە شاری وانی باکووری کوردستان نانی بەیانییان پێکەوە خوارد. دواتر ڕێککەوتنێکیان واژوو کرد لەبارەی "ئاسانکاری گواستنەوە لە سنوورەکانەوە". ئەحمەد داودئۆغلۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیای کرد و گوتی "دەمانەوێ ئەو پەیوەندیانەی پچڕێنراون دووبارە گرێیان بدەینەوە، زەمینەیەکی بەهێزی بۆ دەڕەخسێنین".
داودئۆغلۆ ئەوەش ئاشکرا دەکات کە لە ساڵی 2008دا لە بەغدا بەنهێنی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆدەبوونەوە، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا لە هەولێر و وان و ئیستەنبوڵ کۆدەبنەوە.

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو - وان



پەیوەندیمان لەگەڵ کورد گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز و بەربەستە دەروونییەکانی تێپەڕاندووە

لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا بەنهێنی کۆدەبووینەوە

لەگەڵ کورد وەک گۆشت و نینۆکین و لەیەک جیانابینەوە

هەموو ڕێککەوتنەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە گوێرەی دەستووری عێراق بووە

**ڕووداو: لە سەردانی ئەم دواییەتدا بۆ سلێمانی گوتت کە ئێمە لەدڵەوە بۆ دڵ قسە دەکەین، بەڵام زۆر کەس دەڵێن لەلایەنی کردەییەوە شتێکی ئەوتۆ نابینین، بۆچوونی ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟**

**داودئۆغڵو:** لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆر هاتووەتە ئاراوە، پەیوەندی دوو لایەنەمان گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز و بەربەستە دەروونییەکان تێپەڕێنراون، بەر لە پێنج ساڵ بە دیاریکراوی لەساڵی 2008 لە بەغدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەوڵمان دەدا دوور لە چاوی میدیا و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە کۆببینەوە، بەڵام ئێستا لە هەولێر، وان و ئیستەنبوڵ و هەموو شوێنێک کۆدەبینەوە، ئەم دیدارانەش لەلایەن خەڵکەکانمانەوە بە خۆشەویستی و پەیوەستییەکی زۆرەوە لێی دەڕوانرێت کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە.

هەروەها پەیوەندییە بازرگانییەکانمان پێشڤەچوونێکی گەورەیان بەخۆوە بینیوە و ئەو بازرگانییەی بەبڕی 12 ملیار دۆلار لەگەڵ عێراق هەمانە 70%ی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقە، لە هەولێر و سلێمانی وەبەرهێنانمان زۆر زیادی کردووە و ئێستاش هاوکاریمان لەنێواندا هەیە لە بواری وزەدا، ئەمڕۆش ڕێککەوتنمان لەسەر ئاسانکاری گواستنەوەکان لەڕێگەی سنوورەوە کرد و ئەوەی کە گوتوومە قسەکردنم بە کوردی لە دڵەوە بۆ دڵانە و لە ڕووی کردەییشەوە بەرەوپێشچوونی جددی بەخۆیەوە بینیوە.

**ڕووداو: هەرێمی کریمیا داوای لە ڕووسیا کرد بۆ ئەوەی بیپارێزێت، ئەگەر هەرێمی کوردستانیش داوایەکی لەمشێوەیەی لە تورکیا هەبێت هەڵوێستی تورکیا چی دەبێت؟**

**داودئۆغڵو:** لەڕابردوودا ئێمە نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو هەموو ئەو برایانەی لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە کێشەیان هەبووە، خاوەنداریمان لێکردوون و باوەشمان بۆ کردوونەتەوە، بەو بۆنەیەشەوە لە ساڵڕۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە دیسانەوە، سەرەخۆشی لە کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەکەم کە لەوێ گیانیان سپارد، براکانمان لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کاتێک بە کۆمەڵ هاتن بۆ تورکیا، ئەوکاتە دڵ و ماڵ و پارکەکانمان بۆ واڵا کردن، بەهەمانشێوە لە 21ی حوزەیرانی ساڵی 1932 کە ڕەحمەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی ویستوویانە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە بێنە تورکیا، بەهەموو شێوەیەک پشتیوانیمان لێکردوون و دڵمان بۆیان کردووەتەوە، ئەوەتا ئێستا بۆ سوورییەکانیش بەهەمانشێوە وا دەکەین. عەرەب، کورد و تورکمان هەموو ئەو کەسانەی لە سووریاوە هاتوون هاوکاریمان کردوون. بەهەمانشێوە لە ڕووداوەکانی بۆسنەش باوەشمان بۆ بۆسنییەکان کردەوە، لەم ناوچەیەدا کامە برا و لەهەر کام لە مەزهەب و نەتەوەکان هەرکاتێک ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە تورکیا هەمووکات لەپشتیان دەبێت.

**ڕووداو: لەم ماوەیەدا دیدار و چاوپێکەوتنی زۆر لەنێوان ئێوە و نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی تورکیا لە هەرێمی کوردستان هەبووە، ئایا شتێکی نادیار و شاراوە هەیە کە خەڵک لێی ئاگادار نییە؟**

**داودئۆغڵو:** ئێمە پڕۆژەی برایەتیمان لەنێواندا هەیە، ئەو پڕۆژەیەش لە میانی ئەو سەردانانەدا پێکدێ، ئەمەش تەنیا لە نێوان کورد و تورکدا نییە، بەڵکو بۆ هاتنە ئارای برایەتی نێوان هەموو نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە هەوڵی زۆرمان داوە، ئەم پڕۆژەیەش بەدرێژایی مێژوو بەردەوامی هەبووە، وەکو گۆشت و نینۆکین و لەیەک جیا نابینەوە. ئێمە دەمانەوێ ئەو پەیوەندیانەی پچڕێنراون دووبارە گرێیان بدەینەوە، زەمینەیەکی بەهێزی بۆ دەڕەخسێنین، ئەم پەیوەندییانەش لە داهاتوودا زیاتر پێشدەخەین، ئەم پەیوەندییەش تەنیا لە

### پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لەسەر ڕێگایەکی دروست بەردەوامە

چوارچێوەی پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق نامێنێتەوە، بەڵکو تا باشووری عێراق و هەرێمەکانی دیکەی عێراق درێژ دەبێتەوە.

**ڕووداو: نەوتی هەرێمی کوردستان تاوەکو بەندەری جیهان هاتووە، ئایا ئێوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وێڕای ناڕەزاییەکانی بەغدا، سوورن لەسەر فرۆشتنی ئەو نەوتە؟**

**داودئۆغڵو:** ئەو دیدارانەی لەنێوان من و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیدا کراوە، هاوکات ئەو کۆبوونەوانەی لەنێوان ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا ئەنجامدراون. هاوکات دیدارەکان لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، هەموو ئەو لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنامانەی کردوومانن بەگوێرەی دەستووری عێراق بووە، لەم ڕێککەوتنانەشدا هیچ پێشێلکارییەکی دەستووری عێراق لەئارادا نییە، هیواخوازین لەماوەیەکی نزیکدا ئەو ڕێککەوتنامانە لەنێوان بەغدا و هەولێر بە ئەنجامێکی ئەرێنی بگات، ئەوەی لە هەموو لایەک زیاتر دڵخۆش دەبێ بە گەیشتن بەو ڕێککەوتنە تورکیایە، چونکە تورکیا پێویستی بە وزەیەکی مەزن هەیە، مادام هەرێمی کوردستانیش نزیکترین سەرچاوەیە و دراوسێمانە بۆچی سوودی لێوەرنەگرین، لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێ ئەم

### ئەوەی لە هەمووان دڵخۆشتر دەبێت بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا تورکیایە

پێداویستییەی تورکیا بۆ وزە کاریگەری بۆ سەر ئابووری ئەوانیش (هەرێمی کوردستان) هەبێت، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە ڕێککەوتن لەگەڵ بەشێکی عێراق بکەین و لە دژی لایەکەی دیکەی بوەستین، بڕوامان وایە کە هەماهەنگی کارمان لەگەڵ بەشێکی عێراق ڕێگا لەبەردەم هەماهەنگی و هاوکاری بەشەکەی دیکە دەکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئومێدی ئێمە گەیشتنە بە ڕێککەوتنێک لە نێوان بەغدا و هەولێر، ئەو سەردانانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش بۆ بەغدا بەشێوەیەکی ئەرێنی دەگاتە ئەنجام، بەڵام تورکیا ڕاستگۆ بووە لەبەرامبەر ڕێککەوتنەکانی و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی بە وزە لە چوارچێوەی یاسای عێراقدا هەموو هەنگاوێکی ناوە و ئامادەی هەنگاونانی زیاتریشە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا هەڵوێستی ئەمریکا لەم بارەیەوە ڕوون نییە، باراک ئۆباماش لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەسەر فرۆشتنی نەوت قسەی کردووە، هەڵوێستی ئەمریکا لەو ڕووەوە چییە؟**

**داودئۆغڵو:** ئەمریکا لەبواری وزەدا خاوەنی گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهانە، یەکێکە لەو وڵاتانەی لە دەرهێنانی نەوت و غازی سروشتیدا زۆرترین قازانج دەکات، ئەگەر خستنەڕووی زیاتری وزەش بۆ بازاڕەکانی جیهان بێتە ئاراوە، کار دەکاتە سەر دابەزینی نرخی وزە، ئەمەش سەقامگیری دەبەخشێتە بازاڕەکانی جیهان، پێویستە هەموو کۆمپانیا جیهانییەکان، لەسەرووی هەموشیانەوە ئەمریکا سوپاسگوزاری ئەو ڕێککەوتنە بن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو کێشانەی لەنێوان بەغدا و هەولێر هەن چارەسەر بکرێن.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئەم دواییەی ئۆجەلان بەرامبەر حکومەتی تورکیا چۆن دەبینن؟**

**داودئۆغڵو:** پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لەسەر ڕێگایەکی دروست بەردەوامە، لەم چوارچێوەیەدا درێژە بە هەموو هەوڵەکانمان دەدەین، هیواخوازین کە هەموو لایەک کاریگەری ئەرێنی خۆیان نیشان بدەن، چونکە پرۆسەی ئاشتی نەک هەر بۆ توکیا بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە دەبێتە نموونەیەکی بەدیهێنانی ئاشتی و و وەگەڕخستنی، لەبەر ئەوە ئێمە سوورین لەسەر درێژەدان بە هەموو ئەو هەوڵانەی تاوەکو ئێستا داومانن.

# هەڵەی واشنتن... کورد هاوپەیمانێکی کاتی و پێویستی ئەمریکا

**هارڤەی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

لە دیدگای کوردی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمریکا لە هاوڕێیەکی بێ متمانە دەچێت کە هەر کاتێک پێویستی پێت بێت بانگت دەکات و هەرگیز ئامادەش نییە کارێکت بۆ بکات.

لەنێو بازنەی سیاسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ناوهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو "یەکێک لە باشترین هاوڕێ ڕاستەقینەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا"، بووە بە وێردی سەر زاریان. ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو چەند ناوچە کەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تێیدا ئەمریکییەکان نەک هەر سەلامەتن، بەڵکو بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێدەکرێت.

بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا کورد بەرژەوەندییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، واشنتن نەک هەر گوێیان لێ ناگرێت، بەڵکو بە پەنجەیەکی هەڕەشەئامێزەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لەسەر مەسەلەی هەناردەکردنی یەکلایەنەی نەوتی هەرێمی کوردستان، واشنتن هێندەی بەغدا تووڕەیی و ناڕەزایی پێشاندا و هەوڵێکی دیپلۆماسی خستەگەڕ بۆ ئەوەی هەناردەی ڕاستەوخۆی نەوتی کوردستان ڕابگرێ. بەڵام کاتێک کە واشنتن هەستی بە ناسەقامگیری و توندوتیژیی تایفی لە پارێزگای ئەنبار کرد لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوودا، جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، بواری هەبوو تەلەفۆن بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات و داوای لێبکات کێشەی هەناردەکردنی وزە و دابەشکردنی داهات لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.

ئەو داوایەی ئەمریکا هیچ نەبێت سووربوونی ئەمریکای لەسەر کارە لەپێشینەکانی لە عێراق دەرخست. ئەوەی سەلماند کە ئەولەویاتی ئەمریکا لە عێراق یەکپارچەیی خاکی عێراقە، ئیتر هەرچەندە ناسەقامگیر و لەبەریەکهەڵوەشاوەش بێت، هێشتا ئەمریکا نایەوێت ڕووبەڕووی پارچەپارچەبوونی عێراق ببێتەوە.

هەر ئەو تەلەفۆنەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا ئەوەش پێشان دەدا کە سیاسەتی ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر کورد بریتی بووە لەوەی "کورد هاوپەیمانێکی کاتیی پێویستن بۆ ئەمریکا". لە هەمانکاتدا ئەمریکییەکان زۆر هۆشیارانە خۆیان لە هیوا و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد بواردووە.

ئەمە شتێک نییە جێی سەرسوڕمان بێت. ئەمریکا مێژوویەکی هەیە لە گرتنەخۆی مەسەلەی کورد و دواتر تێهەڵدانی مەسەلەکە. ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ودرۆ ویلسنی سەرۆکی ئەمریکا و شکاندنی بەڵێنەکەی بۆ پێدانی دەوڵەت بە کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

هێماکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرکردایەتی کورد تەحەمولی کەم بووەتەوە لەمەڕ ئەم پەیوەندییە تاکلایەنەی نێوان زلهێز و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە سیاسەتی ئەمریکادا بە "هەرێمێکی نا- دەوڵەتی" وەسف دەکرێت.

کاتێک کە بارزانی مانگی ڕابردوو گەشتێکی پێشوەخت ئامادەکراوی بۆ واشنتن هەڵوەشاندەوە، کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند کە ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە ئیدارەی ئۆباما لەبەرئەوە بووە کە واشنتن تا ئێستا ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لە لیستی ڕەشی تیرۆردا دەرنەهێناوە.



ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە دۆستایەتی کورد بە ڕووی ئەمریکادا و پشتگیری کورد لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نابێت هەروا بە هەڕەمەکی و بێ بەرامبەر بێت.

ئەم کێشەیە لە ئەمریکادا بەبێدەنگی تێنەپەڕی. لە 15ی مانگی شوبات بۆردی سەرنووسەری ڕۆژنامەی واشنتن پۆست سەروتاری ڕۆژنامەکەیان بەناوی "دەرگا بەڕووی کورددا بکەرەوە" بوو. ڕۆژنامەکە ڕایگەیاند کە زیادبوونی توندوتیژی لە عێراق و سووریا گرنگیی هاوپەیمانە کوردەکەی ئەمریکای زیاتر کردووە.

لە وتارەکەیدا، واشنتن پۆست نووسیبووی "حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق، کە کۆنترۆڵی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی دراوسێی ئێران، تورکیا و سووریا دەکات، هەرێمێکی دیموکراتی، سێکولار، هاوڕێی ڕۆژئاوا و دوژمنێکی سەرسەختی هێزەکانی ئەلقاعیدەیە کە لە هەردوو دیوی سنووری عێراق و سووریا چالاکن".

ڕۆژنامەکە کێشەی لیستی تیرۆری بە "کێشەیەکی بێزارکەری پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا" ناوبردبوو. هەروەها باسی ئەوەی کردبوو کە هەڵوەشاندنەوەی کتوپڕی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی کارێک بووە بۆ مەسەلەیەکی ڕەوا.

ڕۆژنامەکە هەروەها باس لە پڕوپوچیی ئەو بڕیارە دەکات کە ناوی پارتە کوردییەکانی لە لیستی تیرۆر داناوە و دەڵێت "ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە چارەسەرنەکردنی کێشەکە، زیان بە یەکێک لە پەیوەندییە گرنگەکانی ئەمریکا و لە کاتێکی گرنگدا دەگەیەنێت. خەتاکەش بە تەواوی دەکەوێتە ئەستۆی واشنتن".

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## " AKP و PKK هاوپەیمانن"

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژنامەی زەمان و تودەیس زەمان لە مانشـێتی ڕاپۆرتێکیاندا دەڵێن "ڕێککەوتنێکی سـەیر لەنێوان AKP و PKK هەیە لەدژی بزووتنەوەی خزمەت". هەردوو ڕۆژنامەکە، کە نزیکن لە فەتحوڵڵا گولەن، ڕابەری بزووتنەوەی خزمەت نووسیویانە "لێکنزیکبوونەوەی AKP و PKK لەگەڵ دەستپێکردنی هەوڵی سەقامگیری کێشەی کورد دەستیپێکرد، بەڵام ئێستا ئەو دووانە لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی خزمەتیشدا هاوڕان؟ میدیاکانی گیولەن دەشڵێن، وادیارە هەنگاوەکانی ئەم دوایییەی AKP بە ڕێککەوتن لەگەڵ PKK ئەنجامدەدرێن و هەروەها بە "تیرۆریست" ناوی دەبەن.

# نوێنەرانی کورد دەڵێن ڕووحانی بێبەڵێن دەرچوو

### نوێنەری پێشووی شاری بیجاڕ:

## قسەکانی یاریدەدەرەکەی ڕووحانی تەنیا دروشم بوو

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

نوێنەرێکی پێشووی کورد لە پەرلەمانی ئێران دەڵێت کەسانێک لەنێو حکومەتەکەی حەسەن ڕووحانیدا باوەڕیان بە مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان نییە، بەڵام هاوکات گلەیی لە چالاکوانانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەیە کە وەک ئەو دەڵێت بەهۆی ناکۆکیی نێوانیان، کورد پۆستی پارێزگاری سنەی لەدەستدا.

محەممەد محەممەد ڕەزایی، نوێنەری پێشووی شاری بیجاڕی سەر بە پارێزگای سنە دەڵێت "حەسەن ڕووحانی تا ئێستا پابەندی بەڵێنەکانی سەروەختی هەڵبژاردن نەبووە".

ڕووحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیدا بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکی 10 خاڵیدا بەڵێنی بە نەتەوە و کەمینە ئاینییەکانی ئێران دا کە داخوازییەکانیان جێبەجێ دەکات.

بەگوتەی محەممەد ڕەزایی، حەسەن ڕووحانی لە هەوڵی ئەوەدایە جێگرێک بۆ کاروباری مەلاکان و کەسایەتییە ئاینییەکان دیاری بکات، بۆیە ژمارەیەک لە نوێنەرانی خولە جیاوازەکانی پەرلەمانی ئێران پێشنیازیان کردووە جێگرێکیش بۆ کاروباری کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان دابنرێ، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پرسەکانیان بکات.

بەبۆچوونی ئەو نوێنەرەی پێشووی پەرلەمانی ئێران، یاریدەدەر بۆ کاروباری کەمینەکان دەسەڵاتێکی نییە و ناتوانێ کاروبارەکانی تایبەت بە کەمینەکان ڕاپەڕێنێ و بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانیان بکات.

دانانی پۆستی جێگرێک بۆ کەمینەکان یەکەمجار لەلایەن حاسڵ داسە، نوێنەری شارەکانی سەردەشت و پیرانشار لە خولی شەشەمی پەرلەمانی ئێراندا هاتە گۆڕێ. داسە ئەو پێشنیازەی خستە بەردەم محەممەد ڕەزا عارف، تەنیا کاندیدی ریفۆرمخوازی هەڵبژاردنی ساڵی پاری سەرۆک کۆماری ئێران.

بەڵام دواتر عارف بە قازانجی ڕووحانی پاشەکشەی کرد و حەسەن ڕووحانی بەڵێنی دا کە بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ کاروباری نەتەوە و ئاینەکان لە ئێران جێگرێک دیاری دەکات. دوای هەڵبژاردن حەسەن ڕووحانی لەجیاتی جێگر، یاریدەدەرێکی دیاری کرد. حاسڵ داسە هەر ئەوکات بە (ڕووداو)ی گوت: یاریدەدەر دەسەڵاتی جێگری نییە و ئەستەمە بتوانێ لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و وەک جێگر خاوەن بڕیار نابێت".

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، ژمارەیەک لە نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران لە خولەکانی ڕابردوو و ئێستای پەرلەمانی ئێران بە مەبەستی تاوتوێکردنی کارکردی حکومەتی حەسەن ڕووحانی کۆبوونەوە. ئەوان پێیانوابوو سەرۆک کۆماری ئێران پابەندی بەڵێنەکانی نەبووە و کارکردنی ڕووحانی تەنیا لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران باشتر لە پارێزگاکانی دیکە بووە. چونکە سێ ژن و ژمارەیەک نوێنەری نەتەوە و سوننەمەزهەبەکان لە پۆستە کارگێڕییەکانی ئەو پارێزگایەدا دانراون.

نوێنەرانی پارێزگای ورمێ لەو کۆبوونەوەیەدا ئاشکرایان کرد کە پارێزگاری ورمێ لە هەوڵدایە ژمارەیەک لە پۆستە کارگێڕییەکانی ئەو پارێزگایە بە ژنان و سوننە مەزهەبەکان بسپێرێ.

محەممەد محەممەد ڕەزایی بە ئاماژە بە دیاریکردنی جێگرێکی کورد لەلایەن وەزیری ناوخۆوە، ئەوەی بە هەنگاوێکی باش ناوبرد، بەڵام گوتیشی ئەوە بەگوێرەی پێویست نییە، بەڵکو دەبێت پشکی زیاتر بە کورد و سوننە مەزهەبەکان بدەن. هەروەها گوتی "عەلی یونسی، یاریدەدەری حەسەن ڕووحانی بۆ کاروباری کەمینەکان، تەنیا دروشمی داوە و کارەکانی جێی قبوڵ نین". حەسەن ڕووحانی بە دانانی یاریدەدەرێک لە هەوڵدا بوو گرنگی بە ڕەوشی نەتەوە و کەمینە ئاینییەکان بدات. ڕووحانی لە بەیاننامە 10 خاڵییەکەیدا بەڵێنی خوێندن بە زمانی دایک، سوودوەرگرتن لە بژاردەو چالاکانی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان، پێدانی بەرپرسیارێتی پارێزگاکان بە بەرپرسان و کارگێڕانی خۆجێیی و پەرەپێدانی پارێزگا پشتگوێخراوەکان لەڕووی ئابوورییەوە، دابوو. محەممەد ڕەزایی دەڵێ "حکومەتی ڕووحانی ئەم ڕۆژانە خەریکی دانان و لابردنی بەرپرسانە، ئەگەر ئێمە هەر لە ئێستاوە نەتوانین مافەکانمان بستێنین، دواتر تووشی کێشە دەبین".

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ماوەی سەرۆکایەتی حەسەن ڕووحانی لە بواری کاروباری نەتەوە و کەمینە ئاینییەکان ژمارەیەک لە نوێنەرانی خولە جیاوازەکانی پەرلەمانی ئێران خوازیاری کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئێرانن، تا بەڵێنەکانیوەبیربهێننەوە.



---

# لە سووریای داڕووخاودا کورد خەریکی بنیاتنانە

**کارڵ درۆت**
**ڕووداو- دێرک**

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆی سووریاوە بەشێکی زۆری شارەکانی وەک حومس و حەلەب ڕووبەڕووی کاولکارییەکی زۆر بوونەتەوە و بوونەتە پاشماوەی جەنگ. بەڵام لە شارو شارۆچکەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پێچەوانەی ئەمە بەدی دەکرێت. لەوێ گەشەکردنێکی چاوەڕواننەکراو لە بنیاتنانی یەکەی نیشتەجێبووندا هەیە.

پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەسەد لە ناوچە کوردییەکان لەساڵی 2012، بەدرێژایی شاری دێرک لە باکووری ڕۆژهەڵات بۆ شاری عەفرین لە باکووری ڕۆژئاوا، پڕۆژەی نیشتەجێبوونی نوێ بنیات دەنرێ کە زۆریان باڵەخانەی بەرزن.

فەهد جیهانگیر، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی دێرک، هۆکاری ئەو گەشەکردنەی ڕوونکردەوە "پێشتر تەنیا خاوەن زەوییەکان دەیانتوانی بینا لەسەر زەویەکانیان دروستبکەن. بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت نەدەتوانرا خاوەندارێتی زەوی بۆ کەسێکی دیکە بگوازرێتەوە، ئەگەر کڕیارەکەش کورد بووایە مۆڵەتی پێنەدەدرا".

پۆلیسی شارەوانی بەرپرسیار بوو لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە. کاتێک هێزەکانی ڕژێم لە ناوچە کوردییەکان کشانەوە، کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە کەوتە دەستی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD و خەڵکی دەستبەجێ دەستیان بە کڕین و فرۆشتنی موڵک و زەوی کرد.

خاوەن زەوییەکان و کۆمپانیاکانی بنیاتنان دەستیان بە دروستکردنی پڕۆژەی هاوبەش کرد.

ئەو حیزبە کە ئۆتۆنۆمی لە سێ شاری ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاندووە، هۆکار بووە بۆ پاراستنی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوا لە جەنگی سێ ساڵەی ئەو وڵاتە.

فەهد گوتی "لەپاش ساڵی 2012، ژمارەی شوقەکانی دێرک بەڕێژەی 60% بۆ 80% زیادی کردووە".

زۆر لەو خانووانە خزمەتگوزاری سەرەتاییان نییە، چونکە هاوردەکردنی ئەو پێداویستیانە زۆر گران و قورسە بەهۆی داخستنی سنوورەکان لەگەڵ تورکیا، لەلایەکی دیکەوە خاڵی پەڕینەوەی سنووری سێمالکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ تێپەڕبوونی هاوکاری مرۆییە.

زۆر لە خاوەن کۆمپانیاکانی بیناکردن کوردن، بەڵام هەندێکیان پێشتر لە شارەکانی دیمەشق و حەلەب ژیاون و بەهۆی جەنگی ناوخۆیی ئەو وڵاتەوە گەڕاونەتەوە بۆ ناوچە کوردییەکان و سەرمایەکانیان لەو ناوچانە بەگەڕدەخەن. وەبەرهێنانی ئەم کەسانە ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ سەقامگیری و گەشەکردنێکی ئابووریی درێژخایەن لە ناوچە کوردییەکان.

فەیسەڵ سلێمان، خەریکی بنیاتنانی باڵەخانەیەکە لە دێرک. ئەو دەڵێت "ئەگەر ڕژێم لێرە بووایە مۆڵەتی بیناکردنم پێنەدەدرا"، ئەو گوتی "ئێستا شارەوانی تەنیا کەسێک دەنێرێ بۆ پشکنین تا بزانن خانووەکە زێدەڕۆیی تێدا کراوە یان نا".

بەهۆی یاسای توندی چەوسێنەری دژ بە کەمینە و نەتەوە جیاوازەکان، پێداویستییەکی زۆر هەبوو بۆ بنیاتنانی خانووی نوێ بەر لەدەستپێکردنی جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتە.

ئێستا داواکارییەکان بۆ بنیاتنانی خانوو زیاتر بووە، چونکە کوردی شارەکانی دیکە دەگەڕێنەوە بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنی ناوچەکانی دیکە.

هەروەها چەند گۆڕانکارییەکی دیکەش لە دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکاندا ڕوویداوە. ژمارەیەکی زۆر لە ئاشووری و ئەرمەنی و عەرەب لە ترسی بۆردومانی ڕژێمی ئەسەد و یاسا تۆقێنەرەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان هەڵهاتوون بۆ ناوچە کوردییەکان.

"لێرە پەیوەندی نێوان هەموو نەتەوە و ئاینێک باشە" جیهانگیر گوتی "بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی سەر بە چ نەتەوەیەکن، خەڵکی ناوچەکە یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە هەڵدێن بۆ ئێرە".

بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆ، ناوچەی دێرک هیچ دانیشتوویەکی عەرەبی تێدا نەبوو، بەڵام ڕەنگە بەردەوامی ئەو جەنگە ئەو خەڵکانە ناچار بکات بۆ هەتاهەتایە لە ناوچەکە بمێننەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێک خەڵکی دیکەش کۆچ دەکەن. نزیکەی 30% بۆ 50%ی ئاشووری و ئەرمەنەکان ناوچەکەیان جێهێشتووە و زۆریان چوونەتە وڵاتانی ئەورووپا.

"دڵگرانین لەوەی کە مەسیحییەکان ناوچەکە جێدەهێڵن، دەمانەوێت ئەوان لێرە بمێننەوە". جیهانگیر وایگوت.

هەندێک گەڕەکی دێرک پێشتر بە تەنیا دانیشتووی مەسیحی تێدا بوو کە بە عادەت موڵکەکانیان بە خەڵکانی بێگانە نەدەفرۆشت. بەڵام ئەوانەی ئێستا ناوچەکە جێدەهێڵن خانووەکانیان بە کورد و عەرەبەکان دەفرۆشن، ئەمەش وا لە ناوچەکەیان دەکات زیاتر تێکەڵ بێت. هەمان دیاردە لە شارۆچکەکانی دیکەی نزیک ئەو ناوچەیە تێبینی دەکرێت، بۆ نموونە ناوچەی تربەسپیێ.



---



# HDP دەکەوێتە بەر هێرشی ناسیۆنالیستی توندڕەوی تورک

**ئوزەی بولوت**
**ڕووداو- ئەنقەرە**

لە گردبوونەوەیەکدا هەفتەی ڕابردوو سەدان کەس هێرشیان کردە سەر ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) و بە بەرد پەلاماری باڵەخانە و ئەو پاسەیان دا کە سەباحەت تونجەل، هاوسەرۆکی ئەو حیزبەی تێدابوو.

پەلامارەکە لەکاتی مەراسیمی کردنەوەی بنکەیەکی سەرەکیی HDPدا هات لە ئاکسەرای کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئیستەنبوڵ و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. سەرەتا چەند کەسێک هەوڵیان دا باڵەخانەکە بکەنە ئامانج و دواتر بەردیان لەو پاسە گرت کە کۆمەڵێک چالاکوانی HDP و هاوسەرۆکی پارتەکە سەباحەت تونجەلی تێدا بوو. ڕۆژێک دواتر نزیکەی 5 هەزار خۆپێشاندەر گەڕانەوە و هەوڵیان دا باڵەخانەکە داگیربکەن. لەو پێکدادانەدا لانیکەم 30 کەس بریندار بوون.

محێددین یەڵماز، سەرۆکی لقی ئاکسەرای HDP دەڵێت "ئێمە دوو ڕۆژ پێشتر ویستمان مەراسیمێک بۆ کردنەوەی بنکەکەمان ڕێکبخەین، بەڵام سەرم سوڕما کاتێک لە کەمتر لە کاژێرێکدا بینیم سەدان کەس لە بەردەم باڵەخانەکەمان کۆبوونەوە و پەلاماریان داین."

یەڵماز کە بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە دۆخی تەنگژاویی شارەکە، دەڵێت "ڕۆژێک دواتر ژمارەیان گەیشتە هەزاران کەس. ئێمە لەناو باڵەخانەی خۆماندا گیرمان خواردبوو. بۆیە بڕیارمان دا نەچینە دەرەوە."

ئەو هەروەها دەڵێت "هێزەکانی پۆلیس لە شەقامەکانی دەوروبەری باڵەخانەکەمان جێگیر کراون. ئێمە ئاگادار کراوینەتەوە کە پەلاماری گەورەتر بەڕێوەیە. پەلاماردەران لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بانگەواز دەدەن. دەڵێن دیسان کۆدەبنەوە و هەوڵدەدەن بۆردی هێماکانی ئێمە لابدەن. هیچ کام لە ئەندامانی ئێمە لە ئەماندا نین. سێ خوێندکاری زانکۆ کە دەیانویست هاوکاریمان بکەن لێیاندرا و بریندارکران."

بە قسەی یەڵماز، کێشەکان کاتێک سەریان هەڵدا کە ئەوان هەوڵیان دا باڵەخانەیەک بۆ لقی پارتەکەیان بە کرێ بگرن. ئەو دەڵێت "ئێمە لەگەڵ 18 کەس ڕێککەوتین تا ئۆفیسی خۆیانمان بدەنێ. ئێمە تەنانەت کرێکانیشمان دا، بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر ئەوان پەشیمان بوونەوە و شوێنەکانیان پێنەداین."

مانگی ڕابردوو هێرشی هاوشێوە لە کادیکۆی ئیستانبوڵ و ئورلا و لە دیکلی و کارسیاکای ئیزمیر ڕوویاندا.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، لەو شارانەدا باڵەخانە و پاسی سەر بە HDP کرانە ئامانج و نەتەوەپەرستە تورکەکان بە بەرد و دار و ئاسن پەلاماریان دان. هێرشبەران جامی ئەو پاسانەیان شکاند کە ئەندامانی HDPیان تێدا بوو و هەوڵی کوشتنیان دابوون.

HDP بەرەیەکە هەموو هێزە چەپەکان، لەوانەش پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP، لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

سەلاحەدین ئیشیک، یەکێک لە سەرکردەکانی BDP بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە HDP بەهۆی ئەوەی هێزێکی کوردییە پەلامار دەدرێت نەک لەبەرئەوەی چەپە.

ئەو دەڵێت "پێموایە پەلامارەکەی ئورلا لەلایەن پۆلیسەوە ڕێکخرابوو. هێرشبەران لەگەڵ پۆلیسدا هەماهەنگییان دەکرد. تەنانەت پارێزگار بە ناڕاستەوخۆ دانی بەوەدا نا."

سەلاحەدین هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا دەڵێت "ئەوان هاواریان دەکرد: کوردی پیس بگەڕێنەوە شارەکانی خۆتان و بمرێت کورد."

ڕووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی قانوون هۆشداری دەداتە کورد



**ڕووداو- بەغدا**

عەلی شەلا، پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون هۆشداری دەداتە کوتلە کوردستانییەکان و موتەحیدون و رایدەگەیەنێت "نیسابی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران تەواو دەکەین و ئامادەی دانیشتنەکان بن یان ئامادە نەبن، پڕۆژە یاسای بودجە تێدەپەڕێنین". ئەو پەرلەمانتارەی دەوڵەتی قانوون هیوای خواست پەرلەمانتارانی کوتلەی موتەحیدون و کوتلە کوردستانییەکان چاو بە بڕیاری نائامادەبوونیان بخشێننەوە، گوتیشی: "پێویستە لەوە تێبگەن کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەی بودجە وەک دەنگدان بوو لەسەری لەڕووی نیسابەوە".

### ئەوەندەی سلێمانی کاندیدی بۆ داناوە

# یەکگرتوو دەڵێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هیوای بە دهۆکە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بۆ هەڵبژاردنەکانی نیسانی داهاتوو (پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان) یەکگرتووی ئیسلامی هەر لە ئێستاوە دەڵێت پشتئەستوورە بە جەماوەرەکەی لە بادینان.

یەکگرتووی ئیسلامی لە ساڵی 1994 دامەزراوە و ئێستا لە دەڤەری بادینان لەدوای پارتی هێزی دووەمە. بۆیە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پشتئەستوورە بە دەنگەکانی لەو دەڤەرە، هەر بۆیەش زۆرترین کاندیدی ئەو حیزبە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە سنووری پارێزگای دهۆک دانراون.

سەباح باپیری، بەرپرسی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە بادینان دەڵێت "بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، بە پلانێکی زۆر ڕێکوپێک دەچینە نێو بانگەشەی هەڵبژاردن، بە تایبەتی لە شاری دهۆک، چونکە دهۆک بۆ یەکگرتوو زۆر گرنگە و لە هەموو هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، لەسەر ئاستی هەموو کوردستان زۆرترین دەنگی یەکگرتوو لەو پارێزگایەدا بووە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای دهۆک 14 کاندیدی داناوە کە ئەو پارێزگایە 620 هەزار دەنگدەری هەیە. لە سلێمانیش 14 کاندیدی داناوە، لە کاتێکدا ژمارەی دەنگدەرانی لەو پارێزگایە دوو ئەوەندەی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای دهۆکە. بەڵام بۆ هەولێر 9 کاندیدی داناوە کە نزیکەی ملیۆنێک دەنگدەری هەیە و بۆ سنووری پارێزگای کەرکووکیش 6 کاندیدی هەیە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، یەکگرتوو بۆ دهۆک 39 کاندیدی داناوە، بۆ سلێمانی 38 کاندید و بۆ هەولێریش 31 کاندیدی داناوە.

سەباح باپیری، بەرپرسی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان دەڵێت "لە هەموو کۆبوونەوەکانی یەکگرتوودا، بە تایبەتی ئەو کۆبوونەوانەی لە ئاستی بەرزدا دەکرێت، هەموو کاتێک باسی دهۆک دەکرێت، هەروەها لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەرزترین ڕێژەی دەنگدان لە پارێزگای دهۆکە کە لە هەڵبژاردنی رابردوو 12.8%ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێنا. لە کاتێکدا لە پارێزگای سلێمانی 10% و لە هەولێریش 6%ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو".

بەپێی ئامارەکانی چەند هەڵبژاردنی رابردوو، یەکگرتوو لە بادینان ڕێژەی دەنگەکانی نەگۆڕە و نزیکەی 60 هەزار دەنگ بەدەست دەهێنێت.

باپیری دەڵێت "دەنگی یەکگرتوو لە بادینان دەنگی خۆیەتی و بەردەوام لە گەشەداین، لەبەر ئەوە ئێمە کاندیدی زۆرمان بۆ دهۆک دەستنیشان کردووە، هەتا ئێستا تەنیا ئێمە توانیومانە ڕکابەرێتی پارتی بکەین لەبادینان، لەوەتەی هەین هێزی دووەمین لە بادینان".

د.سالم جاسم، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی دهۆک سەبارەت بە پێگە و نفوزی یەکگرتوو لە دهۆک گوتی "لەبەر ئەوەی یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامییە، لەسەر ئاستی کوردستان خەڵکی بادینان زیاتر لە هەموو خەڵکی دیکە پەیوەستن بە دینەوە، لەبەر ئەوە هەتا ئێستا توانیویانە خۆیان رابگرن".

بەپێی قسەی ئەو مامۆستایە، یەکێتی و گۆڕان پێگەیەکی وا بەهێزیان نییە لە بادینان و دەڵێت "ئەو دەنگەی یەکێتی و گۆڕان لە بادینان دەیهێنن دەنگی ئەو خەڵکەیە کە ناڕازین، بۆیە بەردەوام دەنگیان لە هەڵکشان و داکشاندایە، بەڵام یەکگرتوو پێگەیەکی جێگیری هەیە لە دهۆک".

یەکگرتووی ئیسلامی لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا 59 هەزار دەنگی لە پارێزگای دهۆک بەدەستهێنا و توانی سێ لە کاندیدەکانی بگەیەنێتە پەرلەمان.

سەبارەت بە دانانی 14 کاندید بۆ دهۆک و کاریگەریی لەسەر پارتی د.جاسم دەڵێت "ئەوە هیچ مەترسی لەسەر پارتی نییە، ڕاستە یەکگرتوو ژمارەی کاندیدەکانی زیاد کردووە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی رابردوو، بەڵام زۆر لە هاوکێشەی دەنگەکان ناگۆڕێت. چونکە پارتیش وەک یەکگرتوو قاعیدەیەکی بەهێز و دەنگدەرێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ڕەنگە بتوانێت ژمارەیەک لە دەنگەکانی خۆی زیاد بکات".

ڕۆژنامەنووسێکی یەکگرتوو لە بادینان پێشبینی دەکات ئەمجارە یەکگرتوو ژمارەی دەنگەکانی لە دهۆک زۆر زیاد بکات و دەڵێت "یەکگرتوو پێش 1990 قاعیدەی لە بادینان هەبوو، لەبەر ئەوە هەر لەسەرەتاوە گەشەی کردووە و ئێستاش سەنگی خۆی لە هەموو هەڵبژاردنەکان دەپارێزێت". ئیبراهیم دێرگژنیکی ڕۆژنامەنووسی دیاری ئەو حیزبە لە بادینان گوتی "یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامییە، خەڵکی بادینانیش پەیوەستن بە ئاین و مەسەلەی جڤاکیش، لەبەر ئەوە یەکگرتوو لە بادینان هەر لە گەشەدا دەبێت".

بەڵام خالید دۆسکی، کارگێڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە کاریگەریی زیادکردنی کاندیدەکانی یەکگرتوو لەسەر دەنگی پارتی گوتی "باوەڕ ناکەم یەکگرتوو بتوانێت بە زیادکردنی کاندیدەکان دەنگەکانی خۆی لە بادینان زیاد بکات". گوتیشی "ڕاستە یەکگرتوو وجودی هەیە لە بادینان، بەڵام هیچ مەترسییەکی لەسەر پارتی نییە".



### بەرپرسی مەڵبەندی سێی یەکگرتوو:

**تەنیا ئێمە دەتوانین لە بادینان کێبڕکێی پارتی بکەین**

### مامۆستایەکی زانکۆ:

**پشتبەستن بە ئاین لە بادینان وای کردووە یەکگرتوو خۆی رابگرێت**

### بەرپرسێکی پارتی:

**یەکگرتوو لە بادینان بەهێزە، بەڵام مەترسی لەسەر پارتی نییە**

# گۆڕان یەکلایی نەبووەتەوە بچێتە ناو حکومەتی بەغدا

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن، هێشتا ساخ نەبوونەتەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ دەچنە ناو حکومەتی داهاتووی بەغدا یان نا، بەرپرسێکی ئەو بزووتنەوەیە پێیوایە ئەوە بەستراوە بە چارەنووسی دوو پرسەوە "ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن پێکدەهێنرێ، ئایا حکومەتی داهاتووی عێراق لەسەر بنەمای زۆرینە دەبێ، یان تەوافوق".

شەماڵ عەبدولوەفا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت ئەوان 4 ساڵ لەمەوبەر ویستیان بچنە ناو حکومەتەوە لە بەغدا، بەڵام نەیانهێشت و کێشەیان بۆ دروستکردن.

شەماڵ عەبدولوەفا، بەشداریی نەکردنی گۆڕان لە حکومەتی بەغدا بۆ "ڕێگری" پارتی و یەکێتی دەگێڕێتەوە "نازانم پێیان ناخۆشبوو بچینە حکومەتەوە یان مەبەستیان چی بوو لەوە، بەڵام هۆیەکە ئەوان بوون".

چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێک هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کۆتاییان هات و پارتە سیاسییەکان کەوتنە خۆیان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی، ئەو دەمیش پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە دۆخێکی باشدا نەبوو. کورد جگە لە فراکسیۆنی گۆڕان، ئیئتیلافێکیان پێکهێنا و دواتریش ئەو پشکانەی بەر کورد کەوتبوون، بەسەر لایەنەکانی نێو ئیئتیلافەکەدا دابەشکران. وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان بۆ پارتی. وەزیری تەندروستی و بازرگانی بۆ یەکێتی، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانیش بۆ یەکگرتوو. کۆمەڵی ئیسلامیش وەزیرێکی دەوڵەتی بەرکەوت، بەڵام لەگەڵ بچووککردنەوەی کابینەکەی مالیکی، ئەو وەزیرە نەما.

بزووتنەوەی گۆڕان ئەوکات داوای کرد بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن پۆستیان بدرێتێ، بەڵام وەک خۆیان گوتیان پارتی و یەکێتی ڕێگر بوون و ڕازی نەبوون لە ڕێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە پۆستەکانی خۆیان وەربگرن لە بەغدا.

شەماڵ عەبدولوەفا، پێیوایە کورد لە 4 ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە سوودێکی ئەوتۆ لەو پۆستانەی بەغدا وەربگرێ کە بەدەستییەوە بوون. هێما بۆ بوونی ئەو کێشە زۆرانەش دەکات کە لە نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. لەبارەی گۆڕانیشەوە دەڵێ "8 کورسیمان هەبووە لە پەرلەمانی عێراق، وەک ئۆپۆزیسیۆن کاری خۆمان کردووە و بۆ هەر پرسێک هەڵوێستی خۆمان هەبووە، بەڵام لەڕاستیدا لەنێو پەرلەمانی عێراقدا فراکسیۆنێکی 8 کورسی کاریگەریی زۆری نابێ".

بەبۆچوونی ئەو، بزووتنەوەی گۆڕان بچێتە ناو حکومەتەوە باشترە لەوەی ئۆپۆزیسیۆن بێ. گوتیشی "ئەگەر وابکەن لە هەر پرسێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی خۆمان دەبێ و بەشداریی ڕاستەقینەمان دەوێ، وەک چۆن لە هەرێمی کوردستانیش گۆڕان هەمان بۆچوونی هەیە".

بانگەشەی هەڵبژاردنی 2013/9/21 بە دروشمێکی نوێ دەستپێکرد بۆ بزووتنەوە نیللییەکە، کاتێک نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "بەرەو دەسەڵات". بەڵام ئایا لە مانگی نیسان کاتێک بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات، بەهەمان دروشم و گوتاری بانگەشەوە دەستپێدەکەن، یان حیزبە کوردییەکان بۆ گەیشتنە کورسییەکانی بەغدا، بە شکاندنی ئیسقانی یەکدی لەماوەی مانگێکدا بانگەشە گەرم دەکەن.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان بەرچاوی ڕوون نییە هاوکێشە سیاسییەکانی دوای هەڵبژاردن چۆن دەبن "گۆڕان یەکلانەبووەتەوە، هەرکات هەڵبژاردن کۆتایی هات گۆڕان بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێ کە بوونە کۆسپ لەبەردەم بزووتنەوەکەیان بۆ بەشداریکردن لەو حکومەتەی ئێستای بەغدا و دەڵێ "ئێمە دەمانویست بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی خۆمان بچینە ناو حکومەتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەیویست لە ڕێگەی ئەوەوە پۆستەکانمان داوا بکەین، بەڵام ئێمە بەوە ڕازی نەبووین".

هەرچەندە دەڵێ ئەمجارە گۆڕان ژمارەی کورسییەکانی لە بەغدا زیاتر دەبن، باسی ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆیان دەکات ئەگەر بچنە ناو حکومەتەوە و دەڵێ "بێگومان یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی حکومەت و وەزیرێکی دەوڵەت و 2 وەزارەتمان بەردەکەوێ، بەڵام وەک گوتم هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری کۆتایی نەداوە".

ئەو بەرپرسانەی بزووتنەوەی گۆڕان کە قسەیان بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کردووە، باس لەوە دەکەن ئاخۆ لە هەرێمی کوردستان حکومەتی بنکە فراوان پێکدەهێنرێ و بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی قەبارە و قورسایی خۆی بەشداریی ڕاستەقینەی حکومەت دەکات "ئەگەر بەو شێوەیە بێ، ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئەوەی بەغداش هەبێ بۆ بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت".

محەممەد کیانی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان هەرچەندە دەڵێ زووە باسی بەشداریکردنی گۆڕان بکرێ لە حکومەتی بەغدا، بەڵام گوتیشی "ئایا حکومەتی زۆرینە دروستدەکرێ یان بنکە فراوانی نیشتمانی، هەرچەندە بەشێک لە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە حکومەتی زۆرینە دروستبکرێ. ئەی ئایا کورد وەک جاران بەشداریی دەکات یان نا".

ئەوەی بەلای محەممەد کیانییەوە گرنگە بۆ ئەوەی گۆڕان کاری لەسەر بکات لە بەغدا "دانانی بەرنامەیەکی چڕوپڕ"ە بۆ ئەوەی بە بەرنامەوە باسی چوونە ناو حکومەت بکات "هەر لایەنێک بەرنامەی باشی نەبێ بۆ چوونە ناو حکومەت، سوودی لێ نابینێ و کاری باشی پێناکرێ".



فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان

### لە ترسی ئاشکرابوونی سەرچاوەی داهاتیان

# حیزبەکانی عێراق نایانەوێت "پرۆژە یاسای حیزبەکان" بچێتە پەرلەمان

**ئەندامێکی لیژنەی یاسایی:**

**پارتە سیاسییەکان نە دەیانەوێ داهاتیان چاودێری بکرێت و نە سەرچاوەی داهاتیان ئاشکرا بکرێ**

**پەرلەمانتارێکی کورد:**

**مەحاڵە ئەو پرۆژە یاسایە پەسەند بکرێت، چونکە ناکۆکی سیاسی لەسەرە**



**عادل فاخر**
**ڕووداو- بەغدا**

پەرلەمانتاران و توێژەران و هاووڵاتیان دەڵێن ئەو پرۆژە یاسایەی لەساڵی 2004ەوە پێشنیازکراوە بۆ ڕێکخستنی کاروچالاکی پارتە سیاسییەکانی عێراق، وەلانراوە و نەبوونی یاسایەکی لەو جۆرەش ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەهەدەردانی پارەی وڵات لەلایەن ئەو پارتانە.

بە گوتەی هەندێک چاودێر و پەرلەمانتار، پرۆژە یاسای پارتە سیاسییەکان لە عێراق یەکێکە لەو پرۆژە یاسایانەی کە زۆرترین ناکۆکی لەسەرە، ئەوەش لەبەر پەرەگرافێکی ناو پرۆژە یاساکە کە دەڵێ "دەبێت سەرچاوەی دارایی پارتە سیاسییەکان ڕێکبخرێ و شەفافیەتی تێدابێت".

عالیە نوسێف، پەرلەمانتار لە کوتلەی عێراقیەی ئازاد گوتی "ئەوەی پارتە سیاسییەکان زیاتر لێی دەترسن ئاشکراکردنی سەرچاوەی داراییانە". هەروەها گوتی "کاندیدەکانی پارتە سیاسییە جیاوازەکان هەر لە ئێستاوە دەستیان داوەتە خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی مانگی نیسانی ئەمساڵ".

بەبڕوای ئەو ژنە پەرلەمانتارە، ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە پارەیەکی زۆری حکومەت "لەڕێگەی گەندەڵییەوە" بەهەدەر دراوە، یان لە هێزە دەرەکییەکانەوە وەرگیراوە.

ئەو گوتیشی "ئەمڕۆ ئاشکرا بووە کە خەڵکی سیاسی هەیە بودجەی دەوڵەت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێ و چەندین گرووپی مافیا لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن".

دوای تێپەڕبوونی 11 ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، نوێنەری هەندێک پارتی سیاسی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە گوایە دارشتنی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان پەلەی تێداکراوە و دەبێت گۆڕانکاری تێدابکرێت بەر لەوەی لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

حەمید ئەلفەیسەلی، توێژەری سیاسی، کۆکە لەسەر ئەوەی وابەستەکردنی پارتە سیاسییەکان بە لیژنەیەکەوە کە چاودێری و بەدواداچوون بکات لەسەر سەرچاوەی داراییان زیاتر ئەو پارتانە دەترسێنێ لەوەی بڕێکی زۆر پارەیان هەیە و ئامادەنین سەرچاوەکانیان ئاشکرا بکەن.

گوتیشی، بەپێی یاسا تازەکە، زۆر لە پارتە سیاسییەکان پەسەند ناکرێن. هەر ئەمەش وای لەو پارتانە کردووە بۆ ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ بیانەوێ لەسەر ئەو یاسا کۆنەکە بڕۆن.

فەیسەڵ گوتی بوونی یاسایەکی گونجاو مانای قەدەغەکردنی ئەم پارتانە و دەستگرتن بەسەر موڵکەکانیان دێت. ئەم پارتە سیاسیانە نایانەوێ پرۆژە یاساکە تێپەڕێنرێ و بەربەرستی بۆ دروست دەکەن. گوتیشی "بەبێ بوونی یاسایەکی لەو جۆرە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد مەحاڵە".

سەرەڕای ململانێ و ناکۆکییەکی سەخت لە نێوان پارتە سیاسییەکان، وادەردەکەوێ کە هەموویان کۆک بن لە دژی پرۆژە یاساکە بەو شێوازەی ئێستای.

ئەحمەد عەقیلی، تەمەن 30 ساڵ، گوتی وەک دەنگدەرێک ناتوانم پارتێکی سیاسی هەڵبژێرم کە مێژوویەکی ڕوون و ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو و سەرچاوەیەکی دارایی ئاشکرای نەبێت.

گەندەڵی دارایی و ئیداری و کێشەی ئاسایش و پێشنەکەوتنی ئابووری لە گرنگترین خەمەکانی خەڵکی عێراقن. عەقیلی دەڵێت "ئەم دەستکەوتانە چۆن بەدیدێن لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکان خۆیان تاوانبار دەکرێن بە وەرگرتنی بودجە لە دەرەوەی وڵات؟".

هەر لەوبارەوە عادل عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان گوتی، زۆر لە پارتە سیاسییەکان نایانەوێ چالاکییەکانیان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە چاودێری بکرێت. هەروەها نایانەوێ ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە لەکاتی پێشێلکردنی یاسادا. گەورەترین کارەسات ئەو ڕاستییەیە کە پارتە سیاسییەکان نە دەیانەوێ داهاتی داراییان چاودێری بکرێت و نە دەیانەوێ سەرچاوەی ئەو داهاتانە ئاشکرا بکرێ تا بزانرێ یاسایین یان نا.

ئەو گوتی لەڕووی یاساییەوە هیچ کێشەیەک نییە سەبارەت بە یاسای پارتە سیاسییەکان "بەڵام ناکۆکی سیاسی هەیە کە بووەتە بەربەست لەبەردەم پەسەندکردنی یاساکەدا". هەروەها گوتی "پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە چ لە پەرلەمانی ئێستا و چ لە پەرلەمانی داهاتوو مەحاڵە".

سەحەر عەبدولڕەحمان، 40 ساڵ، کە مامۆستای قوتابخانەیە گوتی، بەبێ یاسایەکی لەو جۆرە هیچ هیوایەک نییە بۆ دروستبوونی حکومەتێکی بەهێز لە عێراقدا، کە جەنگی تایفی تێیدا لە هەڵکشاندایە لەو کاتەوەی سوپای ئەمریکا عێراقی جێهێشتووە لە ساڵی 2011دا.

سەحەر گوتیشی حکومەت لە توانایدا نابێت زاڵ بێت بەسەر کێشەکاندا، بۆیە کێشەکانی دەگوازێتەوە بۆ حکومەتی داهاتوو.

# "نیمچەکراوە" پێگەی هەڵەبجەی لەناو پەرلەمان لاواز کرد


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە خولی نوێی پەرلەمانی کوردستاندا ژمارە نوێنەرە هەڵەبجەییەکان کەمتر بووەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە حیزبەکان وەک هەڵبژاردنەکانی پێشتر ئازاد نەبوون لەوەی خۆیان کاندیدەکان بنێرنە پەرلەمان.

براوەی دیاری ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان کە لە 2009/7/25 ئەنجامدرا، هەڵەبجە بوو. چونکە 14 کورسی پەرلەمان کەوتە دەست هەڵەبجەییەکان و بەمەش توانییان ڕیکۆرد بشکێنن لە مێژووی دروستبوونی پەرلەمانی کوردستاندا لە ڕووی زۆریی ژمارەوە، بەڵام هەڵبژاردنی 4 ساڵی دواتر کە لە 2013/9/21 ئەنجام درا، ژمارەکەی ئەوانی کەمکردەوە بۆ نیوەی ژمارەی خولی رابردوو.

مەولود باوەمراد، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە خولی چوارەمی پەرلەمان کە خۆیشی هەڵەبجەییە، باس لەو هۆکارانە دەکات کە بوونەتە هۆی ئەوەی ژمارەی پەرلەمانتارە هەڵەبجەییەکان کەم ببنەوە. ئەو دەڵێت جگە لەوەی کێشەی لیستی نیمچەکراوە هەبوو "ئێمە وەک یەکگرتوو هەڵەیەکیشمان کرد، چونکە لەناو هەڵەبجە 7 کاندیدمان دانابوو، ئەوەش بووە هۆی پەرشوبڵاوبوونی دەنگەکانمان".

مەولود باوەمراد دەڵێ بەهۆی پەرش و بڵاوبوونەوەی دەنگەکانیان لەو ناوچەیە بۆ خۆیشی باجەکەی داوە "خۆم بە هەزار حاڵ دەنگی گەڕەکەکەی خۆمانم بەدەستهێنا، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنەکە وەک خولی سێیەم نەبوو".

هەر لە خولی سێیەمدا لە دوای هەڵەبجە، ناوچەی گەرمیان (کەلار، کفری و چەمچەماڵ) زۆرترین نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبوو. بەبڕوای بەشێک لە پەرلەمانتاران ئەوان بۆ ناوچەگەرێتی ناچنە پەرلەمان. کەمی و زۆریی ژمارەی ئەوان کاریگەری لەسەر ئەوە نابێ کە بەرگری لە ناوچەیەک بکەن ئەگەر پێویستی بە خزمەتگوزاری هەبێ.

خەلەف ئەحمەد شاتوانی، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز کە خەڵکی سەیدسادقە و شارۆچکەکەی لەڕووی ئیدارییەوە لەسەر هەڵەبجە ئەژمار دەکرێ، دەڵێ "هیچ کاندیدێکی یەکێتی لە هەڵەبجە دەرنەچوون، بەڵام یەکێتی هەمیشە کار بۆ ئەو شارۆچکەیە دەکات".

لە خولی پێشوودا، هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بوو، حیزبەکان بەگوێرەی دەنگەکانیان پاڵێوراوانی خۆیان دەنارده نێو پەرلەمانەوە، هەر بۆیە لەو هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو حیزبانەی زیاتر لە 2 کورسییان بەدەستهێنابوو، بەبێ هەڵەبجە نەچوونە پەرلەمانەوە.

فازڵ بەشارەتی، ئەندامی پارتی لە خولی سێیەمی پەرلەمان دەڵێت هەموو ئەو هەڵەبجەییانەی لەنێو فراکسیۆنە جیاوازەکاندا بوون، کاتێک قسە دەهاتە سەر پرسی خزمەتگوزاری بۆ هەڵەبجە "هەموو بەبێ جیاوازی سیاسی و ئینتیمای حیزبی بەیەکەوە کارمان دەکرد".

خولی رابردوو لەناو فراکسیۆنی کوردستانیدا 5 پەرلەمانتار، 4 ئەندامی فراکسیۆنە شەش کەسییەکەی یەکگرتووی ئیسلامی، 2 ئەندامی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان، هەردوو ئەندامەکەی فراکسیۆنی سۆشیالیست و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی هەڵەبجەیی بوون. بەمەش ژمارەی پەرلەمانتارە هەڵەبجەییەکان لەو خولەدا بووە 14 ئەندام کە زیاتر لە 10%ی ئەندامانی پەرلەمانی دەکرد، بەڵام لەم خولەدا تەنیا 7 پەرلەمانتار هەڵەبجەیین.

لە فراکسیۆنی گۆڕان، 2 کەسی هەڵەبجەیی بوونەتەوە ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمان، بەڵام عومەر عینایەت کە یەکێکە لەوانە، لەسەر حیسابی پارێزگای سلێمانی کاندید کرابوو "ئەمجارە هەموو لیستەکان لە هەڵەبجە کاندیدیان زۆر دانابوو، ئەوەش وایکرد کە خەڵکی کەم لەو ناوچەیە بچێتە پەرلەمانەوە". عومەر عینایەت هەروەها دەڵێ "بەشێک لەوانەش کە ئێستا وەک هەڵەبجەیی لەناو پەرلەمان حیساب دەکرێن، لە دەرەوەی هەڵەبجە لەلایەن حیزبەکانەوە دانراون و ژمارەیەکی کەم پەرلەمانتاران لەناو هەڵەبجە بە دەنگی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەرچوون".

هەڵەبجە لە کارنامەی سیاسی حیزبەکانی کوردستاندا ئامادەگییەکی گەورەی هەیە و تەنانەت کاتێک دەشزانن کە بەشێکی زۆر کەمی دەنگدەرانیان لەو شارۆچکەیە دادەنیشن، بەڵام لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەشێک لە بەڵێنەکانیان تەرخان دەکەن بۆ ئاوڕدانەوە لە هەڵەبجە.

سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە مادام ئەمجارە حیزبەکان نەیانتوانی پەرلەمانتار دابمەزرێنن، هەڵەبجەییەکانیش کەم بوونەوە لە پەرلەمان "چونکە کاندید لە هەڵبژاردنی نیمچەکراوەدا بە دەنگی خەڵک دەردەچێ". ناوبراو هەروەها دەڵێ "ئێمە لە هەڵەبجە 2 ئەندامی سەرکردایەتیمان کاندید بوون و دەرنەچوون، تەنانەت مەلا هەورامان کە خەڵکی هەڵەبجەیە، تەنیا 800 دەنگی لەو ناوچەیە بەدەستهێناوە و دەنگەکانی دیکەی هی سلێمانی و ناوچەکانی دیکەیە".

سۆران عومەر لایەنێکی ئەرێنی لیستی نیمچە کراوە لەوەدا دەبینێ کە ئیدی خەڵک لە دەنگداندا ناوچەگەرێتی ناکەن "کۆمەڵی ئیسلامی لە قەرەداخ تەنیا ڕێکخراوێکیشی نییە، بەڵام من کە قەرەداخیم دەرچووم، مامۆستا فەخرەدین خەڵکی پێنجوێنە و لە پێنجوێن لەوانەیە 100 دەنگی هێنابێ".

بەڵام نووری حەمە عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان وای نابینێ کە ژمارەی پەرلەمانتارە هەڵەبجەییەکان کەم بوویبێتەوە "ئەگەر بەراوردی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بکەیت، هێشتا ژمارەیەکی زۆر هەڵەبجەیی لە پەرلەمانن". ناوبراو گوتیشی ئەگەر مەبەست لە زۆریی هەڵەبجەییەکان ئەوەبێ کە پێویستە بەرگری لەو شارە بکەن "هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان هەڵەبجە بە شاری خۆی دەزانێ و بەرگری لێدەکات".

## تانەر یلدز: 1.35 ملیۆن بەرمیل نەوتی کوردستان لە تورکیایە



**ڕووداو- ئەنقەرە**

تانەر یەلدز، وەزیری وزەی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی "تەرەتە هەبەر" بڕی نەوتی هەرێمی کوردستانی لە ئەمبارەکانی تورکیا ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند "ئێستا لە گەنجینەکانی بەندەری جیهاندا کە توانای ئەمبارکردنی 2.5 ملیۆن بەرمیلی هەیە، 1.35 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە" گوتیشی "لەو باوەڕەدام لە هەفتەی داهاتوودا بگاتە 1.5 ملیۆن بەرمیل، ئەمەش دەکاتە نزیکەی 250 تاوەکو 350 ملیۆن دۆلار".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

### هەڕەشەی ڕاگرتنی پڕۆژەکانیان دەکەن

# 750 ملیار دیناری بەڵێندەران لەلای حکومەتە

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی نەبوونی بودجە بەشێک لە پڕۆژەکان لە هەرێمی کوردستان بە قەرز بەڕێوەدەچن و بەشێکی دیکەشیان لەلایەن بەڵێندەرانەوە ڕاگیراون. بەرپرسێکی یەکێتی بەڵێندەران دەڵێت قەرزێکی زۆریان لەلای حکومەتە کە نزیکەی 750 ملیار دینار دەبێت.

بەڵێندەران دەڵێن سەرەڕای نەبوونی بودجە و پێنەدانی سولفە بە بەڵێندەران، کەچی تەواوی ڕۆژەکانیان لەسەر ئەژمار کراوە و هیچ لێخۆشبوونێکی گومرگیشیان بۆ نەکراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی دەڵێت پێمانگوتوون داواکارییەکانیان بنووسن بەڵکو ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزینەوە.

یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان 3028 ئەندامیان هەیە (1346 لە هەولێر، 1046 لە سلێمانی، 600 بەڵێندەر لە دهۆک و 36 بەڵێندەریش لە گەرمیان).

بەشار عەلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی لقی هەولێری یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێت "جگە لەم بەڵێندەرانەی کە لای ئێمە ئەندامن، بەڵێندەری دیکەش هەن کە ئەندام نین و کاردەکەن". بەشار دەشڵێت "نیوەی ئەو بەڵێندەرانە ئێستا کاریان بەدەستەوەیە و پڕۆژە حکومیەکانیان وەرگرتووە کە لە بودجەی بەکارخستن بڕیاریان لەسەر دراوە".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی بەڵێندەران، هەر بەڵێندەرێک پڕۆژەی لە حکومەت وەرگرتبێت، بەلانیکەم 500 ملیۆن دیناری لەلای حکومەتە و وەرینەگرتووە "تەنانەت بەڵێندەر هەیە 20 ملیار دیناری لەلای حکومەتە".

بەپێی قسەی بەشار عەلی، ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی 1500 بەڵێندەر کار دەکەن کە هەریەکەیان 500 ملیۆن دیناری لەلای حکومەتە، بەمەش حکومەت 750 ملیار دینار قەرزداری بەڵێندەرانە.



فۆتۆ: سیروان عەزیز

### پڕۆژەکان بە قەرز بەڕێوەدەچن

بەشار عەلی کە خۆی ئێستا 4 پڕۆژەی بەبڕی 5 ملیار و 233 ملیۆن دینار وەرگرتووە، دەڵێت 4 پڕۆژەیان تەواو بووە و پڕۆژەیەکیشیان 45%ی تەواو بووە، بەڵام تەنیا ملیارێک و 256 ملیۆن دیناری وەرگرتووە.

بەشار دەڵێت "بەڵێندەران ناتوانن بەپارەی خۆیان پڕۆژەکان بەڕێوەببەن، بەڵکو کەرەستە لای کەسێک یاخود چەند کەسێک دێنن بە قەرز، کاتێک سولفەی ئیشەکەیان پێدرا قەرزەکان دەدەنەوە". گوتیشی "ئەمساڵ هیچ پارەیەکمان لە حکومەت وەرنەگرتووە، پارەکانمان بە تەواوی لە پڕۆژەکاندا خەرج کردووە و پارەیەکی زۆریشمان قەرز کردووە، بە گشتی تەواوی بەڵێندەران لەم بارودۆخەدا زەرەرمەند بوون و پڕۆژەکانیش بە سستی بەڕێوەدەچن".

پێنەدانی سولفە بە بەڵێندەران کێشەی کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. وەک بەشار گوتی "بەڵێندەر هاتووەتە لامان هەڕەشەی لێکراوە، هەندێک بەڵێندەر تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی بوونە لە ئەنجامی بێ پارەیی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سومعەی بەڵێندەر بشکێ لەکاتێکدا خەتای بەڵێندەر نییە".

بەشار دەڵێت "بەڵێندەر قەرزاری کۆگاکانی کەرەستەیە، خاوەن کۆگاکان قەرزاری کرێکارانن، کرێکاران قەرزاری بازاڕن".

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) چەندین بەڵێندەر بەهۆی وەرنەگرتنی سولفەوە کەوتوونەتە ژێر باری قەرز.

سەفەر حەسەن، بەڵێندەرێکی شاری هەولێر، 6 پڕۆژەی لە حکومەت وەرگرتووە بە بڕی 12 ملیار دینار و 5 پڕۆژەیان 90% تەواوبوون، پڕۆژەی شەشەمیش 70%ی تەواو بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا 6 ملیار دیناری وەرگرتووە. سەفەر دەڵێت "پێشتر قەرزم بە هاوڕێ بەڵێندەرەکانم دەدا، بەڵام ئێستا خۆم قەرزارم".

سەفەر کە بێجگە لەوەی کاری بازرگانیی بۆڕی دەکات، دەڵێت بە بڕی ملیارێک و 463 ملیۆن دینار بۆڕیم بە قەرز داوەتە بەڵێندەران و ئەوانیش نییانە بیدەنەوە، گوتیشی "وەک بەڵێندەران دەتوانین تاوەکو 20 ڕۆژی دیکە ڕابوەستین، لەبەرئەوەی پارەمان بەدەستەوە نەماوە ناچار دەبین پڕۆژەکان ڕابگرین".

سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی سولفەی بەڵێندەران سەرۆ دزەیی، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەر دوای ئەو قەیرانە بەڵێندەرەکانی خۆمان کۆکردەوە و پێمانگوتن ئێستا ئەو کێشەیە هەیە و دەشزانین کە بەغدا حکومەتی قەیرانەکانە، ئێمە لەو دانیشتنەدا بەڵێنمان دا بوەستین و چاوەڕوانی هاتنی بودجە بین، بەڵام تاوەکو ماوەیەک دەتوانین بوەستین، چونکە کێشەکان زیاد دەبن ئەگەر سولفە نەدرێتە بەڵێندەر، چونکە بەڵێندەران بەشێکی کارەکانیان بە قەرز ڕایی دەکەن".

وەک سەرۆ دزەیی ئاماژەی پێدا، لەگەڵ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بریکاری وەزارەتی دارایی و پارێزگاری هەولێر دانیشتوون و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە بەڵێنی چارەسەرکردنی گرفتەکەیان داوە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، لە سایتی وەزارەت بڵاویان کردووەتەوە کە داوایان لە بەڵێندەران کردووە داواکاری خۆیان بنووسن تاوەکو ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزنەوە. دزەییش دەڵێت "بەڵێنمان پێدراوە کە ئەو داواکارییانەی هەمانبووە لە هەفتەی داهاتوو بڕیاری لەسەر بدرێت، بریکاری وەزارەتی دارایی پێیگوتین ئەگەر لەگەڵ بەغداش نەگەیشتینە ڕێککەوتن، خۆمان سولفەی بەڵێندەران دەدەین".

#### داواکاریی بەڵێندەران:

1- لە 2013/12/1 ەوە کات لەسەر بەڵێندەر ئەژمار نەکرێت، چونکە بەهۆی بێ پارەییەوە بەشێک لە پڕۆژەکان تەواو نەبوونە.

2- ئەو پڕۆژانەی لە 2013/9/1 مۆڵەتیان وەرگرتووە لە باجی دەرامەت ببەخشرێن.

3- ئەگەر پارەیەکی کەمیش بێت بدرێتە بەڵێندەران، چونکە تاوەکو ئێستا لەلایەن حکومەتەوە پڕۆژەکان بەردەوامن و ڕانەگیراون و ڕۆژەکان لەسەر ئێمە ئەژمار دەکرێن.

4- چەکی بەڵێندەران لە حکومەت بکرێتەوە، چونکە ئەو پارەیەی بەڵێندەر لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا خەرجی کردووە تەنیا پارەی خۆی نییە و بەشێکی قەرزە، ئەم چەکە بۆ ئەوە بێت کە بەڵێندەر لە حکومەت وەریبگرێت و بیداتە خاوەن قەرزەکە بۆ ئەوەی خاوەن قەرزەکان قەرزیان لای حکومەت بێت.

### عەزام عەلوەش، پسپۆڕی بواری زۆنگاوەکانی عێراق:

# کوردستان ئاویش لە عێراق بگرێتەوە ناچارە دواتر بەریداتەوە



فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

نووسەر و توێژەرێکی ئەمریکی بەرەگەز عێراقی کە سەرقاڵە بە توێژینەوە لەبارەی ئایندەی ئاو لە عێراق و زۆنگاوەکانی باشوور، هۆشداری دەداتە سەرکردە عێراقییەکان کە ئەو پێیوایە "نەوت هەموو شتێکی لەبیر بردوونەتەوە".

د.عەزام عەلوەش، ماوەی 20 ساڵە لە بواری ئەندازیاریی مەدەنی کاردەکات و لە ئەمریکا ژیاوە. دوای پرۆسەی ئازادی گەڕایەوە عێراق. وەک خۆی دەڵێ کاتێک لە بەغدا، بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆکی وەزیرانی ئەوکاتی عێراقی بینی، لەسەر داخوازیی ئەو نەگەڕایەوە بۆ ئەمریکا "د.بەرهەم پێیگوتم عێراق پێویستی بە توانای عێراقییەکان هەیە و ئێمە کار لە بینای زانکۆی ئەمریکیدا دەکەین".

ئەو توێژەرە دەڵێ ساڵی 2006 کە هاتووەتە هەرێمی کوردستان، بە قووڵی لە ژینگەی عێراق ڕاماوە و تێگەیشتووە لەوەی دەبێ لە هەرێمی کوردستانەوە دەستپێبکات، بەڵام ئێستا ناتوانێ ڕەشبینی خۆی بشارێتەوە لەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە "ئەگەر کێشەکانی وشک هەڵاتن و کەمئاوی چارەسەر نەکرێ، دەبێ چاوەڕوانی جەنگ بین لەسەر ئاو".

عەزام عەلوەش، واتێدەگات یەکێک لە نەگبەتییانەی بەرۆکی عێراقی گرتووە، ئەوەیە کە سەرکردەکانی لە بایەخی ئاو تێناگەن و هەموو ڕوویان لە نەوتە "نەوت نە دەخورێتەوە و نەهیچ، ئەوە ئاوە بۆ ژیان پێویستە و بۆ خواردنەوەو خواردن بەکاردێت نەک نەوت، بەداخەوە بەرپرسانی عێراق سەرقاڵن بە نەوتەوە و گرنگی بە کێشەی ئاو و قەبارەکەی نادەن".

بەبڕوای ئەو، مادام تاوەکو ئێستا لە عێراقدا پلانێک نییە بۆ ئاو "چارەنووسی ئەو وڵاتە دیار نییە". ئینجا باسی ئەو شەڕە نوێیە دەکات کە وڵاتانی دراوسێ بە دروستکردنی بەنداوی زەبەلاح دەستیانپێکردووە و دەڵێ ڕووبەری ناوچە کشتوکاڵییەکان لە تورکیا زیاد دەکات، تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ڕێگەی سۆمەرییە کۆنەکان بەکاردێنن لە بواری ئاودێری کە ئەو ڕێگەیە بۆ پێش سەردەمی بەنداو باش بوو، بەڵام بۆ ئێستا کێشەی گەورەمان بۆ دروستدەکات، بەتایبەتی لەناوچەکانی باشوور، وەک کێشەی بە بیابانبوون و بە خوێبوونی خاکەکە".

> لە عێراق نرخی ئاو دوو هێندەی بەنزین گرانە

> بەداخەوە نەوت ئاوی لە بیری سەرکردە عێراقییەکان بردووەتەوە

### "ئاو لە بەنزین گرانترە"

لە نێو میدیای عێراقیدا، ئاسایش و نەوت و داعش و هەڵبژاردن هەموو شتێکیان لەپشتی خۆیانەوە ونکردووە. عەلوەش دەڵێت ئێستا لە عێراقدا کەس بیر لە چوار ساڵی داهاتوو ناکاتەوە "ئێستا نرخی لیترێک ئاو لە بازاڕدا 1500 دینارە، بەڵام لیترێک بەنزین تەنیا بە 500 دینارە. ئەمڕۆ نرخی بەنزین لە ئاو هەرزانترە".

پڕۆژەکەی د.عەزام عەلوەش، دەنگدانەوەیەکی جیهانیی بەدوای خۆیدا هێنا، کاتێک 50%ی زۆنگاوەکانی باشووری عێراقی ژیاندەوە کە ڕژێمی پێشووی عێراق وێرانی کردبوون. دواتریش لە 17ی نیسانی 2013 خەڵاتی جیهانیی غۆڵدمانی وەرگرت کە گەورەترین خەڵاتە لەسەر ئاستی جیهان بۆ بواری سروشت تەرخانکراوە. دواتریش باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان پێشوازی لێکرد لە کۆشکی سپی. تەنانەت هەندێک لە میدیا جیهانییەکان بە "فریادڕەسی زۆنگاوەکان" ناویان بردبوو.

### خۆڵی بیابیان لە کوردستانەوە ڕۆیشتووە

عەلوش، لەبارەی ئەو خۆڵبارینەی ساڵانە دووچاری عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، دەڵێ ئەو خۆڵەی باشووری عێراق هەمووی لە شاخەکانی کوردستانەوە هاتووە بەهۆی ئاو و لافاوەوە، بە درێژایی هەزاران ساڵی ڕابردوو ناوچەکانی باشوور پێویستیان بە پەینی کیمیایی نەبووە، چونکە ئەو لافاوەی لە شاخەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕووی لە باشوور کردووە، وایکردووە خاکەکەی لە خوێ پاک کردووەتەوە و چینێک خۆڵی پاکی لەسەر داناوە، بەڵام دروستکردنی بەنداوەکان لە تورکیا و ئێران و عێراقیش کۆتایی بەو پرۆسەیە هێناو لافاوی نەهێشت، بۆیە خاکی باشوور ئاوای بەسەرهاتووە".

بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانە شێوازی کشتوکاڵ نەگۆڕاو وەک خۆی مایەوە و کەرتی ئاودێریی لە عێراق پێشنەکەوت.

کێشەی ناوچەکانی باشوور، وشکبوونی خاک و قڵیشانی خاکەکەیەتی و سوێربوونی ئاوی دیجلەو فوراتیش کێشەیەکی دیکەیە.

بەبڕوای عزام عەلوەش، لەو گەمارۆ ئاوییەی لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە بە دروستکردنی بەنداو خراوەتە سەر عێراق، یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە ئاو و ژینگە پشتگیریی عێراق دەکات، بەڵام وڵاتانی دراوسێ سوودیان لە سەرقاڵبوونی عێراق بە شەڕ و کاولکاری و گەمارۆی ئابووری و کێشەی تیرۆر وەرگرتووە.

ئێستا هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، پەیوەندییەکانیان لە دۆخێکی ئێجگار خراپدایە، هەرچەندە ئەوە بەهۆی سیاسەت و نەوتەوەیە، بەڵام ماوەی پێشوو بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر بڕینی بەشە بودجەی خەڵکی کوردستان، هەڕەشەی گرتنەوەی ئاویان کرد لەبەغدا. عەزام عەلوەش دەڵێ "ئەوە سیاسەتە و قسەی لەسەر ناکەم، بەڵام ئەگەر ئەوەش بکات، دواجار هەر ناچار دەبێت ئاوەکە بەربداتەوە".

ئارام ئەحمەد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:

# بەریتانیا لە هەمووان زیاتر کار لەسەرجینۆسایدی کورد دەکات



ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەورووپی و ئەمریکی، سەرقاڵی ئەوەن کە ڕۆژی 16ی ئادار (ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە) بکەنە ڕۆژێکی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. جگە لەوەش پەرلەمانی هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا زوو زوو پرسی بەجینۆسایدناسینی ئەنفالی گەلی کورد دەورووژێنن. بەڵام ئارام ئەحمەد، وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی ئەو هەوڵانەوە دەڵێت "کاریگەری ئەوان بە پاڵپشتی سیاسی دەستپێدەکات و دواتر ئەنجام و ئاکامە گەورەکانی دەردەکەون". بۆ یەکەمجاریش ئاشکرای دەکات کە لیستێکیان لەبەردەستە لەبارەی ناوی ئەو کۆمپانیا ئەورووپی و ئەمریکیانەیان چەکی قەدەغەکراویان بە ڕژێمی پێشووی عێراق فرۆشتووە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە لیستەکە.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

## لیستێک لە ناوی ئەو کۆمپانیایانەمان لەبەردەستە کە چەکیان بە حکومەتی پێشووی عێراق فرۆشتووە

**ڕووداو: ئێوە لەو دواییە بەشداری چەند کۆنفرانسێکتان کرد لە ئەورووپا کە تایبەت بوون بە پرسی ناسینی ئەنفالی گەلی کورد وەکو جینۆساید، ئەو کۆنفرانسانە ئەنجامەکەی دەستکەوتێکی هەبوو؟**

**ئارام ئەحمەد:** هەر بەستنی ئەو کۆنفرانسانە لەسەر کورد لە ئەورووپا بۆ خۆی پێشکەوتنێک و بەرەوپێشچوونێکە لە پرسی ناسینی جینۆسایدی کورد لە ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، لانیکەم هەر نەبێ ئامادەیی هەر وڵاتێکی ڕۆژئاوا پێشان دەدات بۆ قسەکردن و خستنەڕووی ئەو کوشتارەی لە دژی گەلی کورد کراوە. ڕاستە لەوانەیە هەندێکجار ئەنجامی کۆنفرانسەکان وادەرنەکەون کە شتێکی تایبەتی دیاربێ، بەڵام لەڕووی پشتیوانی مەعنەوی و سیاسییەوە کەم نییە.

کۆنفرانسی ئەمجارە لە پەرلەمانی ئەورووپا بوو، پێشتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ سەردانی کردن و داوای لێکردن بایەخ بە پرسی کورد و

## ڕەشەبا و خۆڵبارین بەشێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شاردووەتەوە

جینۆسایدی کورد و هەڵەبجە و ئەنفال بدەن، بۆیە ئەوە وایکرد گرووپێنێکی باش بدرێ بەو کارە. ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی پەرلەمانی ئەورووپا کرد و ئەوان بەڵێنیان دا کاری باش بکەن. بەڕاستی پەرلەمانی ئەورووپا زۆر گرنگە بۆ ئێمە، چونکە نوێنەرایەتی 28 دەوڵەتی ئەورووپی دەکات و قورسایی زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی ئەورووپا.

**ڕووداو: ئەوان بەڵێنی چییان بە ئێوە دا؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئەوان بەڵێنی ئەوەیان بە ئێمە دا کە لەمەودوا بەگەرمی کار بۆ پرسی جینۆسایدی کورد بکەن. ئەوە هەنگاوێکە و دواتر لەسەر ئاستی دەوڵەتانیش لەگەڵ نوێنەری چەند دەوڵەتێک قسەمان کرد و بەڕاشکاوی پێمانگوتن کە دەمانەوێ کاریگەری و قورسایی خۆیان لەنێو یەکێتی ئەورووپا بەکاربهێنن. هەروەها داوامانکرد گرووپێکی دۆستایەتی لە نێوان یەکێتی ئەورووپا و کورد دروستبکرێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی جینۆساید. من کاتێک گفتوگۆم لەگەڵ دەکردن یان کە گفتوگۆکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان بینی لەگەڵ ئەو گەورە بەرپرسانە، هەستمان بە جددیەتی زۆر کرد لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەوەی پشتیوانی کورد لە نێو پەرلەمانی ئەورووپا زۆرتر بکەن.

## هیوامان هەیە یەکێتی ئەورووپا فشار لە حکومەتی بەغدا بکات بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان

**ڕووداو: ئەگەر کاریگەریی خۆیان بەکاربهێنن، بۆ نموونە چی دەکەن بۆ کورد؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئێمە پاڵپشتییەکی سیاسیمان دەوێ، ئەگەر ئێمە باسی چەند ساڵێک پێش ئێستا بکەین، ئەگەر لە پەرلەمانی ئەورووپا داوای پاڵپشتی و پشتگیری کوردمان بکردایە، وەڵامیان نەدەدایەوە و باسیشیان نەدەکرد، بەڵام ئێستا تۆ دەبینی ئەوان کۆنفرانسی تایبەت بە پرسی جینۆسایدی کورد دەبەستن. کاریگەری ئەوان بە پاڵپشتی سیاسی دەستپێدەکات و دواتر ئەنجام و ئاکامە گەورەکانی دەردەکەون. چاوەڕێ دەکەین یەکێتی ئەورووپا ڕۆڵی هەبێ لە فشارخستنە سەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی قەرەبووی قوربانیانی جینۆساید بکاتەوە.

مەسەلەی ناساندنی پرسی جینۆساید هەوڵێکە بۆ بەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی جینۆساید و پێشاندانی ئارەزووی نێودەوڵەتییە زیاتر بۆ بە هاناوە چوونی ئەو گرووپ و کەمپینانەی کار بۆ قەدەخەکردنی ئەو جۆرە چەکانە دەکەن لە وڵاتانی دونیا. لەلایەکی دیکەوە پەرلەمانی ئەورووپا دەتوانێ کاربکات بۆ قەرەبووکردنەوەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.

**ڕووداو: بۆ مەسەلەی قەرەبوو کردنەوە، یەکێتی ئەورووپا فشار لە حکومەتی بەغدا دەکات یان بۆ خۆیشی قەرەبوو دەدات؟**

**ئارام ئەحمەد:** بە هەردوو بارەکەدا کاریگەریی دەبێ، بەڵێ فشار لەسەر حکومەتی بەغدا دروستدەکات بۆ قەرەبووکردنەوە. هەروەها ئەو دەوڵەتانەش ناچار دەکات کە چەکیان بە حکومەتی پێشووی عێراق فرۆشتووە. لەڕێگەی دادگای باڵای تاوانەکان. چونکە ئەوە یەکێک لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ڕۆما. ئەوە دەرگایەکە و کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام زیاتر لە ڕێگەی حکومەتی بەغداوە دەبێ.

**ڕووداو: بەجینۆسایدناسینی تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە، تاوەکو چەند کاریگەریی دەبێ بۆ ئەوەی پشتگیری لە دەوڵەتی کوردی بکەن؟**

**ئارام ئەحمەد:** پرسی مافی بڕیاردانی چارەنووس یان سەربەخۆیی یان هەر پرۆژەیەکی لەم جۆرە کارێکی سیاسییە و زیاتر پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداوە هەیە، پەیوەندی بە وڵاتانی ناوچەکەوە هەیە، بەڵام کاتێک ئێمە لەڕێگای جینۆسایدەوە دەبینە خاوەنی پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی و ئەورووپی، ئەو کار و پرۆژانەی کورد ئاسانتر دەچنە پێشەوە. پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ خۆی هاندەرێک دەبێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.

**ڕووداو: قوربانییەکانی کورد و کەسوکارەکانیان ماندوو و بێزارن لە چاوەڕوانیی قەرەبوو کردنەوە، خەڵک دەیانەوێ بزانن ئەو کۆنفرانسانە لەڕووی کردارییەوە و بەرهەمی نزیک مەودایان دەبێ؟**

**ئارام ئەحمەد:** بەڵێ پێشتر گوتم، ئێمە لەسەرەتاوە نەماندەتوانی باسی جینۆسایدیش بکەین، قۆناغ بە قۆناغ لەڕێگەی ئەو کۆنفرانس و جموجوڵانەوە گەیشتووینەتە قۆناغێکی باشتر، بێگومان ئێمەش چاومان لەوەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمی هەبێ.

**ڕووداو: جولەکەکان زۆر بەباشی توانییان هۆلۆکۆست بەکاربێنن، تەنانەت دەوڵەتی جولەکەش هەر بەرهەمی هۆلۆکۆستە، ئێوە هەوڵتان داوە لە نزیکەوە گوێ لە شارەزایانی ئەوان بگرن تاوەکو بزانن چۆن ئەو پرسەیان بەرەوپێش برد؟**

**ئارام ئەحمەد:** جینۆساید بۆخۆی دەبێتە ناسنامەیەکی نەتەوایەتی هەرە بەهێز، ئێمەش لای خۆمانەوە هەر لەسەرەتاوە بە وردی لەڕێگای خەڵکانی پسپۆڕەوە دیراسەی ئەوەمان کردووە. ئێستا هۆلۆکۆست لەپاڵ بنەما نەتەوەییەکانی دیکە بووەتە ناسنامەی جولەکە و کە سەیری بیرەوەرییەکانیان دەکەیت، تێدەگەیت بۆ ئێمەش بەهەمانشێوەیە، بەڵام دەبێ ئێمەش لەنێوخۆماندا بۆ بابەتی جینۆساید یەکرێز و تەبا و بەهێز بین. بۆ ئەوەی بتوانین سوودی لێوەربگرین وەک ئەوان.

**ڕووداو: من مەبەستم ئەوەبوو ئەوان لە بەکارهێنانی هۆلۆکۆستدا ئەزموونیان زۆرە، پێشنیاز و سەرنجی خۆیان بە ئێوە نەداوە لەو بارەوە بۆ ئەوەی چۆن جینۆسایدی ئەنفال و هەڵەبجە بەکاربهێنن؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئێمە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو نەتەوانە، خۆمان بەرنامەی خۆمان داناوە و لەو چەند ساڵەی ڕابردوو کە بەردەوام سەرقاڵی کۆنفرانس و سەردانی وڵاتان و دەرەوە بووین، سوودمان لە ئەزموونی ئەو میللەتانە وەرگرتووە.

**ڕووداو: ئێستا لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا چ وڵاتێک زیاتر لە هەموویان بایەخ بە جینۆسایدی کورد دەدات؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئەوەندەی تێبینیمان کردووە، بەریتانیا، سوید، هۆڵەندا، نەرویج، فەرەنسا، ئیتاڵیا و پۆڵۆنیا بایەخ بە پرسی ئێمە دەدەن، بەڵام بەریتانیا لەهەموویان زۆرتر و زیاتر بایەخ بە جینۆسایدی کورد دەدات و کاریشی لەسەر دەکات. دەبینی بەریتانیا لەڕووی قورسایی سیاسیشەوە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەیە. کاری تایبەتمان کردووە لە ڕێگای یاساناسانەوە، کارمان لەسەر کردووە و کاریشی لەسەر دەکەین.

**ڕووداو: بەڵام من گوتم کۆمپانیای دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی بتانەوێ سکاڵای لەسەر تۆماریکەن؟**

**ئارام ئەحمەد:** لیستێک هەیە لەبەردەستماندا و یاساناسەکانمان خەریکی پێداچوونەوە و تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەن تێیدا و لە پاڵ کۆنفرانسەکانماندا بەوانەشەوە سەرقاڵین و کاری لەسەر دەکەین.

**ڕووداو: لیستی ناوی ئەو کۆمپانیا ڕۆژئاواییانەی چەکی کۆکوژیان فرۆشتووە بە عێراق؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئەو بابەتە بەڵگە و دۆکۆمێنتی تەواوی دەوێ، تۆ ناتوانی بە بەڵگەی لاوازەوە دادگا لەکەس بگریت، ئێمە وەک حکومەت سەرقاڵی بەدەستهێنانی بەڵگەی بەهێزترین و ئەو کارە وەک گوتم یاساناسەکانمان پێیەوە سەرقاڵن. دەمەوێ ئەوەشت پێبڵێم کە لە ئەڵمانیا و هەندێک ڕێکخراوی دیکە خەریکی کارکردنن لەسەر ئەو لیستە.

## هەواڵمان بۆ هاتووە هەندێک لەوانەی بەناوی ئەنفالکردنەوە براون زیندوون

## پەرلەمانی ئەورووپا بەڵێنی داوە بە گەرمی کار لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد بکات

ڕۆڵی باشترە لە نێو یەکێتی ئەورووپا. هەروەها گرووپی تایبەتیشی هەیە بۆ کارکردن لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد و تارادەیەک حکومەتی بەریتانیش هاتووەتە پێشەوە.

**ڕووداو: وەک بیستوومە ئێوە سەرقاڵن بە خۆئامادەکردن بۆ سکاڵا تۆمارکردن لە دژی هەندێک کۆمپانیای دیکەی هاوشێوەی کۆمپانیا هۆڵەندییەکە کە چەکیان فرۆشتووە بە ڕژێمی پێشووی عێراق؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئێمە وەک بەڵگە، بۆ ناساندنی تاوانەکە و سزادانی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان ئامانجی تەواوی ئێمە ئەوەیە ئەوانە سزا بدرێن کە دەستیان هەبووە، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵیان هەبووە بۆ ئەوەی ئەو چەکە بگاتە دەستی سوپای پێشووی عێراق. بەشێک لەئامانجی ئەو کۆنفرانسانەی پێشتر باسمانکردن بۆ

**ڕووداو: مەبەستەکەی من ئەوەیە، لیستەکە ناوی ئەوانەی تێدایە کە چەکیان فرۆشتووە بەعێراق، تۆ ڕوونت نەکردەوە لیستەکە ناوی کێی تێدایە و چەند ناوە؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئەو لیستە تەنیا ناوی ئەو کۆمپانیایانە نییە کە چەکیان فرۆشتووە بە حکومەتی پێشووی عێراق، بەڵکو هەیە تەنیا کەرەستەی کیمیاوی ناردووە بۆ عێراق، ئیدی زانیویەتی ئەوە بۆ مەبەستی چەک و کوشتوبڕی خەڵک بەکارهاتووە یان نا، بەڵام عێراق ئەوانەی کردووە بەچەک و ڕەنگە کۆمپانیاش هەبێ بڵێ من هەرگیز نەمزانیوە ئەوە بۆ چەکی کیمیاوی دژی مرۆڤ بەکاردێت. بەڵام هەرچۆن بێت، ئەوانە چەکیان بە عێراق فرۆشتووە.

**ڕووداو: ئەگەر هەر کۆمپانیایەک ناچاریکرێ قەرەبووی هەڵەبجە بکاتەوە، پارەکە ڕاستەوخۆ دەدرێ بە هەڵەبجەییەکان؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ بۆ کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە دەبێ. مەسەلەی قەرەبووکردنەوە هەروایە. نەک تەنیا هەڵەبجە، ئەو ناوچانەی دیکەش کە سوپای پێشوو وێرانی کردوون کاتێک قەرەبوو دەکرێنەوە هەر بۆ ئەوان خۆیانە.

**ڕووداو: بۆچی دەڵێی گەڕان بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەتەواوی زەحمەت بووە؟**

**ئارام ئەحمەد:** هۆکاری زۆرە، بەڵێ ئێستا تیمەکانمان وەک چەند ساڵی ڕابردوو ناتوانن بگەڕێن بە شوێن گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا. سەددام حوسێن ئەو گۆڕانەی لە قووڵایی بیابان هەڵکەندووە، بیابانیش سروشتێکی وای هەیە کە خۆڵەکەی وەک تۆز وایە و ساڵانە زۆربوونی ڕەشەبا و خۆڵبارین و ئەو شتانە وادەکات بەتەواوی گۆڕەکان دەشێوێن و دەبن بەژێرەوە و زۆر بەزەحمەتتر دەدۆزرێنەوە.

**ڕووداو: زۆربەیان لەکوێن؟**

**ئارام ئەحمەد:** زۆربەیان لە خوارووی سەماوەن، لە نزیک سنووری سعودیە. بەڵام وەک گوتم دۆزینەوەی ئەو گۆڕانە بە تەواوی زەحمەت بووە. گۆڕانی کەشوهەوا کارەکەی دژوارتر کردووە.

**ڕووداو: ئێستا تیمەکانتان لەکارکردن وەستاون؟**

**ئارام ئەحمەد:** ئێمە کاردەکەین، تیمی دیکەمان هەیە کە بەیەکەوە کاردەکەن و لە هەر شوێنێک گومانێک هەبێ یان شتێک هەبێ بەپەلە دەگەنە ئەوێ و کاری لەسەر دەکەن.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدای هەموو ئەوانەی برانە بیابان بوون بەژێر خۆڵەوە، یان تێیاندایە کەوتوونەتە دەستماڵە عەرەبە کۆچەرییەکان و تاوەکو ئێستا نەدۆزراونەتەوە؟**

**ئارام ئەحمەد:** زۆربەی بەڵگەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە زۆربەیان لەنێو گۆڕی بە کۆمەڵدان، بەڵام ڕەنگە تاک و تەرا هەبن کە لەڕێگای ئەو جۆرە خێزانانەوە ڕزگار بووبن، بەڵام لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەر هەواڵێکی وامان بیستبێ بەدواداچوونمان کردووە، ڕاستی ئەوەش زۆر زەحمەتە بیدۆزیتەوە دوای 26 ساڵ. ئێستا هەندێک هەواڵمان لایە کە دەڵێن چەند کەسێک هەن هێشتا ئەنفال نەکراون، ئێمە لێکۆڵینەوەمان بەردەوامە و هێشتا ئەنجامێکمان بەدەستەوە نییە.

**ڕووداو: حکومەتی بەغدا بۆچی کێشەتان بۆ دروستدەکات لە هێنانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان؟**

**ئارام ئەحمەد:** حکومەتی بەغدا بۆ هەڵەبجەش ئاستەنگمان بۆ دروستدەکات.

## فەرەنسییەک وێنەی ژنانی کورد دەکێشێت



**میوا سەلاح – هەولێر**

ئینستتیوتی فەرەنسی لە هەولێر بەبۆنەی هەشتی مارس پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ هونەرمەندی فەرەنسی ماری مالیفارج کردەوە کە تابلۆکان گوزارشتیان لە ڕەوشی ژنانی کورد دەکرد. پێشانگاکە کە بەناونیشانی "کاریگەرییەکان" بوو، لەلایەن پەیمانگای فەرەنسی لە هەولێر سەرپەرشتی دەکرا و تێیدا چەند تابلۆیەکی شێوەکاری بۆ ئامادەبووان خرانەڕوو. مالیفارج لە بارەی پێشانگاکەیەوە گوتی "ویستم ئەم پێشانگایە بکەمەوە بۆ ئەوەی هەردوو کەلتووری کوردی و فەرەنسی ئاوێزانی یەکدی بکەم". گوتیشی "خەڵکی کوردستان زۆر میهرەبانن و من بەهۆی ئەوەی ماوەیەکە لێرە دەژیم، ڕەنگدانەوەی کەلتوور و دابونەریتی کوردی بەسەر تابلۆکانمەوە دیارە".



# شەیدا:
# لە ڕۆژئاوای کوردستان شتێک نەماوە بەناوی کاری هونەری



خاوەنی تۆنێکی غەمگینە، ئەو غەمگینییە تەنانەت لە کاتی قسەکردنی ئاسایی هەر هەستی پێدەکەی.. شەیدا دەڵێت ئەو غەمگینییەی شتێکی دەستکرد نییە و پێیوایە کاریگەریشی هەبووە لەسەر هونەرەکەی. هەر بەهۆی ئەو شەرم و غەمگینییەش ئەڤینی خۆی بۆ کچێک ماوەی 10 ساڵ لە دڵی خۆیدا هەڵگرتووە و دەرینەبڕیوە و تەنیا لە گۆرانییەکانیدا بە "دلبەر" ناوی هێناوە.

شەیدا بۆ کارکردن لە ئەلبوومێکیدا کە لەلایەن ڤین پرۆدێکشنەوە سپۆنسەری و سەرپەرشتی دەکرێت، کۆتایی مانگی ڕابردوو هاتە باشووری کوردستان. هەروەها میوانی بەرنامەی "گوڵستان"ی تەلەڤزیۆنی ڕووداو بوو کە بەم نزیکانە پەخش دەکرێت. ڕۆژنامەی (ڕووداو)یش ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

ڕووداو – هەولێر

## گۆرانی "دلبەر"م بۆ هاوسەرەکەم گوتووە

**ڕووداو: قسەیەکت هەیە دەڵێی "هونەری ئێستا جەستە دەهەژێنێت، ڕۆح ناهەژێنێ". ئەو قسەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**شەیدا:** ئەوە قسەی هەڵبەستڤان جگەرخوێنە، کاتێک پرسیاریان لێکردبوو لەبارەی چەند هونەرمەندێک، گوتبووی هەندێکیان باسی دەردی دڵی ئێمە دەکەن، کەسانێکیش هەن گەنجانمان دێننە سەما. مەبەستم لەو قسەیە ئەوەیە هونەرمەند دەبێت پەیامی میللەتەکەی خۆی بێت. هونەرمەندێک باس لە ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی نەکات، هونەرمەند نییە. مەبەستم ئەوەیە نەک ئەوەی کە هونەرمەندانێک هەن دەچن بۆ ئاهەنگ یان ناچن بۆ ئاهەنگ.

**ڕووداو: جا هونەرمەندانی ئێستا باسی ئێشی میللەتەکەی خۆیان دەکەن؟**

**شەیدا:** بەشێک لە هونەرمەندان لەسەر ئێشی ڕۆژئاوا گۆرانییان گوتووە، پێش ئێمەش لەسەر ئێشی کوردستان گوتوویانە.

**ڕووداو: لە گۆرانییەکانتدا وشەی دلبەر زۆر بەکاردێنی، ئەو دلبەرە کێیە؟**

**شەیدا:** ئەوە ناوی یەکێکە لە گۆرانییەکانم کە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەلای من، چونکە ئەو گۆرانییەم تایبەت بۆ هاوسەرەکەم گوتووە، هۆنراوەکەی هی غەمگین ڕەمۆیە. بەڵام مەرج نییە وشەی دلبەر کە لە گۆرانییەکانی دیکەمدا هاتووە، هەر مەبەست هاوسەرەکەم بێت، ئەوە هەڵبەستڤانەکان خۆیان ئەو وشەیەیان بەکارهێناوە.

## ئەلبوومی داهاتووم گۆرانییەکی سۆرانی تێدایە

## ناچمە کۆنسێرت و ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوە

**ڕووداو: کەس هەبووە دڵی تۆی بردبێت؟**

**شەیدا:** بەڵێ، هاوسەرەکەم.

**ڕووداو: بیستوومانە کە 7 ساڵ خۆشتویستووە، بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت. ئەوە ڕاستە؟**

**شەیدا:** (بە پێکەنینەوە) بەڵێ ڕاستە، بەڵام نەک 7 ساڵ، بەڵکو 10 ساڵ.

**ڕووداو: ناوی ڕاستەقینەی خۆت شەیدا نییە، ئەم ناوەی ئێستا هەر بەهۆی شەیدابوونت بوو بۆ ئەو کچە؟**

**شەیدا:** نەخێر، ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی 1997 دۆستێکی هەڵبەستڤانم کە چەند هۆنراوەیەکی بۆ گۆرانییەکانم نووسیبوو، ڕۆژێک پێمگوت چەند ناوێکی کوردی خۆشم بداتێ بۆئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرم بۆ خۆم وەکو نازناو. چەند ناوێکی بۆ نووسیم، یەکێکیان شەیدا بوو، لێمپرسی شەیدا واتای چییە. گوتی وشەیەکی سۆرانییە و بە مانای پلەی باڵای حەزلێکردن دێت. منیش ئەو ناوەم هەڵبژارد.

**ڕووداو: تۆنێکی غەمگین لە دەنگی تۆدا هەیە، ئەوە دەستکردە یان شتێکی خۆزاییە؟**

**شەیدا:** چۆن غەمگین نەبم، ئەوە سێ ساڵە لە نێو گوللە و ئاگر دەژین، بەردەوام هەست بە ئازار دەکەین. بەڵام ڕاستییەکەشی ئەو غەمگینییەی لە دەنگی مندا هەیە، شتێکە خوا پێیداوم. سروشتی من وایە کە زۆر تێکەڵی خەڵک نابم، ناچمە کۆنسێرت و ئاهەنگان. زیاتر لە نێو ماڵەکەی خۆم سەرقاڵی کاری هونەریم.

**ڕووداو: ئەو غەمگینییە کاریگەری نەبووە لەسەر هونەرەکەت؟**

**شەیدا:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەبووە و هونەرەکەمی زیاتر بە جەماوەر ناساندووە.

**ڕووداو: زۆر کەس بە محەممەد شێخۆی ئەم سەردەمەت دەزانن، تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟**

**شەیدا:** زۆرجار ئەو پرسیارەم لێکراوە، بەڵام من دەڵێم کاری من خزمەتکردنی میللەتە. چونکە ئەوە هەر میللەتە نرخ و ڕێز بۆ هونەرمەند دادەنێت، هەر میللەتیشە پشت لە هونەرمەند دەکات.

**ڕووداو: محەممەد شێخۆ تا چەند کاریگەری لەسەر ئێوە هەبووە؟**

**شەیدا:** محەممەد شێخۆ نەک لەسەر من، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو هونەرمەندانی ئێستا هەبووە. ئەو ستوونێکە لە هونەری گۆرانی لە ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی.

**ڕووداو: تۆ کێ بە مامۆستای خۆت دەزانیت؟**

**شەیدا:** کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵام محەممەد شێخۆ، تەحسین تەها، ئەیاز زاخۆیی، هەروەها کاوێس ئاغا و حەسەن جەزراوی و حەسەن زیرەک. ئەوانە مامۆستای منن.

**ڕووداو: دەڵێن کەسێک هەیە زۆر پاڵپشتیت دەکات لە کارە هونەرییەکانت ئەوە کێیە؟**

**شەیدا:** ئەوە سەفقانی برامە، زۆرجار هۆنراوەم بۆ دەنووسێت، گۆرانی خۆزی ئەسمەر و تو نزانی هۆنراوەی ئەون. ئەلبوومە نوێیەکەم سێ سترانی ئەوی تێدایە، زۆر هاوکاریم دەکات لە دابەشکردنی میوزیک. من بەبێ ئەو هیچ نیم.

**ڕووداو: تۆ یەکێکی لە هونەرمەندە بەناوبانگ و ناسراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، تەنانەت لە پارچەکانی دیکەش ناسراوی. بەڵام دەزانین کە ڕەوشی ئابووریت زۆرباش نییە، بۆچی هیچ سوودت لەو ناوبانگە وەرنەگرتووە؟**

**شەیدا:** تۆ ئەگەر بتەوێت لە ڕۆژئاوای کوردستان بە هونەرەکەت بژیت، دەبێت بچیتە ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوە یان بۆنەکان. من کاتێک بڕیارمدا ببمە گۆرانیبێژ، بڕیارمدا نەچمە ئاهەنگەکانیش. کە ئەوەم نەکرد دەبووایە کار بکەم. من مامۆستای میوزیکم، بەڵام حکومەت داینەمەزراندم، چونکە نەبوومە بەعسی.

**ڕووداو: دەڵێن لە ناوچەکەی خۆتان کاری جووتیاری دەکەیت؟**

**شەیدا:** بەڵێ کاری منیش وەک کاری باب و باپیرم جووتیاری بوو. یارمەتی باوکم دەدا. نرخی مرۆڤ لە کارکردندایە. من تاوەکو ساڵی پاریش جووتیار بووم، بەڵام باری تەندروستیم زۆرباش نییە، بۆیە وازم لەو کارە هێناو ئێستا

## 10 ساڵ خۆشمویست و پێمنەگوت

لە ماڵەوە سەرقاڵی کاری هونەریم.

**ڕووداو: هونەر بە گشتی و هونەری گۆرانی بە تایبەتی ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

**شەیدا:** شتێک نەماوە بە ناوی کاری هونەری لە ڕۆژئاوای کوردستان. چونکە خۆتان ڕەوشی ڕۆژئاوا دەبینن. دڵمان ناخۆشە. زۆربەی هونەرمەندان ڕۆژئاوایان جێهێشتووە. هەندێک چوونە ئەورووپا، هەندێکیان هاتنە باشووری کوردستان و هەندێکیشیان چوونە باکووری کوردستان.

**ڕووداو: بەڵام PYD چەند گرووپێکی هونەری دامەزراندوون، ئەوانە هیچ کاریگەرییان نییە؟**

**شەیدا:** ڕاستە زۆر گرووپ دامەزراون، بەڵام زۆر چالاک نین.

**ڕووداو: تۆ و هونەرمەند زوبێر ساڵح دوو ناوی زۆر دیارن لە ڕۆژئاوای کوردستان، پەیوەندیتان چۆنە؟**

**شەیدا:** هەموو ئەوانەی پێش من گۆرانییان گوتووە جێی ڕێزن. بەڕاستی گفتوگۆ لە نێوان من و ئەودا نییە، ئەو لە ئەورووپا دەژی و منیش لە ڕۆژئاوا. یەک دووجار قسەمان کردووە، بەڵام هەمیشە جێی ڕێزی منە، چونکە کەسێک قەدری کەسانی پێش خۆی نەگرێت، قەدری خۆشی ناگرێت.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی باشووری کوردستان هەیە؟**

**شەیدا:** پەیوەندیمان نییە، تەنیا جارێک هونەرمەند بلند ئیبراهیمم بینیوە، لەگەڵ ئیسماعیل جومعەش پەیوەندیم هەیە، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ هیچ هونەرمەندێکی سۆرانی نییە. حەز دەکەم لێرەوە ئەوە ئاشکرا بکەم کە لە ئەلبوومە نوێیەکەمدا گۆرانییەکی سۆرانی دەڵێم.



### ئەحمەد ڕەمەزان (شەیدا)

- ساڵی 1971 لە شاری عامووداى ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە.
- باوکی سێ منداڵە.
- سێ ئەلبوومی گۆرانی هەیە.
- یەکەم ئەلبوومی لە ساڵی 1999 تۆمار کردووە.
- ساڵی 2004 ئەلبوومێکی بە ناوی ئاخ ژ ئەسمەر بڵاوکردووەتەوە.
- ساڵی 2009 سێیەم ئەلبوومی خۆی بە ناوی کەچا کورد بڵاوکردووەتەوە.
- ئێستاش سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی نوێیە.

# فێستیڤاڵە جیهانییەکانی فیلم دەرگا بەڕووی کورددا دەکەنەوە



**ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ**
**ڕووداو- بەرشەلۆنە**

فیلمسازانی کورد سینەما وەکو پەنجەرەیەک دەبینن کە لێیەوە تاڵی و ناخۆشییەکانی ژیانیان نیشاندەدەن، بەڵام ئەوان چیرۆکەکان بەشێوەیەک دەگێڕنەوە کە گەرموگوڕییەکی جیهانییان پێدەبەخشێ.

شەوکەت ئەمین کۆرکی، دەرهێنەری کوردی خەڵکی باشووری کوردستان دەڵێت "دەرهێنەرانی کورد دەیانەوێت ئازاری گەلەکەیان نمایش بکەن، زۆربەیان بۆ خۆیان ئەو ئازارانەیان چەشتووە و شەڕ و دەربەدەرییان بینیوە، ئەمەش لە فیلمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە".

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی ترۆمسۆ لە نەرویج چەند فیلمێکی دەرهێنەرانی کورد نمایشکران، لەوانە فیلمی یەڵماز گیونای، کۆرکی، بەهمەن قوبادی و فیلمی دەرهێنەرێکی کوردی نیشتەجێی نەرویج بەناوی هیشام زەمان.

مارتا ئۆتە، بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "دەرهێنەرانی کورد توانای بەرهەمهێنانی فیلمی سەرنجڕاکێشیان هەیە". گوتیشی "لە زۆر لەو فیلمە کوردیانەی کە تەماشام کردوون گەرموگوڕی دەبینیم. زۆر جار کۆمیدیاش لەخۆدەگرن. ئەمەش وای لە چیرۆکی فیلمەکانیان کردووە کە حەزێکی جیهانی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن".

لە فێستیڤاڵەکانی ترۆمسۆ، لەندەن، مۆنتریال، کان و شوێنەکانی دیکە، فیلمی دەرهێنەرانی کورد و فیلم لەسەر کورد دەرگایان بەڕووی ئەم نەتەوە 40 ملیۆنییە بێ دەوڵەتەدا کردووەتەوە کە لەسایەی ڕژێمەکانی عێراق، تورکیا، سووریا و ئێراندا مەینەتی زۆریان چەشتووە.

بیرۆکەی تەرخانکردنی بەشێک بۆ فیلمە کوردییەکان لەم فێستیڤاڵەدا دوای ئەوە هات کە ئۆتە بەشداری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆکی کرد "پێشتر چەند فیلمێکی کوردیم بینیبوو، بەڵام دواتر زیاتر سەرنجم بەلای دۆزی کورددا چوو، ئەوەی کە لە سووریاش ڕوودەدا کاریگەری هەبوو لەسەرم". ئۆتە وادەڵێت.

لە فێستیڤاڵەکەی ترۆمسۆ، 10 فیلمی کوردی نمایشکران. لەوانە (1001 سێو)ی تەها کەریمی کە ساڵی ڕابردوو لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستدا. کەریمی چیرۆکی ژیانی فەرەج دەگێڕێتەوە کە ڕزگاربوویەکی هەڵمەتی ئەنفالە.

فیلمی "دایکانی من" چیرۆکی ئەو ژنانە دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی ڕژێمی سەددام حوسەیندا خێزان و خۆشەویستانیان لەدەستداوە. "پەڕینەوە لە تۆز"، فیلمێکی دەرهێنەر شەوکەت کۆرکییە کە باس لە ژیانی دوو شەڕڤانی ئازادی دەکات دوای لە ناوچوونی سەدام حوسێن. فیلمەکە مەینەتییەکانی ژیانی کورد و عەرەب لە ژێر دەسەڵاتی سەددامدا نیشان دەدات.

هەر لەو فێستیڤاڵەدا فیلمی "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان" نمایش کرا. بەهمەن قوبادی، دەرهێنەری ئەو فیلمە دەڵێت "من فیلمم دروست نەکردووە، من دووبارە ژیانی ڕاستەقینەم وێنا کردووەتەوە". قوبادی لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ فیستیڤاڵی فیلمی ترایبێکا دەڵێت "فیلمەکانم ئاوێنەی ژیانی خۆمن".

کۆرکی دەڵێت کە سینەمای کوردی بەزۆری ڕووی لە غەیرە کورد کردووە "ئەمەش لەبەرئەوەیە کە تا ئێستا لە کوردستان پیشەسازیی سینەما نییە".

هیشام زەمان کە خەڵکی کەرکووکە و ئێستا لە نەوریج نیشتەجێیە، فیلمەکانی زیاتر لە 20 خەڵاتی نەتەوەیی و نێونەتەوەییان بردووەتەوە. لە فیلمی نامەیەک بۆ پاشا، زەمان چیرۆکی کۆمەڵێک پەنابەری کورد دەگێڕێتەوە کە بە سەردانێک دەچنە ئۆسلۆ.

ئۆتە دەڵێت بەلای ئەوەوە گرنگە نە تەنیا هەر بارودۆخی ژیانی کورد بخاتەڕوو، بەڵکو نەرویجییەکانیش تێبگەیەنێت کە ئەو ئازادیەی هەیانە، بێ بەها تەماشای نەکەن.

ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ من زۆر گرنگە سەرنجی خەڵکی بۆ ئەو ڕاستیە ڕاکێشم کە گەلی کورد دەوڵەتی خۆی نییە، دەستووری خۆی نییە، دەزگای خۆی نییە".

ئێستا فێستیڤاڵی وەکو ترۆمسۆ و دهۆک هاوکاری بەرەو پێشبردنی فیلمی کوردی دەکەن. فێستیڤاڵەکەی ترۆمسۆ هەماهەنگی لە نێوان فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی دهۆک و فێستیڤاڵی فیلمی گەنجانی سکەندەناڤیا لە ترۆمسۆ دروستکردووە.

ئۆتە دەڵێت چوار گەنجی کورد و چوار دەرهێنەری لاوی نەرویجی لە کاتی وۆرکشۆپێکی فێستیڤاڵەکەی ترۆمسۆ یەکدییان ناسی و کورتە فیلمێکیان پێکەوە بەرهەمهێناوە.

کۆرکی دەڵێت "لە فیلمی کوردیدا ئێمە هێشتا هەمەڕەنگیمان لە بابەت نییە، بەڵام پێموایە لە چەند ساڵی داهاتوودا هەمەڕەنگی زیاتر لە فیلمە کوردییەکاندا دەبینرێن".

## ئەنجوومەنی گشتی ژنانی کورد لە سوێد دامەزرا



**ڕووداو- سوێد**

لە شاری ستۆکهۆلم پایتەختی سوێد ئەنجوومەنی گشتی ژنانی کورد لە سوێد دامەزرا . ڕۆژی 2014/3/15 بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ژنانی کوردی دانیشتووی شاری ستۆکهۆلم و دەوروبەری یەکەمین کۆنگرەی ئەنجوومەنی گشتی ژنانی سوێد لە شاری ستۆکهۆڵم پێکهات. دواتر ئەنجامنامەی کۆنگرەکە خوێندرایەوە و ناوی کۆمسیونەکان و ئەندامان خرایە بەر دەنگدان و بە کۆی دەنگەوە ئەنجامنامەکە پەسەندکرا و هەروەها ناوی ئەندامانی کۆمسیونەکان ڕاگەیەندران .

# خوێندنی زمانی کوردی لە سوێد پاشەکشە دەکات



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بەپێی "یاسای زمان" کە چوار ساڵ لەمەوبەر لەلایەن پەرلەمانی سوێدەوە دەرچووە، ئێستا زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکانی ئەو وڵاتە و هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ زمانی سوێدی. بۆیە حکومەت ناچاربووە پێداویستییەکانی خوێندنی زمانی کوردی، لەوانەش پرۆگرام و مامۆستای بۆ دابین بکات.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، لە سوێد 125 هەزار کورد دەژین کە نزیکەی 1%ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدێنن. منداڵانی کورد لە سوێد پێکهاتەیەکی دیاری منداڵانی تاراوگەنشینانن و سوودمەندن لە بەرنامەی فێربوون و پەرەپێدانی زمانی دایک.

مامۆستا ئومێد گۆمەشینی کە 25 ساڵە لەو وڵاتە دەژی، ڕەخساندنی ئەم زەمینەیە دەبەستێتەوە بەوەی "سوێد یەکەمین وڵاتی دیموکراسییە لە جیهاندا. فێربوون و پەرەپێدانی زمانی دایک دەچێتە خانەی مافەکانی مرۆڤ و سوێد ئەوەی ڕەخساندووە".

مونیرە حەسەنیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیدابوونی نەوەیەکی نوێی کورد لەو وڵاتە پیشەکەی ئەوانی قورس کردووە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "کەسوکار کاریگەریان لەسەر منداڵ هەیە، بەڵام ئەوان هاوکار نین". مونیرە کە لە شاری ستۆکهۆڵم مامۆستایە دەڵێت "منداڵانی کورد لەنێو دوو کەلتووردان و ئەمەش لەڕووی زمانەوە سەری لێ تێکداون".

### گۆرانییەک مێژوویەکی دروستکرد

سروودی زمانی دایک، شۆڕشێکی کەلتووریی لە سوێد و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا بەرپا کرد. ئەو سرووده پاشخانێکی سیاسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1897 کە لەلایەن یۆهان فریدۆڵف هاگفۆش نووسراوە. یۆهان خۆی فینلەندییە و لە ساڵی 1922 وڵاتینامەی سوێدی وەرگرتووە.

ئەم سروودە توانی مافی زمانی دایک بۆ ئەو خەڵکانە بچەسپێنێ کە لە وڵاتی دووەمیان دەژین. سروودەکە ڕێچکەی نەتەوەیی شکاندووە و ئێستا بووەتە سروودێک بۆ مافێکی بنچینەیی مرۆڤەکان کە فێربوون و پەرەپێدانی زمانی دایکە.

لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەوە تا سەدەی ڕابردوو، زمانی سوێدی زمانی فەرمیی دەوڵەت بووە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی سروودەکەی یۆهان، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ داکۆکی لە زمانە بنەڕەتییەکانی گەلان هاتەکایەوە.

لەساڵی 2009 و لەڕێگەی پەسەندکردنی یاسای زمان، زمانی سوێدی بووە یەکێک لە زمانەکانی سوێد. بە واتای زمانەکانی دیکەش زمانی ئەو وڵاتەن و مافیان هەیە و فەرمیبوونی زمانی سوێدی مانای ئەوە نابەخشێت کە مافی زمانەکانی دیکەی پێشێل بکرێت.

لێکۆڵینڤانانی بواری پەروەردە دەڵێن زمانی دایک کاریگەری لەسەر بونیادی تاکەکەس هەیە. وەک ڕووناک شوانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوانەی فێری زمانی دایک دەکرێن زووتر فێری زمانەکانی دیکەش دەبن".

### چۆنێتی پرۆسەکە

بەپێی ڕێساکانی فێربوونی زمانی دایک، لە هەر ناوەندێکی خوێندن-5 6 قوتابی سەر بە ڕەگەزێکی دیاریکراو هەبێ، دەبێت مامۆستایەکی ئەو زمانە دابمەزرێندرێت. ئەمەش دوای ڕەزامەندی و داوای کەسوکاری قوتابییەکان.

دەبێت دایک و باوکی منداڵەکە بە نووسراوێک داوا بکەن، دواتر ئیدارەی شارەوانی ناوچەکە مامۆستایەک بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێنێ" بەڵام وەک ڕووناک شوانی دەڵێت "زۆرجار دایک و باوکان هاوکار نین و زمانی کوردی فەرامۆش دەکەن". چونکە پێیانوایە ئەگەر بە کوردی قسە نەکەن ئەوا زمانی سوێدییان بەهێز دەبێت.

هەروەها مونیرە حەسەن دەڵێت "بەهۆی ئەم فەرامۆشکردنەی کەسوکاریان، زۆر لە منداڵانی کورد مامۆستای زمانی کوردییان نییە".

بەهۆی قورسیی پرۆسەکە لەلایەک و کەمیی داهاتەکەی، ژمارەی مامۆستایانی زمانی کوردی هەروا ڕوو لە کەمی دەکات. حکومەتی سوێد دەیەوێت بەرنامە بۆ ئەمە دابنێ و کوردستانیش فەرامۆشی کردووە.

بەرنامەی گوتنەوەی وانە بە زمانی دایک لە دەرەوەی کاتی فەرمیە و دوای تەواوبوونی خوێندنە. بۆیە وەک مونیرە حەسەن دەڵێت "منداڵەکان ماندوو دەبن و توانای وەرگرتنی زانیارییان کەم دەبێتەوە".

لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، زۆر لە نەتەوە و گەلانی دیکەی تاراوگەنشینی سوێد دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی یەکەمی خۆیان و لەڕێگەی حکومەت و باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانەوە هاوکاری ماڵی و تەنانەت هی دیکەش دەکرێن.

نموونەی بەرچاوی ئەمە وڵاتە عەرەبییەکان و تورکیا و ئێران. وەک ڕووناک شوانی گوتی "باڵیۆزخانەی تورکیا و بەشێک لە پاشکۆ ڕۆشنبیرییەکان لەڕێگەی پارە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی مووچەی مامۆستاکان و تەرخانکردنی کتێب و بەرنامەی دیکە هاوکاری ئەم بەرنامەیەن".

ئەو دەڵێت باڵیۆزخانەی عێراق و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەک هاوکاری پرۆسەکەیان نەکردووە.

لە مانگی تشرینی یەکەمی 2013 لە شاری هەولێر حکومەتی سوێد کۆنفرانسێکی لەبارەی پرسی زمانی کوردی لە سوێد ڕێکخست. بەڵام وەک مامۆستا سوێدییەکان دەڵێن، لایەنی کوردی زۆر پاڵپشتی کارەکە نەبوون. ڕووناک شوانی گوتی "چاوەڕوانی زۆرمان لەو کۆنفرانسە کرد، بەڵام هیچ، کۆمەڵێک بەڵێنیان پێداین، بەڵام هیچ ئەنجامیان نەبوو".



### باشترین مامۆستای زمانی دایک کوردە

ئەمەی کە سوێد لە هەولێر کردی بۆ پێشخستنی بەرنامەی زمانی کوردی بوو، بەڵام ئەنجامەکەی دیار نەبوو. هەر لەسوێد و لەسەر دەستی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان و کۆمۆنی شارەکان، بەرنامەی دیکەیان هەیە بۆ ئەم مەبەستانە و چەندین پرۆسەی جیاجیای هەیە لە هاندان و پێشخستنی کەسانی خاوەن پیشە، ئەمەش وایکرد بۆ ساڵی ڕابردوو کەسایەتییەکی کورد، لە بوارەکەی خۆی کە مامۆستای فێربوون و پەرەپێدانی زمانی دایکە، وەک باشترین مامۆستا بناسێنێ و خەڵاتی بکات. حەیدەر دڵژەن یەکێکە لەوانە و وەک باشترین مامۆستای زمانی دایک لە سوێد خەڵات کرا.

ئەلێکس کە قوتابییەکی کوردە بە (ڕووداو) ی گوت "من هیچ لەبارەی کوردستان نازانم" و هێمنی براشی تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە "کوردستان گەرمە و خۆشە".

لەکۆی 15 منداڵ کە زمانی کوردییان دەخوێند، تەنیا کچێکی تەمەن 14 ساڵ دەیتوانی بە کوردییەکی تا ئاستێک باش قسە بکات. ئەویش لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە بە کوردی قسە دەکەن و ساڵانەش دەچنەوە کوردستان. بە بڕوای مونیرە حەسەن دایک و باوک ڕۆڵی نەرێنیان لەو ڕووەوە هەیە و زمانی دایکی منداڵەکانیان فەرامۆش کردووە، بەڵام ئومێد گۆمەشینی ئەوەی پێ ئاساییە و دەڵێت "ئەمە ڕاستییە و دەبێت وەک خۆی ببینین، تۆ لە وڵاتێکی بێگانەیت و ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە".

# دزەیی بۆ بەساڵاچووانی بەریتانیا دەبێتە فریادڕەس

**ئیکرام حوسێن**
**مانچستەر- بەریتانیا**

ئەوانەی بە گەنجی بەریتانیا جێدەهێڵن، لەکاتی بەساڵاچوونیاندا بۆی دەگەڕێنەوە، ئەوەش لەبەر زۆریی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ بەساڵاچووان. خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی لە بەریتانیا لە جیهاندا بەوە ناسراوە کە خزمەت و چاودێرییەکی زۆری بەساڵاچووان دەکات.

پزیشکانی کورد بەشدارێکی گرنگن لە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی ناسراو بە NHS . لە بەشی بەساڵاچووانی نەخۆشخانەی ستیپینگهیڵ لە شاری مانچستەر، پزیشکێکی کورد ماوەی 4 ساڵ بەڕێوەبەری ئەو بەشە بووەو ئێستاش یەکێکە لە پزیشکە خاوەن ئەزموونەکانی ئەو بەشە.

کامەران دزەیی، 52 ساڵ، ڕاوێژکار لە بەشی هەناو، ساڵی 1986 لە کاتی جەنگی ئێران و عێراقدا کوردستانی بەجێهێشتووە و وەک پەنابەرێک ڕووی لە بەریتانیا کردووە.

لە بەشی بەساڵاچووان هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ دڵخۆشکردن و ئاسوودەکردنی نەخۆشەکان، ئەوان سیستمێکیان هەیە دڵی بەساڵاچووان خۆشدەکات و خەرجییەکی گەورەش بۆ حکومەت دەگێڕێتەوە.

د.کامەران دزەیی باسی ئەو نەخۆشخانەیە بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێ "ئەو نەخۆشانە دێنە ئێرە کە پێویستیان نییە لە نەخۆشخانە بمێننەوە. ئەوانە هەندێکجار پێویستیان بە خوێنە، یان دەرمانی تایبەتیان پێدەدرێت لە ڕێگەی ئاو هەڵواسینەوە بۆیان، بەیانی ئۆتۆمبێل دەچێت بە دوای نەخۆشەکاندا و دوای وەرگرتنی چارەسەری، نانی نیوەڕۆ دەخۆن و دواتر ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی دەیانباتەوە بۆ ماڵەوە".

نەخۆشەکانی بەشی بەساڵاچووان ڕوویەکی خۆشیان هەبوو، ئاسوودەش دیاربوون. کاتێک نەخۆشێک دێتە بەشەکە، لە ژێر چاودێری پزیشکێکی ڕاوێژکاردا دەبێت. پەرستارەکان هەموو جۆرە خزمەتێک پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکەن بە جۆرێک نەخۆش پێویستی بە هاوەڵ نییە.

ترەیسی هوساین، 22 ساڵ کە قوتابی کۆلیژی پەرستارییە، دەڵێت "کاری من لێرە ئەوەیە خزمەتی خەڵکی بەساڵاچوو بکەم، پەستانی خوێن دەپێوم، زانیارییەکان کۆدەکەمەوە، یارمەتی نەخۆشەکانیش دەدەم بۆ ڕۆشتنیان بۆ تەوالێت، هەروەها خواردن دەدەمە نەخۆشەکان".

زۆر بە کەمی نەخۆش لە نەخۆشخانەکە دەخەوێندرێت، بەڵکو ئەگەر پێویستی کرد ڕۆژانە هاتوچۆی پێدەکرێ، چونکە بەپێی قسەی د.کامەران دزەیی، مانەوەی هەر نەخۆشێک لە نەخۆشخانە شەوانە 600 دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت.

بەشی بەساڵاچووان زیاتر شێوەی میوانخانەی هەیە، کورسییەکان نەرمن و دەرگاکان خۆیان دەکرێنەوە و دادەخرێنەوە، ڕەنگی دیوارەکانیش ئارامبەخشن.

د.کامەران دزەیی، جگە لەوەی ڕاوێژکاری بەساڵاچووانە، تایبەتمەندی لە جەڵتەی مێشکیشدا هەیە، ئەو ناوێکی گەورەیە لە نەخۆشخانەکەی خۆیدا.

کاتێک د.کامەران لە کلینیکەکەی چاوی بە نەخۆشەکان دەکەوت، لەسەر دوو کورسی بەرامبەر یەکدی دادەنیشتن، بێ ئەوەی مێز لە نێوانیاندا بێت، ئەوەش بۆ زیادکردنی متمانەی نەخۆشەکانە بە پزیشکەکانیان.

ئەو بینایەی بەشی جەڵتەی مێشکی تێدایە، بینایەکی کۆن بوو، تەمەنی زیاتر لە 100 ساڵ بوو، بەڵام لە ناوەوە پیریی پێوە دیار نەبوو، تەکنۆلۆژیا و خزمەت لە لوتکەدا بوون.



د. کامەران دزەیی، لەکاتی پشکنین بۆ بە ساڵاچوویەکی نەخۆش (فۆتۆ: ڕووداو)

ئەو ڕۆژانەی کامەران دزەیی ئێشکگرە، لە کاژێر 7:30 خولەکی بەیانییەوە لە ژوورەکەی خۆی ئامادە دەبێت، ئەو جگە لە مۆبایل، ئامێرێکی پێیە لە ڕێگەیەوە زەنگی بۆ دەنێرن ئەگەر نەخۆشی لەناکاو هەبێت. ڕۆژانە لەگەڵ دەستپێکردنی کاردا، کۆمپیوتەر و ئەکاونتە تایبەتییەکەی خۆی دەکاتەوە و وەڵامی سەرجەم نامەکان دەداتەوە.

نەخۆشخانەکە سیستمێکی ئەلیکترۆنی هەیە کە زانیاری نەخۆشەکانی تێدا هەڵدەگیرێت. کاتێک نەخۆشێک پەیوەندی دەکات، پێش گەیشتنی بە نەخۆشخانە سەرجەم زانیارییەکانی و نەخۆشییەکانی پێشووتری ئامادە دەبێت، هەروەها ئەگەر هەر وێنەیەکی تیشکی بۆ بگیرێت، لە سیستمەکەدا هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت، ئەوەش هاوکارییەکی گەورەی پزیشکان دەکات لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکاندا.

کاتێک کامەران دزەیی سەردانی بەشی جەڵتەی مێشک دەکات، پێشتر لە لایەن پزیشک و پەرستارانەوە ئامادەکاری بۆ دەکرێت، ئەو لەگەڵ پەرستارێک و دوو پزیشکی دیکە سەردانی هەموو نەخۆشەکانی دەکات و نزیکەی نیو کاژێر لەگەڵ هەر یەکەیان دەمێنێتەوە. کێڤن یەکێک بوو لەو نەخۆشانە.

کامەرانی دزەیی گوتی "کێڤن جەڵتەیەکی سووک لێیداوە، پشکنینمان بۆ کردووە دەمارێکی خوێن لە ملیدا تەسکبووەتەوە، بۆیە ڕەوانەی پزیشکی نەشتەرکاری دەماری دەکەین، بۆ ئەوەی ڕێگە لە جەڵتەیەکی دیکە بگرین دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت، چونکە 20%ی ئەم جۆرە نەخۆشانە لە ماوەی مانگێکدا تووشی جەڵتە دەبنەوە ئەگەر نەشتەرگەرییان بۆ نەکرێت".

د.کامەران دزەیی، جگە لەوەی پزیشکی ڕاوێژکارە و بەرزترین پلەی زانستی هەیە، بەڵام پێشەنگیشە لە هەڵسوکەوتکردنی جوان لەگەڵ نەخۆش و تیمە پزیشکییەکاندا.


ڕەحمان شەفیق، 35 ساڵ کە پزیشکێکی هیندییە لە نەخۆشخانەکە، دەڵێت "دزەیی پەیوەندییەکی زۆرباشی هەیە لەگەڵ نەخۆشەکاندا، هەموو شتێکیان بە دوورودرێژی بۆ ڕووندەکاتەوە، من زۆر لە دزەییەوە فێر بووم".

د. کامەران دزەیی دەڵێ بەهۆی خێرایی گەیاندنی نەخۆشانی جەڵتەی مێشکەوە بە نەخۆشخانەکان، ئێستا پێشکەوتنێکی گەورە لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا بەدیهاتووە، ئەو نەخۆشانەی ئێستا چارەسەر دەکرێن، پێشتر یان دەمردن یان چەندین ساڵ بە کەساسی لەناو جێگا دەکەوتن".

خزمەتگوزارییەکان جۆراوجۆرن. بێسانی گێڵدی، 25 ساڵ، پەرستاری پێشکەشکردنی خۆراک، خانمێکی باڵا مامناوەندی دەم بە زەردەخەنە بووگوتی "بەپێی جۆری نەخۆشەکان خواردنەکانیش دەگۆڕێن، هەندێکیان ناتوانن خۆراک قووتبدەن، بۆیە دەبێت ژەمە خۆراکی نەرمیان پێبدەین. بەگشتی ئاوی میوە و خۆراکی پڕ یەکەی خۆراکی و دروستیان پێدەدەین".

نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکە هەروا بە ئاسانی بەڕێناکرێنەوە بۆ ماڵەوە. وەک د.کامەران دەڵێت "پێش ئەوەی نەخۆشەکان بنێرینە ماڵەوە، تواناکانیان تاقیدەکەینەوە، هاتن و ڕۆیشتن و بەسەر پلیکانەدا سەرکەوتن، ئەگەر لێیان دڵنیا بووین، ئینجا دەیاننێرینەوە".

خزمەتگوزارییەکان بێ بەرامبەر پێشکەش دەکرێن لە چوارچێوەی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی. دزەیی بەداخە لەوەی کە سیستمی لەو جۆرە لە کوردستان نییە، ئەو دەڵێ دەبێت کاتێک خەڵک جەڵتەی لێیدەدات زوو بگاتە نەخۆشخانە، لەوێش زوو چارەسەری بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی نەمرێ یان کەساس نەبێت، د.کامەران دەڵێ "دوایین نەخۆش کە چارەسەرم کردووە لە ماڵەکەیەوە تا نەخۆشخانە نزیکەی 30- 35 خولەکی خایاندووە".


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures
Falcon Group is comprised of several companies, including
- Falcon Security
- Falcon Construction
- Falcon Agriculture
- Falcon Oil & Gas
- Falcon Batch Plant
- Falcon Demining
- Falcon German Trading
- Falcon Transportation
- Falcon Logistics
- Full Service
- Brayati Construction
- Quesco Turbo Machinery Services
Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3
Tel:00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
ئۆڤەرێکی نوێ لە کۆمپانیای M.S.N بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل
فرۆشتن بۆ ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ تەنها بە پێشەکی لە 30 % بە قستی مانگانە بۆ ماوەی (3) ساڵ بێ بانک
korando SPORTS
NEW korando
REXTON
خزمەت گوزاری دوای کرین گرێنتی (2) ساڵ یا 100.000 کم پارچەی یەدەگی ئەسڵی ڕۆن و فلتەر بەخۆڕای
هەولێر، شەقامی 100 مەتری، چوار ڕیانی ڕاستی تەنیشت گراج بەغدا 07503442601-07503442602 - 07503442603
سلێمانی: 07706847483 - 07711574639 دهۆک: 07501976202-07503869652 کرکوک: 07503442605 - 07501442027


Empire Diamond Towers
Empire World
Building the Future
تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com

رووداو
ژنان
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## ژنێک خۆی دەکوژێت



**رووداو-خانەقین**

لە ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە قەزای خانەقین، ژنێک گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی دەکوژێت. ئەو ژنە تەمەنی 20 ساڵ بوو، شەوی 2014/3/13 گوللەیەکی لە خۆی داو بەیانییەکەی گیانی لەدەستدا، بەپێی وتەی کەسوکاری ئەو ژنە کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە "لەگەڵ ئەوەشدا باری دەروونی تەواو نەبوو، تەرمی ئەو ژنە رەوانەی پزیشکی دادوەری کەلار کرا، کەس سکاڵای نەبووە و کەسیش نەگیراوە".

# پرۆژە یاساکەی جەعفەری دەکەوێتە بەر رەخنەی توندی ژنان

### ژنە چالاکوانێک:
## ئەو پرۆژە یاسایە تەنیا خزمەت بە ناوگەڵی پیاوان دەکات

**یودیت نیورینک**
**رووداو- هەولێر**

چالاکوانانی بواری ژنان زۆر بەتوندی دژی ئەو پرۆژە یاسایە دەوەستنەوە کە بۆ دەستکاریی یاسای باری کەسی پێشنیاز کراوە و تێیدا هاوسەرگیریی کچ لە دوای تەمەنی 9 ساڵی بە یاسایی دادەنێ.

حەننا ئێدوار، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئەمەل کە هەوڵ دەدات باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان باشتر بکات، دەڵێت "ئەم پێشنیازە کەرامەتی ئافرەت و مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و جیاوازیی تایفی پەرە پێدەدات."

هەڵوێستە توندەکانی دژ بەو یاسا عێراقییە کە بڕیار وایە دوای هەڵبژاردنەکانی نیسانی ئەمساڵ رەوانەی پەرلەمان بکرێ، بەتایبەتی لەسەر ئەو خاڵە چڕدەبنەوە کە داوای کەمکردنەوەی تەمەنی شووکردنی کچ لە 18 ساڵییەوە بۆ 9 ساڵی دەکات.

ئێدوار دەڵێت "مەبەستیان جووتبوونە لەگەڵ منداڵان، دایکان و باوکان بێز لەو پێشنیازە دەکەنەوە."

ئێدوار لەسەر زاری کچێکی 9 ساڵانەوە دەگێڕێتەوە کە لە خۆپێشاندانێکدا قسەی کردووە و گوتوویەتی ئەو حەزی لە یارییە لەگەڵ هاوڕێکانی، ئەو هەموو رۆژێک قوڕاوی دەبێت و پێویستی بەوەیە دایکی بیشوات. ئێدوار دەڵێت "کچە 9 ساڵانەکە بە منی گوت: من هێشتا منداڵم و نامەوێت شوو بکەم، پەیامێکی زۆر سادە و بەهێز."

ئەم پرۆژە یاسایە لەکاتێکدا پێشنیاز دەکرێ کە هاوسەرگیریی لەگەڵ کچانی منداڵکار روو لە هەڵکشانە. ئێدوار زۆر کچی تەمەن 10 ساڵان دەناسێت کە لە مەراسیمێکی شەرعیدا و دوور لە چاوی دادگاکان بە شوو دراون، بەڵام دوای چەند مانگێک لە مێردەکانیان جیابوونەتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەستکورتی باوک و دایکی کچە منداڵکارەکانە کە بۆ کەمێک پارە مل بۆ کاری وەها دەدەن.

ئێدوار دەڵێت کچەکە لە تەمەنی 12 ساڵی دەبێتە دایک، بێ ئەوەی لە فەرمانگە حکومیەکاندا ناوی تۆمار بکرێ. واتە نە ناسنامەی دەبێت و نە ماف و نە خزمەتگوزاریی تەندروستی. ئەوان کچەکە لە خوێندن بێبەش دەکەن. هەر ئێستا نیوەی ئەو کچانەی لە لادێکانن نەخوێندەوارن و ئەو پرۆژە یاسایە دەتوانێت ئەم ژمارەیە گەورەتر بکات.

یانار محەممەد، سەرۆکی رێکخراوی رزگاریی ئافرەتان لە عێراق دەڵێت "ئەم پرۆژە یاسایە تەنیا خزمەت بە ناوگەڵی پیاوان دەکات، ئەمە پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی منداڵانە".

ئەو هەروەها دەڵێت کە بەپێی ئەو یاسا نوێیە، پیاو دوای جیابوونەوە پێویستە پارەیەکی مانگانە وەک نەفەقە بدات. یانار دەڵێت "کاتێک ژن زۆر بچووک یان زۆر پیرە بۆ جووتبوون، پێویست ناکات پارە بدرێت. سەیر بکەن ئەم پرۆژە یاسایە بەهیچ شێوەیەک باس لە رێککەوتن لەڕێگەی خۆشەویستییەوە ناکات. جەستەی ئافرەت تەنیا بۆ چێژ بینینە لە لایەن پیاوەوە."

یانار هەروەها دەڵێت "ئەمە پرۆژە یاسایەکە کە رەنگە 2 هەزار ساڵ بەر لەئێستا خەڵک بەباشیان زانیبێ نەک لە سەردەمی ئێمەدا، بەڵام پیاوانی ئاینی بە قات و بۆینباخی گرانبەهاوە کە هاوکات بە ناوی خواوە قسە دەکەن، رای خەڵکیان بە لاوە گرنگ نییە."



ژنە چالاکوانەکانی کەرکووک دژی پرۆژە یاساکەی جەعفەری دەوەستنەوە

ئەم پرۆژە یاسایە لە قوتابخانەی ئاینی ئیمام جەعفەرییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە سەدەی 18یەمدا ژیاوە و ئیمامێکی شیعە بووە. ئەنجوومەنێکی باڵای قەزایی شیعی لە شاری نەجەفەوە، چاودێری ئەو سەکۆ دینییانە دەکات کە لە سەرانسەری عێراقدا بڕیار لە کاروباری هاوسەران دەدەن. ئەم ئەنجوومەنە دەسەڵاتێکی زۆری بە دامەزراوە شیعییەکان داوە تا قسەیان لەسەر سیستەمی قەزایی لە عێراقدا هەبێت.

ئەم پرۆژە یاسایە دەست بۆ یاسای باری کەسی ساڵی 1959 دەبات کە ئەوکات بە یەکێک لە لیبراڵترین یاساکانی دنیای عەرەب و ناوچەکە دادەنرا. ئەم یاسایە بۆ زۆرینەی خەڵکی عێراق کە شیعەن کاری پێدەکرێت.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئەم یاسایەی پەسەند کردووە کە لەلایەن وەزیری داد، حەسەن شەممەرییەوە پێشنیاز کرابوو. لەکۆی 29 وەزیر 21یان دەنگیان بە رەشنووسەکە دا، بەڵام پێدەچێت سەرکردە ئاینییەکانی نەجەف دژ بە پێشنیازەکە هەڵوێستیان وەرگرتبێت. یانار دەڵێت نەجەف چاوەڕێی ئەو هەمووە ناڕەزاییە نەبوو.

بەڵام تەنیا ئەو پرۆژە یاسایە نەبوو کە ناڕەزایی گشتیی لێکەوتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە ناڕەزاییەکان پەیوەستن بە خاڵی دیکەی ناو پێشنیازەکە کە داوا دەکات کچ تەنانەت دوای تەمەنی 18 ساڵی پێویستی بە رەزامەندی باوکی بێت بۆ ئەوەی بچێتە ژیانی هاوسەرییەوە. یەکێکی دیکە لە خاڵەکان دەڵێت ژن بەبێ رەزامەندیی هاوسەری بۆی نییە لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە. ئێدوار دەڵێت "ئەمە لێسەندنەوەی مافەکانی ئافرەتە."

هەر لەو پرۆژە یاسایەدا هاتووە کە ژن بۆی نییە سەرجێیی لەگەڵ هاوسەری رەتبکاتەوە. هاوکات هاتووە کە پیاو بۆی هەیە بەشێوەیەکی کاتی لەگەڵ ژنی ناموسڵمان هاوسەرگیری بکات.

لە رۆژی ژناندا، ناڕەزاییەکان دژ بەو رەشنووسە گەیشتە شەقامەکانی بەغدا. ئێدوار دەڵێت "پێویستە خەڵک ئاگادار بکرێنەوە. زۆرینەی خەڵک پێیانوایە ئەم یاسایە چونکە سەر بە قوتابخانەی جەعفەرییە، دەبێ یاسایەکی باش بێت." ئێدوار هەوڵدەدات کۆدەنگییەک لەسەر ئەم پرسە لە ناو پەرلەماندا دروست بکات، بەڵام پێیوایە گوشاری نێودەوڵەتی دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت. هەر لە ئێستاوە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە عێراق کردووە رەشنووسەکە بکشێنێتەوە، چونکە عێراق پەیمانی دژ بە جیاکاریی رەگەزی واژۆ کردووە.

یانار محەممەد دەڵێت کە دڵنیایە خەڵکی عێراق دژ بە یاساییکردنی "منداڵبازی" دەوەستنەوە. ئەو دەڵێت تەنانەت پیاوانیش دژ بەو یاسایە وەستاون، گوتیشی "سیاسییەکان ویستیان وای نیشان بدەن کە ئەمە لە رێگەی دەنگی زۆرینە و بەشێوەیەکی دیموکراتی کراوە، بەڵام ئەم رەشنووسە دژی هەموو مافەکانمانە. ئەوان ناتوانن لەوەدا ئەوە بکەن کە دەیانەوێت".

## بەراوردێک لەنێوان پرۆژە یاسای جەعفەری و یاسای باری کەسێتی

یاسای ژمارە 188ی باری کەسێتی ئێستای عێراق لە ساڵی 1959وە دەرچووەو چەند جارێکیش بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان و بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی هەموارکراوە.

یاساکە زۆربەی رێنماییەکانی ئاینی ئیسلام لە پرسی میرات و هاوسەرگیری بەپێی هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام (شافعی، حەنبەلی، مالیکی، حەنەفی و جەعفەریی شیعە) پەیڕەو دەکات، ئەو یاسایە لەسەر هەموو موسڵمانان لە عێراق بەجیاوازیی مەزهەبەکانیانەوە جێبەجێ دەکرێ. یاسای باری کەسێتی مافی بە موسڵمانان داوە لە دادگا بەپێی مەزهەبی خۆیان بڕیار لە باری کەسێتیان بدرێت وەک پرسەکانی هاوسەرگیری و میرات.

لەبەرامبەردا شوێنکەوتووانی ئاینەکانی جگە لە ئیسلام وەک مەسیحی و سابیئە لە یاسای باری کەسێتی ئێستای عێراق مافیان پێدراوە لە دادگا بەپێی رێنماییەکانی ئاینی خۆیان بڕیار لە باری کەسێتیان بدرێت.

### دادگای تایبەت بە سوننە و شیعە

پێشتر لە عێراق دادگای تایبەت بە مەزهەبی سوننەو دادگای تایبەت بە مەزهەبی شیعە هەبوو، بەڵام دواتر هەموو دادگاکان یەکخران.

ئێستا دوو بۆچوون لەبارەی یاسای باری کەسێتی عێراق هاتووەتە ئاراوە:

یەکەمیان داوای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ئێستا دەکات و دووەمیشیان داوای دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە مەزهەبی شیعە دەکات لە عێراق کە ئەگەری ئەوە هەیە رێگە بۆ پێکهاتەی سوننەو کەمینە ئاینییەکان خۆشبکات داوای دەرکردنی یاسای تایبەت بە باری کەسێتی خۆیان بکەن.

### پرۆژە یاسای باری کەسێتی جەعفەری

لە کۆتایی 2013 لەلایەن وەزیری دادی عێراقەوە پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کراو لە 25ی شوباتی رابردوو پەسەند کرا.

پرۆژە یاسای باری کەسێتی جەعفەری تایبەتە بە رێکخستنی باری کەسێتی شوێنکەوتوانی مەزهەبی شیعە لە عێراق وەک پرسەکانی هاوسەرگیری و میرات و سەلماندنی رەچەڵەک و دیاریکردنی تەمەنی یاسایی بەشوودان.

### فەرمانڕەوایی باوک بەسەر کچەکەیدا

بەپێی ماددەی 52 و 53ی پرۆژە یاسای جەعفەری، باوک و باپیرە هیچ فەرمانڕەواییەکیان لەسەر کچە پێگەیشتووەکانیان یان کچە تەڵاقدراوەکانیان نابێ، گەرچی کچە سەربەخۆش بێ لە راپەڕاندنی ژیان و گوزەرانی خۆی یان نا، بەڵام کچە دەتوانێ بە رەزامەندی بابی یان باپیرەی لە باوکییەوە، شوو بکات.

بەڵام لە ماددەی 4ی یاسای باری کەسێتی یەکگرتووی عێراقدا دەڵێ کچ بەبێ رەزامەندی باوکی یان باپیرەی لە باوکییەوە ناتوانێ شوو بکات.

### تەمەنی پێگەیشتن

بەپێی ماددەی 16ی پرۆژە یاسای جەعفەری، کچ لە تەمەنی 9 ساڵیدا بە رۆژژمێری کۆچی (واتا کەمتر لە 9 ساڵ بە رۆژژمێری زاینی) بە پێگەیشتوو دادەنرێ و کوڕیش لە تەمەنی 15 ساڵیدا بە رۆژژمێری کۆچی بە پێگەیشتوو دادەنرێ. بەپێی ماددەی حەوتەمی یاسای باری کەسێتی یەکگرتووی عێراق، کوڕو کچ لە تەمەنی 18 ساڵیداو بە مەرجی لێهاتوویی و تێگەیشتنیان بە پێگەیشتوو دادەنرێن، بەڵام ماددەی 8ی هەمان یاسا دادوەر سەرپشک دەکات رێگە بە بەشوودانی کچی تەمەن 15 ساڵ بدات لەبەر هۆکاری پێویست.

### هاوسەرگیری

پرۆژە یاسای جەعفەری لە ماددەی 63 هاوسەرگیری بەردەوام لە نێوان پیاوی موسڵمانی شیعە مەزهەب و ئافرەتی مەسیحی یان جولەکە یان ناموسڵمان بە یەکجاری قەدەغە دەکات، ئەمەش پێچەوانەی ماددەی 17ی یاسای باری کەسێتی یەکگرتووی عێراقە کە رێگە بە هاوسەرگیری نێوان پیاوی موسڵمان و ئافرەتی مەسیحی یان جولەکە دەدات، ئەوەی جێی سەرنجیشە پرۆژە یاسای جەعفەری رێگە بە هاوسەرگیری کاتی لە نێوان پیاوی شیعەمەزهەب و ئافرەتی ناموسڵمان دەدات.

بەپێی ماددەکانی 78 و 86ی پرۆژە یاسای جەعفەری، لەکاتی بوونی هەر کەموکورییەک لە پیاو یان ژنەکەی ئەو کەموکورییەش ببێتە هۆی مەحاڵبوونی بەردەوامی ژیان لە نێوانیان وەک ئەوەی (پیاوەکە توانای سێکسکردنی نەبێ یان پیاوەکە یان ژنەکە توانای منداڵبوونیان نەبێ) هەردوولا دەتوانن داوای جیابوونەوە بکەن و سەلماندنی ئەو کەموکورییەی ژن یان پیاوەکەی بە سوێندخواردن دەبێ.

یاسای باری کەسێتی یەکگرتووی عێراق کەموکوریی ژن و پیاو لەڕووی سێکسکردن و توانای منداڵبوون بەڕێگەی لیژنەی پزیشکی دەسەلمێنێ.

### مافی پیاو لەسەر هاوسەرەکەی

ماددەی 101ی پرۆژە یاسای جەعفەری مافی تەواو دەبەخشێتە پیاو بەوەی هەر کاتێک بیەوێ سێکس لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات و رێگە نادات ئافرەت بەبێ رەزامەندی پیاوەکەی لەماڵەوە بچێتە دەرەوە.

بەڵام یاسای باری کەسێتی یەکگرتووی عێراق هیچ ماددەیەکی لەوجۆرە لەخۆناگرێ.

### فرەژنی

ماددەی 104ی پرۆژە یاسای جەعفەری مافی فرەژنی دەداتە پیاوان و باسی خشتەی مانەوەی پیاوی فرەژن دەکات لای ژنەکانی و دەڵێ گەر پیاوێک چوار ژنی هەبێت، دەبێ هەر شەوێک لای یەکێکیان بەسەرببات، بەڵام ئەگەر پیاوەکە سێ ژنی هەبێت ئەوا دەبێ هەر شەوێک لای یەکێکیان بەسەرببات و مافی خۆشیەتی بۆ دوو رۆژ لای یەکێک لە ژنەکانی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پیاو دوو ژنی هەبێت ئەوا دەتوانێ بەیەکسانی لایان بمێنێتەوە یان سێ رۆژ لای یەکێکیان بمێنێتەوەو رۆژێکیش لای ئەوەی دیکە.

یاسای باری کەسێتی یەکگرتووی عێراق لە ماددەی 3 فرەژنی بەبێ رەزامەندی دادگا قەدەغە دەکات و بۆ فرەژنیش دوو مەرجی داناوە: یەکەم پیاوەکە ئەوەندە دەوڵەمەند بێ کە بتوانێ خەرجی زیاتر لە ژنێک دابین بکات و دووەم بەرژەوەندییەکی رەوا لە هێنانی زیاتر لە ژنێک هەبێت، ئەگەرنا هەر پیاوێک زیاتر لە ژنێک بێنێ بە زیندانی و غەرامەکردن سزا دەدرێ، بەڵام ئەو مەرجانە هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژن ناگرێتەوە.

### سەلماندنی رەچەڵەک

پرۆژە یاسای باری کەسێتی جەعفەری لە ماددەی 112 پشت بە بەڵگەو سوێندخواردن دەبەستێ بۆ سەلماندنی رەچەڵەک، لە کاتێکدا لە هەموو جیهان پشت بە تاقیکردنەوەی DNA دەبەسترێ بۆ سەلماندنی رەچەڵەک.

### دابینکردنی خەرجیی ژن لەلایەن پیاوەکەیەوە

پرۆژە یاسای باری کەسێتی جەعفەری لە ماددەی 126 پیاو ناچار ناکات خەرجی ژنەکەی دابین بکات ئەگەر ئەو ژنە منداڵ بێ یان بە تەمەن بێ و پیاوەکە نەتوانێ سێکسیان لەگەڵ بکات، بەو واتایەی دابینکردنی خەرجی ژن لەلایەن پیاوەکەیەوە بەپێی پرۆژە یاسای جەعفەری بەندە بە بوونی پەیوەندی سێکس لە نێوانیان.




## پرۆژە یاسای جەعفەری نێو ماڵی شیعە تێکدەدات

**ئاسۆ فیشەگی**
**رووداو- هەولێر**

پەسەندکردنی یاسای باری کەسێتی تایبەت بە شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە ناڕەزاییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا نەک هەر لەلایەن عەلمانییەکان و داکۆکیکاران لە مافی ژنان، بگرە بووەتە جێی ناڕەزایی گەورە مەرجەعەکانی شیعەش لە عێراق.

یاسای رێکخستنی باری کەسێتی تایبەت بە شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە لە عێراق پرسێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەو ناڕەزاییەیە کە ئەو پرۆژە یاسایە دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەدوای خۆیدا هێنای، هەرچەندە دوو مانگ لەمەوبەر ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایە بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق دوابخات.

وائیل عەبدوللەتیف، پسپۆڕی بواری یاسا و دەستووری لەبارەی پرۆژەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "یاسای باری کەسێتی عێراق کە لە ساڵی 1959 دەرچووەو تا ئێستاش کاری پێدەکرێ، رێنماییەکانی هەموو مەزهەبەکانی ئاینی ئیسلامی بە مەزهەبی جەعفەریشەوە لەبەرچاو دەگرێ و رێگە بە دادوەر دەدات بەپێی مەزهەبی کەسەکە بڕیار لەو کەیسە بدات ئەگەر کەیسەکە پەیوەندی بە باری کەسێتییەوە هەبێ".

وائیل عەبدوللەتیف کە شیعە مەزهەبە و بۆ ماوەی 10 ساڵ دادوەر بووە لە دادگاکانی عێراق، زیاتر دەڵێ "دادوەرانی باری کەسێتی عێراق بەگشتی شارەزای رێنماییەکانی مەزهەبەکانی ئاینی ئیسلامن لەبارەی باری کەسێتییەوە، بۆیە هیچ پێویستییەک نابینم بۆ دەرکردنی یاسایەکی باری کەسێتی تایبەت بە مەزهەبی شیعە".

لەبەرامبەردا، شارەزایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە شارەزاترین لایەن لە رێنماییەکانی مەزهەبی جەعفەری خودی مەرجەعیەتی شیعەیە، کەچی وەک لە بەیاننامە و وتارەکانی ئەو مەرجەعیەتەوە دیارە، پرس بەوان نەکراوە لەبارەی پرۆژە یاساکە.

هەرچەندە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە عێراق ئامادە نییە هیچ لێدوانێک لە بارەی یاسای جەعفەرییەوە بدات، بەڵام کامیل ئەمین، گوتەبێژی وەزارەتەکە بۆ (رووداو)ی ئاشکرا کرد کە وەزیری مافی مرۆڤی عێراق دەنگی بۆ پەسەندکردنی پرۆژە یاسای جەعفەری داوە لە ئەنجوومەنی وەزیران.

پرۆژە یاسای باری کەسێتی جەعفەری پێشتر لەلایەن حەسەن شممەری، وەزیری دادی عێراقەوە پێشکەش کرا، چاودێرانیش لەوبارەوە دەڵێن ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن مەرجەعیەتی حیزبەکەی وەزیری دادی عێراق کە حیزبی فەزیلەی ئیسلامییە داڕێژراوە، نەک عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعە لە نەجەف.

لە ماددەی 41ی دەستووری فیدراڵی عێراقدا هاتووە (عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە ئاین و مەزهەب و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان لە پرسی باری کەسێتی، ئەمەش دەبێ بە یاسا رێکبخرێ).

رێکخراوی هیومەن رایتس وۆچ لە راپۆرتێکدا رەخنەی توندی لە پرۆژە یاسای جەعفەری گرت و رایگەیاند کە ئەو پرۆژە یاسایە "پەرە بە تایەفەگەری دەدات لە عێراق و چەند ماددەو بڕگەیەک لەخۆدەگرێ کە مافی ئافرەتان و منداڵان پێشێل دەکەن، بەتایبەت لە پرسی کەمکردنەوەی تەمەنی یاسایی بەشوودانی کچان و فرە ژنی".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## چیچانییەک لە زیندانێکی کوردستان گیان لەدەستدەدات



**رووداو-چەمچەماڵ**

رۆژی 2014/3/15 لـە زیندانـی فیدراڵـی چەمچەماڵ، زیندانییەک گیانی لە دەسـتدا، ئەو زیندانییە بە رەگەز چیچانی بوو، ناوی رافیع مانیع بوو. ئەو پیاوە لە بەسرا دەستگیر کرابوو، ماوەی 4 ساڵ بوو بەپێی مادەی 4ی تیرۆر دەستگیر کرابوو. پۆلیسی چەمچەماڵ بڵاوی کردەوە "ئەو زیندانییە نەخۆشی پەنکریاسی هەبوو، بە هۆی خراپی باری تەندروستی لە نەخۆشخانەی سلێمانی گیانی لەدەستدا". ئەو زیندانییە سەر بە وەزارەتی دادی عێراقە و زۆربەی زیندانییەکانی لەسەر کاری تیرۆرستی دەستگیر کراون.



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

## پارێزگای هەڵەبجە

یـادی 26 سـاڵەی کیمیابارانی هەڵەبجـەی شـەهید بـەرز راگیرا، یادکردنـەوەی ئەمسـاڵ بـۆ هەڵەبجەییـەکان جیاواز بـوو. لە ئەمڕۆوە، واتە لە نێو مەرگەوە ژیان و ئاوەدانی لەدایـک بوو، هەڵەبجە بـوو بـە پارێـزگا کە رەنگـە ئەوە کەمترین شت بووبێت بۆ هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان کرابێ.

بەڵام ئـەوەی ئاسـایی نییە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبووکەوە و لە لێدوانی سیاسـییەکان و سـایتە ئەلیکترۆنییەکانەوە مرۆڤ هەسـت بە ململانێیەکی توندی نێوان لایەنە سیاسییەکان دەکات لەسەر ئەوەی بیرۆکەی کێ بووەو کێ بڕیاری داوە هەڵەبجە ببێتە پارێزگا.

حکومەتـی عێـراق تـا ئێسـتا قەرەبـووی خەڵکـی هەڵەبجـەی نەکردووەتـەوە، هۆکارەکەشـی یەکنەبوونـی گوتـاری کوردییە لە کوردستان و لە بەغدا.

کێشـەی کورد هەمیشە لەسەر ئەوە نییە چی بکەین کە بۆمان باش بێت، کێشەی ئێمە هەمیشە لەسەر ئەوەیـە بیرۆکـەی کێ بـوو و کێ کردی، ئەوەش نیشـانەی نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی و پەرتوبڵاویی هێزە سیاسییەکانە لە بیرکردنەوە و کارکـردن بۆ دواڕۆژی کوردسـتان. دوای 23 سـاڵ نـەک هەرخۆیـان بەڵکـو خەڵکیشـیان دابەشـکرد بەسـەر حیزب و شـاردا. هەڵەبجە بـوو بەپارێـزگا دەبـێ بەرنامـەی داهاتـووی حکومەتی داهاتوو ئەوە بێـت چۆن بایەخ بە هەڵەبجە بدات و بیکاتـە شـوێنێک هاوشـێوەی هیرۆشیما بۆ ئەوەی ساڵانە خەڵکی جیهـان بێن سـەردانی بکـەن و لە ئازاری نەتەوەیـەک تێبگەن کە بە بۆنی سـێو مردن. هـەروەک چۆن جوولەکەکان لە زۆربەی شـارەکانی ئەڵمانیا مۆنۆمێنتیان بۆ قوربانیانی هۆلۆکۆسـت داناوە بـۆ ئـەوەی جیهان هەمیشـە کارەساتی مەرگی جوولەکەکانی لەبیر بێت.

دوای بڕینـی مووچـەی هاووڵاتیان لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقـەوە، بەپێـی راپرسـییەکی سـایتی (رووداو) 98%ی خەڵکـی کوردسـتان خەون بە سەربەخۆیی کوردسـتان و دەوڵەتی کوردییەوە دەبینـن و هەندێک کـەس دیزاینی پـارەو پاسـەپۆرتی کوردییـان ئامـادە کـردووە، بـەڵام گرفتەکە ئەوەیـە کـێ ئەم بڕیـارە دەدات و کـێ رایدەگەیەنـێ. مـن دڵنیام لە داهاتوودا شەڕەکە گەرمتر دەبێت، لەبەرئەوەی سیاسـییەکان هەمیشە بیر لـە زیادکردنی خاڵی پۆزەتیف بـۆ خۆیـان دەکەنـەوە و بیـر لـە بەرژەوەندی گشـتی ناکەنەوە، کێ بڕیـاری سـەربەخۆیی کوردسـتان دەدات و کێ دەبێتە یەکەم سەرۆکی کوردستان، من پێموایە ئەمە تەنها خەیاڵـە کـە ئێمە لەم کەشـوهەوا سیاسـییەی ئەمڕۆدا بیـر لـە دروستکردن و راگەیاندنی دەوڵەتی کـوردی بکەینـەوە، لەبەرئـەوەی کـورد خـۆی دژی دەوەسـتێتەوە بەر لە عێـراق و وڵاتانی ناوچەکە. بەتایبەتـی لـەم کاتـەدا بەهـۆی دواکەوتنـی پێکهێنانـی حکومـەت و رازینەبوونـی هەندێـک لایەن بەو بەشـەی کە خەڵک پێیـداون نەک خودا و مەسەلەی نەوت و کۆمەڵێک کێشـەی دیکە کـە هەموویـان بۆ خەڵکـی کوردسـتان و نەتـەوەی کورد چارەنووسسازن.

## خەسووی بکوژەکە: ناتوانم قسەی زیاتر بکەم نەوەک منیش بکوژێ

# ژنێک لەلایەن براکەیەوە بە چوار گوللە دەکوژرێت



**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

چیرۆکی کوشـتنی ژنێک لە شـاری هەولێر هێشتا لە بازنەی گومان و نهێنیدا دەخولێتەوە. تەنانـەت هێشـتا بۆ پۆلیسـیش کـە دەڵێن دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە لە رووداوەکە، بـە تـەواوی روون نییـە ئـەو ژنـە بۆچـی و لەسـەرچی لەلایەن براکەیەوە کوژراوە. ئەوەی پۆلیس دەیزانێت تەنیا ئەوەیە کە ژنەکە لەسەر "کێشەیەکی کۆمەڵایەتی" کوژراوە. "کێشەی کۆمەڵایەتی" لە کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتـر پەیوەسـتە بە مەسـەلەکانی "ناموس" و "شـەرەف"، بەڵام هێشـتا روون نییە کێشە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو ژنە چی بووە.

کارژێر 8ی ئێـوارەی رۆژی 2014/3/12 لە گەڕەکی ستێتاقانی شاری هەولێر، ژنێکی تەمەن 22 سـاڵ بە ناوی (گ.ن.م) کە بە سـەردان چووەتە ماڵی براکـەی، لەلایەن ئەو برایەیەوە دەدرێتە بەر گوللە و دەکوژرێت.

(رووداو) سـەردانی ئـەو کۆڵانـەی کرد کە ئەو ژنەی تێدا کوژرا، بەڵام خەڵکی ئەوێ هیچ زانیارییان لەسەر رووداوەکە نەبوو، چونکە بە قسەی ئەوان تەنیا دوو رۆژ بوو ماڵی بکوژەکە هاتبووە ئەو گەڕەکە.

بەپێی قسەی خاوەن نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو لەو گەڕەکە، هەفتەی رابـردوو ژنێـک سـەردانی کـردوون و داوای خانوویەکی کرێی کردووە، ئەوانیش خانوویەکی بچووکیان بۆ پەیداکردوون کە دەکەوێتە سەری کۆڵانەکە و ماوەیەکی زۆر بووە چۆڵ بووە.

بەپێی زانیارییەکانـی (رووداو)، کوژراوەکە شووی کردووە و منداڵێکیشی هەیە، ئەو رۆژە لـە کەرکوکـەوە بەسـەردان هاتووەتە ماڵی براکەی، بەڵام هەر ئەو رۆژە ئێوارەکەی لەلایەن براکەیەوە کوژراوە.

لـە مـاوەی دوو هەفتـەدا ئـەوە دووەمین رووداوی کوشتنی ژنانە لە شاری هەولێر تۆمار دەکرێت. کاژێر 8ی بەیانی رۆژی 2014/2/27 کچێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی (ئیمان.ع.و) دانیشـتووی گەڕەکـی 94ی بـاداوەی شـاری هەولێر، لە شـیرینی خەودا لەلایەن باوکییەوە درایە بەر گوللە و کوژرا. فەرمانی گرتنی باوکی ئەو کچە دەرچووە، بەڵام پۆلیس دەڵێن باوکی کچەکە هەڵاتووە و شوێنەکەی نادیارە. باوکەکە 15 گوللەی لە کچەی دابوو.

دراوسـێیەکی ماڵی بـرای (گ) بە (تۆڕی میدیایـی رووداو)ی گـوت "هـەر سـێ رۆژێک دەبێت ئەو ماڵە هاتوونەتە ئەم گەڕەکە، کەس نایانناسـێت و خۆشیان لەگەڵ کەس قسەیان نەدەکـرد، جارجار گوێمان لێدەبوو بە عەرەبی قسەیان دەکرد، یان بە کوردی، نازانین خەڵکی خانەقیـن بوون یان خەڵکـی کەرکوک بوون، چونکە کوردیەکەشیان باش نەبوو".

هەروەهـا خاوەنـی ئەو نووسـینگەیەی کە خانووەکـەی داوەتە ئەو ماڵە بـە (رووداو)ی گـوت "رۆژێک ژنێک هاتە لام و داوای خانووی کرد، ئیدی لەسـەر ئـەوە رێککەوتین کە ئەو خانووەی بدەمێ، خانووەکە و کرێیەکەشی بۆ ئـەو گونجاو بوو". وەک خاوەن نووسـینگەکە باسی کرد دەمێکە ئەو خانووە چۆڵ بووە.

ئـەو ژنـە دوای کوژرانی برایـە پەیمانگەی پزیشـکی دادوەری لـە هەولێـر. بەڕێوەبەری راگەیاندنـی ئـەو پەیمانگایـە بـە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ئافرەتە بە گوللە کوژراوە و چوار گوللە نراوە بە دەموچاوییەوە".

پۆلیسـی هەولێر هەر دوای کوژرانی ژنەکە، دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ رووداوەکە کردەوە. رائیـد کاروان عەبدولکەریـم، بەڕێوەبـەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "دەسـتبەجێ پەراوی لێکۆڵینەوەمان کردەوە و بکـوژ کە برای ژنەکەیە لەلایەن پۆلیسـەوە دەستگیر کرا".

سـەبارەت بە هۆکاری کوشتنی ژنەکەش، تۆمەتبـار لـە لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکانی پۆلیسدا تەنیا گوتوویەتی لەسەر "کێشەیەکی کۆمەڵایەتی" خوشکەکەی خۆی کوشتووە.

بەهـۆی چۆڵبوونـی ماڵەکـە و دانەنانـی پرسـە بۆ ئـەو ژنـە، (رووداو) توانـی تەنیا لێدوانی خەسـووی بکوژ وەربگرێت، بەڵام ئەو جگـە لەوەی ئامادە نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بـە زمانێکی تێکـەڵ بە کـوردی و عەرەبی و تورکمانـی و بە ترسـێکی زۆرەوە گوتی "ئەو ئێوارەیـە هەموومـان لـە یـەک مـاڵ بووین، ئەوەندەمان زانی کوشتی، ناتوانم قسەی زیاتر بکەم، نەوەک منیش بکوژێ".

# نەزۆکەکان باوەش بۆ "منداڵی ناشەرعی" دەکەنەوە



**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

ئەو ژن و مێردانەی توانای وەچە خستنەوەیان نییە، هەندێکیان هێندە تامەزرۆی منداڵن کە لە دادگای نەوجەوانـان نۆرەیـان گرتـووە بۆ ئەو منداڵانەی لەلایەن کەسـوکاریانەوە فڕێدەدرێن. هەندێـک لـەو منداڵانە لـە رێگـەی پەیوەندی ناشەرعی دروستدەبن.

دواپین حاڵەتی فڕێدانی منداڵ لە شارۆچکەی شـەقڵاوە بوو، مەلۆتکەیەکی کوڕ کە تەمەنی 6 رۆژ بـوو، لەلایەن کرێکارێکـەوە دۆزرایەوە. ئەو منداڵە بەهۆی سەرماوە لە هۆش خۆی چووبوو، بەڵام لە نەخۆشـخانە چارەسـەر کـرا. دادگای شـەقڵاوەش چارەنووسـی ئـەو منداڵـە دیاری دەکات.

نـاوە ناوە هەواڵی فڕێدانی منداڵ لە هەرێمی کوردسـتان بڵاودەبێتەوە، بەشێک لەو منداڵانە لە گۆڕسـتان و لە لێواری شـەقامەکان و سـەر رێگـەی مزگـەوت دادەنرێـن و زۆرترینیـان لە شـەودا فڕێدەدرێن و لە دوای بەرەبەیان، بەر لە خۆرهەڵاتن دەدۆزرێنەوە.

سەیران سەلاح، بەرپرسی رێکخراوی ئەستێرە کە نووسینگەیان لە هەولێرە، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "بەدواداچوونمان بۆ فڕێدانی منداڵ کـردووە، یەکەم هـۆکاری فڕێدانی ئەو منداڵانە ئەو کچانەن کە بەبێ ئەوەی شوویان کردبێ لە رێگەی پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیری سکپڕ بـوون. بەڵام ژنیش هەبووە منداڵی فڕێداوە، بۆ نموونـە تەڵاقدراوە یان هاوسـەرەکەی مردووە، یان بەهۆی نەبوونییەوە فڕێی دەدەن، بۆ ئەوەی بکەوێتە دەستی ماڵێکی دەوڵەمەند".

بەپێی قسەکانی سەیران، حاڵەتیش هەبووە کـە بەو هۆیـەی منداڵەکە کچ بـووە فڕێدراوە، بەڵام دەڵێت "هۆکارەکە دایکەکە نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە چەنـد کچێکی بووە و مێردەکەی هەڕەشـەی تەڵاقی لێکردووە ئەگەر کچی ببێت، بۆیە منداڵەکەی فڕێداوە، گوتوویەتی منداڵەکەم مردووە، دایکەکە لە پێناوی منداڵەکانی دیکەی ئـەو کارە دەکات، تا ئەوانی دیکەی لە دەسـت نەدات".

ئـەو منداڵانەی بـە مردوویـی دەدۆزرێنەوە، دەنێردرێنە پزیشـکی دادوەری، دواتر لە رێگەی شارەوانییەوە دەنێژرێن، بەشێکیشیان قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی تاقیکردنەوەی لەسەر دەکەن. ئەگـەر بـە زیندوویـی منداڵەکـە بدۆزرێتەوە، دادگا چارەنووسـی یەکلایی دەکاتەوە. دەدرێتە خێزانێک کە منداڵیـان نەبێت، یان دەنێردرێتە خانەی بێسەرپەرشتان.

### لەناو سندوقێک دانرابوو

رۆژی 2014/2/9، لـە گەڕەکێکی کەرکووک منداڵێک لە کەناری شەقامێک فڕێدرابوو، بەپێی زانیارییەکانی بنکەی پۆلیسی عەرەفە منداڵەکە لەناو سندوقێک دانرابوو، ئەو منداڵە کچ بووە و تەمەنی کەمتر لە سـێ رۆژ بووە. هاووڵاتییەک لـە کاتی چوونی بۆ نوێـژی بەیانی منداڵەکەی هەڵگرتبووەوە.

بەپێـی راپۆرتـی رێکخـراوی CDO بـۆ گەشـەپێدان و فریاگوزاری کە لە هاوینی 2013 بڵاویکـردەوە، لە ماوەی کەمتر لە 2 سـاڵدا لە کەرکـووک 15 حاڵەتی فڕێدانی منداڵی تازە لە دایکبوو تۆمار کراوە.

دادگای نەوجەوانان بەپێی ماددەکانی (39-46) لە یاسای نەوجەوانان مامەڵە لەگەڵ منداڵە هەڵگیـراوەکان دەکات کـە لەگـەڵ دۆزینەوەی منداڵێـک، لێژنەیەکـی تایبەتـی پێکدەهێنـن و لێکۆڵینـەوە لەسـەر چۆنیەتـی دۆزینـەوەی منداڵەکە دەکـەن، ئەگەر دەرکـەوت منداڵەکە خاوەنـی نییە، بەپێی مەرجەکان دەیبەخشـنە ئەو خێزانانەی ناویان لـەدادگا تۆمارکردووە بۆ وەرگرتنی منداڵ.

بەشـێک لـەو منداڵانەی فڕێدەدرێـن، ئاژەڵ جەسـتەیان دەخـوات، یەکێک لەوانـە فڕێدانی منداڵێکی یەک رۆژە بوو لە خانەقین کە سـەگ نیوەی جەسـتەی خواردبوو، بە شـێوەیەک کە هەر نەدەزانرا کچە یان کوڕە.

لە یاسـای سزادانی عێراقیدا، سزا دانراوە بۆ ئەوانەی منداڵێکی تـازە لە دایکبوو فڕێدەدەن، ئەگـەر منداڵەکـە بەو هۆیەوە بمرێت سـزاکەی توندتـرە و وەکـو کوشـتنی منداڵێـک سـەیر دەکرێـت، بەڵام جیـاوازی هەیە لـەوەی کە بە زیندوویـی بووبێت ء فڕێدرابێت یان بە مردوویی بووبێت، ئەوەش پزیشکی دادوەری دەریدەخات.

### "کچت ببێت تەڵاقت دەدەم"

ئـەو منداڵانـەی فڕێدەدرێـن، مـەرج نییـە هەموویان منداڵی ناشـەرعی بـن، هاووڵاتییەک بـە (رووداو)ی گـوت "دایـک ء بـاوک هەیـە لەبەرئەوەی منداڵەکەی کچە فڕێی داوە، پیاوێک 8 کچی هەبوو، بە ژنەکەی گوت ئەمجارە کچت ببێت تەڵاقت دەدەم".

کامـەران نەجمەدیـن، دەرچـووی کۆلێـژی شەریعە، دەڵێت سەرچاوەکانی ورووژاندنی کچان و کوڕان لە هەرێمی کوردستان لە پەرەسەندندایە "ئـەوەش وایکردووە پەیوەندی نایاسـایی زیاتر بێت کە ئەنجامەکەی منداڵی ناشـەرعییە، داوا دەکەم گەنجان خۆیان لەو پەیوەندییە بپارێزن، چونکە تووشی تاوانی دیکە دێن، وەک فڕێدانی منـداڵ کـە زۆربەیـان دەمرن و دەبێتـە تاوانی کوشـتن، پاشـان ئەگەر ئاشـکرا بێـت رەنگە دایکەکەش بکوژرێت".

### بە نهێنی دەمێنێتەوە

لـە هەولێر زیاتر لە 35 سـاڵە خانەیەک بۆ منداڵە بێ سەرپەرشـتەکان کراوەتەوە، ئێسـتا پێیدەگوترێـت (ماڵی خەندە)، ئەو خانەیە ئەو منداڵانـە لە خۆدەگرێت کە فڕێدراون، یان دایک ء باوکیان مردوون، یان لەیەکدی جیابوونەتەوە.

ئەو کەسـانەی منداڵەکانیان فڕێدەدەن، زۆر ئەستەمە بزانرێت کێن و دەستگیر بکرێن، چونکە پەیدابوونی ئـەو منداڵانە نهێنییەکـی گەورەی لە پشـتەوەیە، بە ئاشـکرابوونی ژیانی دایک و باوکەکـە دەکەوێتە مەترسـییەوە، بەرپرسـی رێکخراوی ئەستێرەی منداڵان دەڵێت "ئەگەر ئەو کەسـانە دەسـتگیریش بکرێن ئاشکرا ناکرێن و دۆسیەکانیان بەنهێنی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بە ئاشکرابوونی توندوتیژی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، تەنانەت ئێمەش گەیشـتووینەتە ئەو کەسـانەی منداڵیان فڕێداوە، بەڵام هەڕەشەمان لێکراوە کە ئاشـکرایان نەکەین و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکەین، زۆربەی ئەو ژنانەی دەشکوژرێن لەسـەر ئەو منداڵانە بـووە کە بەهۆی خیانەتی هاوسـەرگیری و پەیوەندی ناشەرعییەوە پەیدا بوون".

## سامر ساڵحی، فڕۆکەوانی سوپای پێشووی عێراق:

# من یەکێک لەو فڕۆکانەم بردە کەرکووک کە دواتر هەڵەبجەیان پێ کیمیاباران کرا

فڕۆکەوانێکی کورد کە چەندین پێشمەرگەی کوشتووە ئێستا لە سلێمانییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەمــوو خۆزگەیەکی ســامر ئەوەبــوو ببێتە فڕۆکەوان، بــەڵام دواجار خۆزگــە و ئاواتەکەی بــووە لەناوبردنی ســەدان هەڵەبجەیی. ســامر ساڵحی فڕۆکەوانی یەکێک لەو فڕۆکانە بووە کە هەڵەبجەیان پێ بۆردومان کرا، ئەو دەڵێت ڕۆژی پێشــتر فڕۆکەکەی هێناوە بۆ کەرکووک، دواتر فڕۆکەوانێکی دیکە بردوویەتی بۆ هەڵەبجە. ئەو ئێستا دەیەوێ لە هەرێمی کوردستان ناوەندێک دابمەزرێنێ بۆ فریاکەوتنی فڕۆکەوانی.

کــورد یادەوەرییەکــی تاڵــی لەگــەڵ فڕۆکە هەیــە، دەنگی فڕۆکە یان بینینی بە ئاســمانی کوردســتانەوە ترســی دەخســتە دڵی خەڵک. ئێســتاش دوای تێپەڕبوونی 10 ســاڵ بەســەر ڕووخانــی ڕژێمــی پێشــووی عێــراق، کە باس لــە کڕینــی فڕۆکەی جەنگــی دەکــرێ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کورد نارەزایی دەردەبڕێ.

ســامر مۆفەق ســاڵحی، دوای ئــەوەی پۆلی شەشــی ئامادەی تەواوکرد بەشــداری لە خولی 69ی فڕۆکەوانی عێراقی کرد و دەڵێ "هیوایەتم ئەوە بــوو ببمە فڕۆکەوان، باوکیشــم فڕۆکەوان بوو، زۆر یارمەتیدام بۆئەوەی ببمە فڕۆکەوان".

ســامر کــە لــەو خولــەدا مەشــقی لەســەر هەلیکۆپتەری جۆری MI 8 ی ڕووســی کردووە، دەڵێ "حکومەتی عێراق فڕۆکەی جۆری MI 25ی هەبوو کە تایبەت بوو بە ناوچە شاخاوییەکان و لەدژی کــورد بەکاری دەهێنــا، کاتی خۆی 20 فڕۆکەی لەو جۆرەی هەبووە". بەڵام دوای شەڕی کەنداو لە ساڵی 1990 و پرۆسەی ئازادیی عێراق لە 2003 هیچیان نەمان.

ســامر ساڵحی باســی هەوڵەکانی حکومەتی ئێســتای عێــراق دەکات بۆئــەوەی فڕۆکــەی پێشــکەوتوو بکڕێ کە کاریــان تەنیا بۆ ناوچە شاخاوییەکانە و دەڵێ "ئێستا حکومەتی عێراق گرێبەستێکی لەگەڵ ڕووسیا کردووە بۆ کڕینی 20 فڕۆکە لە جۆری MI24 کە زۆر پێشــکەوتووترن لــە MI 25 و تەنیــا بــۆ کردەوەی ســەربازی و شەڕی بەهێز لە ناوچە شاخاوییەکان بەکاردێ". گوتیشــی "توانــای ئــەو فڕۆکەیــە بەرامبەر بە فڕۆکەی (ئەباتچی) ئەمریکییە".

### بە غەزالی فەرەنســی هەڵەبجە کیمیاباران کرا

ئەو فڕۆکەوانە باسی ئەو فڕۆکانە دەکات کە هەڵەبجەیــان پێ بۆردومان کرا و دەڵێت "عێراق ئــەوکات لەڕێگەی 15 فڕۆکەی جۆری MI 17 و فڕۆکەی غەزال کە فەرەنســی بوون، هەڵەبجەی کیمیاباران کرد".

ســامر زانیــاری زیاتــری لەلایە لەســەر ئەو فڕۆکانــەی کــە 16/3/1988 کیمیابارانــی هەڵەبجەیــان کــرد و دەڵێــت "ئــەو فڕۆکانەی کارەکەیان پێکرا لە کەرکووک پڕچەک کرابوون". گوتیشــی "خــۆم یەکێــک لــەو فڕۆکانــەم لــە سەربازگەی بێجی هێنایە سەربازگەی (کەیوان) لە کەرکووک کە دواتر پڕ چەکی کیمیایی کرا و لە دژی خەڵکی هەڵەبجە بەکارهێنرا".

بەپێی قسەی ســامر، کارەکە زۆر بە نهێنی کــرا، بۆیە کەس نەیدەزانی ئەو فڕۆکەوانانە کێ بوون کــە هەڵەبجەیــان بۆردومان کــرد "بەڵام ئــەوەی فڕۆکەکەی منــی بەکارهێنا، ناوی غانم ئیســماعیل بــوو". بەقســەی ئــەو فڕۆکەوانە، فڕۆکەوانەکانی عێراق بێدەسەڵات بوون و کاتێک لە پرۆســەیەکی ســەربازیدا بــوون نەیاندەزانی جۆری مووشەکەکانیان چییە. گوتیشی "فڕۆکە ئامــادە دەکرا و مووشــەکیان بــۆ دادەنرا و بە فڕۆکەوانەکانیــان دەگــوت بــڕۆن کاری خۆتان بەجێبگەیێنن". ســامر ســاڵحی لەبــەر دۆخی ئەمنیی عێراق لە 2006ەوە بەغدای بەجێهێشت و لە شــاری هەولێر نیشتەجێ بوو. ئەو دەڵێت ترسی هەیە بگەڕێتەوە بەغدا "من سوننیم و باش دەزانم ئەگەر ڕۆژێک بگەڕێمەوە بۆ بەغدا کێشە لەســەر درکاندنی ئەم قســانە بۆ من دروســت دەکەن".

یەکەم هاتنی ساڵحی بۆ هەرێمی کوردستان بــۆ کردەوەیەکــی ســەربازی بــووە لــە دژی گوندنشــینانی کورد "یەکەمجار لەساڵی 1987 هاتم بۆ کوردستان، چەک و کەلوپەلی سەربازیم لەکەرکــووک بۆ دیانا گواســتەوە. ئەوکات تالع ئەلدوری، فەرماندەی فەیلەق بوو لەوێ".

### فێڵیان لە تالع ئەلدووری کرد


ســامر دەڵــێ "تاڵــع دووری داوای لێکردین گوندێــک بۆردومــان بکەین لە نزیک ســنووری ئێران، گوایە پێشمەرگەی لێیە".

ئەو باسی ڕۆژەکە دەکات کە چۆن فێڵیان کرد و دەڵێ "منیش ئەو ڕۆژە یاریدەدەری فڕۆکەوان بــووم، فڕۆکەوانەکەش کەســێکی دینــدار بوو، کاتێــک چووین بۆ ئەوەی لــە گوندەکە بدەین، لەنێــو فڕۆکە بینیمان ئافرەت لەســەر تەندوور بوون نانیان دروست دەکرد، منداڵەکان یارییان دەکرد، یەکەمجــار گوتمان لێینادەین، بەڵام بۆ فڕینــی هــەر فڕۆکەیــەک جگە لە فڕۆکــەوان و یاریدەدەرەکەی، کەسێکی ئەمنی لەگەڵیان سوار دەبوو، ئەگەر فڕۆکەوانەکە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردبا، ئەوا ڕاپۆرتی بەرز دەکردەوە، بۆیە لەو ڕۆژە فێڵێکمان کرد و پێش ئەوەی مووشەکەکان لە نێــو گوندەکە بدەیــن فڕۆکەکەمان هەندێک خــوار کــردەوە و مووشــەکەکان لە تەنیشــت گوندەکــە کەوتن و کەس هیچی لێنەهات، دواتر زانیمــان ئەو پێشــمەرگانەی لەو گونــدە بوون هەموو دەرچووبوون".

بەپێی قســەکانی ســاڵحی، لەکاتی شــەڕی هەشــت ســاڵەدا لەگــەڵ ئێــران، عێــراق 300 فڕۆکــەی هەلیکۆپتەری هەبوو. ئەو بەشــداری شــەڕی ئێرانی کردووە و دەڵــێ "کاری من تەنیا ئاشــکراکردنی ڕادارەکانی ئێران بــوو، ڕاپۆرتی خــۆم دەدایە شــوێنی ســەربازی و ئەوانیش لە ڕادارەکانی ئێرانیان دەدا".

سامر ساڵحی، ناوی هەندێک لەو فڕۆکەوانانەی لەبیــرە کــە چێژیــان لــە بۆردومانکردنــی کوردســتان وەردەگــرت، دەشــڵێت یەکێک لەو فڕۆکەوانانە کورد بووە و چەندین پێشــمەرگەی کوشــتووە و ئێســتاش لە هەرێمی کوردستانە "فڕۆکەوانێکــی کورد هەبوو ناوی هــاوڕێ بوو، لەنێو فڕۆکەوانەکانی عێراق زۆر ناســراوبوو، بە فڕۆکە شەڕی پێشــمەرگەی کردووە و ئێستاش لە سلێمانی دادەنیشێ". بەڵام هیچ زانیارییەکی دیکەی لەسەر ئەو فڕۆکەوانە کوردە نەدرکاند.

## پیاوی تەرمەکانی هەڵەبجە دوای 26 ساڵ قسە دەکات



"1430 تەرمم لە هەڵەبجە ناشت

# "12 منداڵی زیندووم لە ناو تەرمەکانی هەڵەبجەدا دۆزییەوە"

**ڕووداو- هەڵەبجە**

لە گۆڕســتان سەرقاڵی بەخاکسپاردنی ئــەو تەرمانە بوو کە بــە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە گیانیان لەدەســتدابوو. ئەحمەد ســۆفی باســی پیاوێــک دەکات کــە دوو منداڵی پێبووە و کیمیاییان بەرکەوتووە، داوای لێکــردووە کە منداڵەکانی مردن بە خاکیان بسپێرێت "بەیانی کە ڕۆژ بووەوە بینیم تەرمی منداڵەکانی لە دوو کیســەدا دانابــوو، نامەیەکی لەســەر نووســیبوو، نووســیبووی کاک ئەحمــەد گیــان ئــەوە دوو منداڵەکەمــە مردوون، تکات لێدەکەم بیبیانێــژە، من دەچم بــەدوای منداڵەکانی دیکەمــدا دەگەڕێــم". ئــەوە یەکێکــە لەو چیرۆکانــەی "پیاوی تەرمــەکان" بەچاوی خۆی بینیویەتی و بۆمانی دەگێڕێتەوە.

پیــاوە ســپییەکەی هەڵەبجــە، ئــەو ڕۆژەی دوایین ئاوڕی لە دەرگای ماڵەکەی دایەوەو دوایین کۆڵانی شاری بەجێهێشت لــە ڕۆژی 16/3 /1988دا، یەکێکبوو لەو باوکانــەی کە توانــی منداڵەکانی لە بۆنی سێو بپارێزێت.

ئەحمەد سۆفی مەحموود، 4 ڕۆژ پێش بۆردومانکردنی شارەکەی لە شاری بەغدا دەبێــت، ئەگــەر خەونــی هاوســەرەکەی نەبووایــە، ڕەنگــە قــەدەری ئــەو بــەو شێوەیە نەبووایە و هیچ لەو مەینەتیانەی نەبینیبایە کە لە هەڵەبجە بینی.

دڵخواز عەبدوڵــڵا، خێزانی ئەحمەد لە شــاری بەغدا خەون دەبینێ و لە خەونیدا منداڵەکانی هەموویان دەگرین، بەیانی کە بەخەبەر دێت، خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ "ئەحمەد ئەگەر تۆ نەگەڕێیتەوە بۆ هەڵەبجە، ئەوا من هەر ئەمڕۆ دەڕۆمەوە". ئیدی هەردووکیان دێنەوە بۆ شارەکەیان، کاتێــک شــاد دەبنەوە بــە منداڵەکانیان، ئەحمــەد ئــەو نامەیــە دەبینێــت کــە لەشــاخەوە بۆی نێردراوە، نووسەری نامە ئاگاداری دەکاتەوە کە شار بەجێبهێڵێت، چونکە لە نزیکترین کاتدا دەســت بەسەر ئەو شــارەدا دەگیرێت. بــەڵام ئەو کاتێک نامەکەی بەدەست گەیشت شەو بوو، هەر بۆیــە بڕیار دەدات سبەی کــە ڕۆژهەڵات بڕیاری خۆی بدات، بەڵام کاتێک ڕۆژهەڵات کار لەکار ترازابوو، ڕێگەکانی دەربازبوون هەمــوو بەدەبابە تەنرابــوون، ئیدی لەنێو شاردا چاوەڕوانی قەدەری خۆی دەکات.

چەنــد خولەکێــک بەر لەوەی هێرشــە ســپی و دووکەڵاوییەکــەی ژەهر گەمارۆی هەڵەبجــە بــدات، ئــەو منداڵەکانــی بردە دەرەوە، بەڵام کاتێک گەڕایەوە نێو شــار بــۆ پەیداکردنــی پارووە نانێــک، دەبینێ هەموو کوچە و کۆڵانەکانی هەڵەبجە پڕن لەجەســتەی مردووی مرۆڤ و ئاژەڵ، هەر بۆیــە بڕیــاری دا تەرمــەکان جێنەهێڵێ. "دوای ناشــتنی 31 تەرمــی خانــەوادەی خــۆم، ڕۆژانــە دەگــەڕام بەکــۆڵان و خانووەکانــی هەڵەبجەدا بۆ هەڵگرتنەوەی تەرمەکان و دواتر دەمناشتن".

"پیاوی تەرمــەکان" لەگەڵ هەموو ئەو دیمەنــە ترســناکانەی ڕۆژی 16ی ئادار، نیگەرانــە لــە هەندێــک لەوانەی بەســەر تەرمەکاندا هەنگاویان دەنا و تەنیا بیریان لە خۆیان دەکردەوە.

زۆربــەی هەڵەبجەییــەکان خۆیــان بە قــەرزاری مردوونێژەکە دەزانن. کاتێک بە هەر کوچە و کۆڵانێکی شاردا تێدەپەڕێ، هەموو دەستی بۆ بەرز دەکەنەوە. ئەحمەد ســۆفی، لــەو شــارەدا پەیکــەری نییە، بــەڵام بــۆ هەڵەبجەییەکان لە ســیمبولی وەفــاداری و ئازایەتییەکی بێوێنە دەچێ، چونکە هیچ گۆڕە بەکۆمەڵێکی ئەو شارە نییــە بەشــێک لــە تەمەکانی بەدەســتی ئەو نەشــاردرابنەوە، هــەر بۆیە ئەوانەی ڕێــزی لێدەگرن، دەزانــن لانیکەم یەکێک لــە قوربانییەکانی ئەوان دەســتی ئەوی پێگەیشــتووە "لەگــەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تــر 1430 تەرممــان ناشــت". کاتێــک ئەحمــەد بــەدوای تەرمەکانــدا دەگــەڕا، کچەکانی گۆڕیان هەڵدەکەنی بۆ تەرمێکی دیکــە. دواتر پێکەوە تەرمەکانیان دەکرد بەژێــر خۆڵــەوە، لەگــەڵ گێڕانــەوەی بەســەرهاتەکانیدا شــوێنەواری ســووتان و بریــن بەسەردەســتەکانییەوە دیارە و شــایەتی بــۆ دەدەن. ڕووخســارە سپییەکەشــی ڕەنگــی ئــەو ڕۆژەیــان هەڵگرتبوو کە بەدیار تەرمە بێنازەکانەوە بە تەنیا ڕامابوو.

تەنیــا گۆڕە بێناســنامەکان شــایەتی بۆ دڵســۆزیی ئەحمەد ســۆفی نادەن کە خەمی شــارێکی خنکێنراوی هەڵگرتبوو، بەڵکــو ئــەم پیــاوە لەکاتــی گەڕانیــدا بــەدوای تەرمەکانــدا 12 منداڵــی زیندوو لەنێو لاشــە خنێکنراوەکاندا دەدۆزێتەوە و لــە مــەرگ ڕزگاریــان دەکات "ئێســتا هەموویــان لەژیانــدا مــاون، زۆربەیان لە ئەوروپــا دەژین". هەرچەنــدە ئەم پیاوە مەرگــی منداڵەکانــی خــۆی نەبینی لەو ڕۆژەدا، بــەڵام دڵــی نەهــات تەرمــەکان و شــارەکەی بەجێبهێڵــێ. ئــەو ســوێند دەخــوات هەڵەبجــە بەجێنەهێڵێت، دوای ئەوەی سوپای پاسدارانی ئێران دەزانن ئــەو ســوێندەی خــواردووە، زۆر هەوڵی لەگــەڵ دەدەن بیبەنە ئێــران، دواجار بۆ ئەوەی بەتەنیا لەشــارێکی چۆڵدا نەژی و ســوێندەکەی نەشکێت، بە دیلی دەیبەنە ئێران.

# پەرلەمانتارانی ئەوروپا هەوڵی بەنێودەوڵەتیکردنی 16ی ئادار دەدەن



**ستروان ستیڤنسۆن، پەرلەمانتاری بەریتانی:**

## پێویستە وانەی ئەنفال لە قوتابخانەکانی ئەوروپا بخوێندرێت

**ڕووداو- کۆپنهاگن**

لەکاتێکدا 26 ســاڵ بەســەر کۆمەڵکوژی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە تێدەپەڕێ، سەرۆکی نێردەی پەیوەندییەکان لەگــەڵ عێــراق لــە پەرلەمانــی ئەورووپــا لەبــارەی ئەو تاوانەوە دەڵێــت گرنگە مێژوو لەبیرنەکرێ.

ســتروان ستیڤنســۆن، نوێنەری بەریتانیا لــە پەرلەمانی ئەوروپا و ســەرۆکی شــاندی پەرلەمان بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق بە (ڕووداو)ی گوت کە پێویستە ئەنفال بەشێک بێــت لە پرۆگرامی خوێندنــی قوتابییەکانیان، گوتیشــی "پێویســتە ئــەوان ئــەو ســتەم و دڕندایەتیــە بناســن کــە لەسەردەســتی ڕژێمەکــەی ســەدام حوســێن لــەدژی کورد کراوە".

ستیڤنســۆن یەکێکە لەو سیاســەتمەدارە ڕۆژئاواییانــەی کــە پشــتیوانی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دەکات لــە مەســەلەی ناســاندنی ئەنفال وەکو جینۆساید. هەروەها هەوڵدەدات ڕۆژی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکــی کیمیایی ببێتە ڕۆژێکــی نێودەوڵەتی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

لــە 16ی ئــاداری 1988دا فڕۆکــە جەنگییەکانــی ســوپای عێــراق شــاری هەڵەبجەیــان بە بۆمبی کیمیــاوی بۆردومان کرد و بەو هۆیەشەوە نزیکەی 5 هەزار کەس گیانیان لەدەســت دا و بە هەزارانیش بریندار بوون کە ئاسەوارەکانی ئەو برینە تا ئێستاش لەسەر بەرکەوتووان دیارە.

ستیڤنسۆن گوتی "ناساندنی ئەنفال وەکو جینۆساید لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئــاواوە کارێکــی گرنگــە، بــۆ ئــەوەی لە مێژوووەوە فێربین و هۆشیار بین کە تاوانێکی لەوشێوەیە دووبارە نەبێتەوە".

ناساندنی 16ی ئادار وەک ڕۆژێکی جیهانی بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ململانێ ســەربازییەکاندا بەتەنیا هــەر لەلایــەن پەرلەمانتارانــی ئەورووپییەوە کاری بۆ ناکرێ، بەڵکو لە کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیــش هەمان بۆچــوون خەریکە گەڵاڵە دەبێت.

جیــم کاریگیانیــس، ئەندامــی پەرلەمانی کەنــەدا لەوبــارەوە بــە (ڕووداو)ی گــوت "ناســاندنی 16ی ئادار وەکو ڕۆژێکی جیهانی دژی چەکــی کۆمەڵکوژ، پەیامێکە بۆ جیهان کە ڕووداوی هاوشێوەی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردســتان لــە هیچ شــوێنێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە".

لەســاڵی 2012دا ســوێد وەکــو یەکەمین وڵاتــی جیهــان ئەنفالــی وەکــو جینۆســاید ناســاند. دوای چەند مانگێک لە بەریتانیاش دەست بە هەڵمەتێک کرا بۆئەوەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەنفال وەکو جینۆساید بناسێ.

ئێســتا زۆر سیاســەتمەدار هەوڵــی ئەوە دەدەن کــە هەموو وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەشــێوەیەکی گشــتی ئــەم جینۆســایدە بەفەرمی بناسێنن.

لەنێو ئەو سیاســەتمەدارانەدا هەریەک لە لــۆرد کلێمینت جۆنــس و ڕۆبێــرت هالفۆن، ئەندامانــی پەرلەمانــی بەریتانیــا. ئانیــکا لیلیمێنــت و ڤالتــەر مــووت، ئەندامانــی پەرلەمانی سوێد. جیم کاریگیانیس، ئەندامی پەرلەمانــی کەنــەدا و نیکۆلای ڤیلومســۆن، پەرلەمانتاری دانیمارک.

ڤیلومســۆن، پێیوایــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی لەســاڵی 1988دا خیانەتــی لە کورد کــرد. باســی کۆمپانیــا ڕۆژئاواییەکان دەکات کــە چەکــی کیمیاوییــان فرۆشــت بە ڕژێمی ســەدام حوســێن. ڤیلومســۆن گوتی "پێموایــە دەبــێ ئێمــە داوای لێبــووردن لە گەلــی کورد بکەین، وەکــو دانیمارکی ئەنفال بــە فەرمــی بناســین. دیــارە بەجینۆســاید ناســاندنی ئەنفال مــردووەکان ناگەڕێنێتەوە. بــەڵام دەبێتە هۆکار بۆ ناســینی ئازارەکانی گەلی کــورد و ڕێگرتن لــە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە".

### "ئەوە دوو ڕوویيە"

ساڵی 2003 هێزەکانی دانیمارکیش لەگەڵ ئەمریکا بەشــدارییان لە شــەڕی دژی عێراقدا کــرد. ئامانجی ئەو شــەڕە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام بوو.

یەکێــک لــە هۆکارەکانــی بەرپابوونی ئەو شەڕەش بوونی چەکی کیمیاوی بوو لە دەستی ســەدام حوســێندا. ڕژێمی عێراق زۆرجار ئەو چەکەی لە دژی هاووڵاتیانی بەکارهێنابوو کە هەڵەبجە یەکێکە لە نموونەکانی.

ڤیلومســۆن دەڵــێ "ئێمــەی دانیمارکــی دەزانیــن کــە ســەدام بۆمبــی کیمیــاوی لە دژی کــورد بەکارهێناوە. ئەم راســتییە وەکو هۆکارێکی بەشــداریکردن لە شــەڕی عێراقدا پێشــاندرا. بــەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا دانیمارک هێشــتا پرۆســەی ئەنفــال وەکو جینۆســاید دانپێدانانێت. بەبڕوای من ئەوە دووڕووییە".

ڕۆبێــرت هالفــۆن، ئەندامــی پەرلەمانــی بەریتانیــا پێیوایە مانای بەفەرمی ناســاندن ئەوەیە کــە بەرپرســیارانی کۆمەڵکوژییەکان دێنە بــەردەم دادگای نێودەوڵەتی و قەرەبوو دەدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کــورد نەتەوەیەکە لــە ڕابــردوودا ناژیت. بەڵکــو وانە لە ڕابردوو وەردەگرێت. بەفەرمی ناساندن دەکرێ برینەکانیان سارێژ بکات".

ڕێکخراوی کوردۆساید ووچ " Kurdocide Watch " کــە لقــی لــە زۆر وڵات هەیــە، ساڵانێکی دوورودرێژە کار بۆ ناساندنی ئەنفال دەکات. نەوزاد ئالانی، ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ئەندامانــی خێزانەکەی لەهێرشــی کیمیاویدا لەدەستداون.

ئالانی بۆ خۆی خەڵکی شاری سلێمانییە. کاتێــک ئــەو لــە ســاڵی 1988دا وێنــەی قوربانییــەکان لەســەر شاشــەی تەلەڤزیــۆن دەبینێت، تووشی شۆک دەبێت. ئەو دەڵێ بۆ ماوەی ســێ ڕۆژ نەیتوانی بخەوێت و نانیشی نەخوارد.

ئالانــی کاتێــک پێشــنیازی ستیڤنســۆن دەبیســتێت بــۆ ناســاندنی ئەنفــال لــە قوتابخانەکانــی ئەورووپــادا، دڵــی زۆر خۆش دەبێت. ئالانــی بــۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا بــە جددی ســەیری ئــەم کارەمــان دەکەن. ئەگەر نەوەی داهاتوومان جینۆساید بناسێت، مەترسی دووبارەکردنەوەی شتی هاوشێوە لە داهاتوودا کەمتر دەبێت".

**نیکۆلای ڤیلومسۆن، پەرلەمانتاری دانیمارکی:**

## ئەوە دووڕووییە کە دانیمارک دان بە جینۆسایدی کورددا نانێت

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (302) دووشەممە 2014/3/17

## حوسێن حەسەن لە نەخۆشخانەیە



**نێچیرڤان حسێن – دهۆک**

دەرهێنەری کورد حوسێن حەسەن ماوەی چەند ڕۆژێکە لە نەخۆشخانەی ئازادی بەشی چاودێری چڕ خەوێنراوە، بەهۆی ئەوەی تووشی نەخۆشیی دڵ بووە. سەرچاوەیەکی پزیشکی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند کە بڕیارە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا نەشتەرگەری بۆ حوسێن حەسەن بکرێت.

حوسێن حەسەن، لە ساڵی 2006 خەڵاتی لێبووردنی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە بە فیلمی (ئو نێرگز بشکڤین) لەگەڵ دەرهێنەر مەسعود عارف. ئەم نەخۆشییە لە کاتێکدا ڕووی تێکرد کەوا خەریکی وێنەگرتنی فیلمێک بوو.

# شانۆگەرییەکی کوردی لە کەربەلا یەکەم بوو



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

شانۆگەری "دارستانی بەختیاری" کە لە ڕۆژی 2014/3/8 لە شاری کەربەلا نمایشکرا، توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێ.

لە سەرەتای ئەم مانگەدا فێستیڤاڵی شانۆی منداڵانی عێراق لە کەربەلا دەستی بە نمایشەکانی کرد، هەولێریش بە شانۆگەرییەک بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا کرد.

شانۆکار هاوار تەها بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بە نوێنەرایەتی شاری هەولێر بەشداریمان لەو فێستیڤاڵە کردبوو کە 15 شاری دیکەش بەشداربوون. توانیمان پلەی یەکەم بە دەستبهێنین و دوو خەڵات ببەینەوە، خەڵاتێک وەک باشترین دەرهێنانی شانۆیی کە بە یوسف عەبدولڕەحمان درا، خەڵاتێکی دیکە وەک باشترین شانۆکاری کچ شادی محەممەد وەریگرت".

## بەشداری 100 فێستیڤاڵی کردووە

# فیلمێکی کوردی ڕیکۆرد دەشکێنێ



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی دەرهێنەرێکی کورد بە بەشداریکردنی لە 100 فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی ڕیکۆرد دەشکێنێ. فیلمی "میسی بەغدا"ی دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفە، دوایین خەڵاتی لە فێستیڤاڵی تامپەرەی فینلەندی وەرگرت و بەو هۆیەشەوە کۆی خەڵاتەکانی گەیشتنە 28 خەڵات. ئەم فیلمە بەشداری 100 فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کردووە.

سەهیم عومەر خەلیفە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "81 کورتە فیلم بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەی فینلەندا کردبوو، فیلمەکەی من خەڵاتی دووەمی وەرگرت." هەروەها گوتیشی "لەگەڵ ئەم خەڵاتە، کۆی خەڵاتەکانم دەگاتە 28 خەڵاتی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە 100مین فێستیڤاڵ کە بە فیلمی میسی بەغدا بەشداریم تێدا کردووە".

# دراماکەی گەزیزە 800 ملیۆن دیناری تێچووە



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

درامای "هەنگاوەکانی سەر خۆڵەمێش" کاری وێنەگرتنی تەواو بووە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە کە 100 هونەرمەند بەشدارییان تێدا کردووە.

عەبدولغەفار عەبدوڵڵا لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "دراماکە نزیکەی 800 ملیۆن دیناری تێچووە، لە ئێستاوە چەندین کەناڵ داوایان کردووە، بەڵام ئێمە تا ئێستا بڕیارمان نەداوە دەیدەینە کام کەناڵ".

عەبدولغەفار گوتیشی "یەکەم درامای کوردیە بەو شێوەیە لە ڕووی کوالێتی و ناوەڕۆکەوە بەرهەم بهێنرێت، چونکە سەرجەم ستافی دەنگ و ڕەنگی دراماکە ستافێکی پرۆفێشناڵ بوون، لەماوەی کەمتر لە پێنج مانگ سەرجەم کارەکانی تەواو بوو".

درامای هەنگاوەکانی سەرخۆڵەمێش لە دەرهێنانی هونەرمەند گەزیزە عومەرە کە بۆ یەکەم جارە ئافرەتێکی کورد کاری دەرهێنانی دراما دەکات، دراماکە بەرهەمی کۆمپانیای بابیلۆنە و بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرهەم هاتووە.

# مەیادە حەناوی گۆرانییەک بۆ شەهیدان دەڵێت



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر، بۆ جاری دووەم میلۆدی بۆ گۆرانییەکی هونەرمەند مەیادە حەناوی دادەنێت کە باس لە ڕۆژی شەهید دەکات.

هەڵکەوت زاهیر سەبارەت بەم بەرهەمە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی داوا لە گۆرانیبێژی سووری مەیادە حەناوی کرا گۆرانییەک بۆ ڕۆژی شەهید بڵێت، ئەو منی هەڵبژارد بۆئەوەی ئاوازەکەی بۆ ئامادە بکەم، ئەم گۆرانییەش لە شیعری شاعیری گەورە محەممەد مەهدی جەواهیرییە و من ئاوازەکەم بۆ داناوە، هەر تەنیاش تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو بۆ نەتەوەی عەرەبیشە و باس لە پیرۆزیی شەهید دەکات."

هەڵکەوت گوتیشی جگە لەو کارەی مەیادە حەناوی سەرقاڵی چەند بەرهەمێکی دیکەشە و بەنیازە دوێتێک بۆ هونەرمەندان عەبدولقەهار زاخۆیی و میرە دابنێ و چەند کارێکی دیکەشی لەبەردەستە کە لە کاتی خۆیان ئاشکرایان دەکات.

هونەرمەند مەیادە حەناوی گۆرانییەکی بۆ کورد بەناوی نیشتیمانی پاڵەوانان لە شیعری محەممەد مەهدی جەواهیری بڵاوکردەوە کە بە جلی کوردییەوە تۆماری کردبوو.

# ئیشواریا ڕای بۆ تووشبووانی ئایدز گریا



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە مەراسیمێکدا کە لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تووشبووانی نەخۆشیی ئایدزی ڕێکخستبوو، ئیشواریا ڕای ئەستێرەی بۆلیوود بە ئاشکرا فرمێسک لە چاوانی هاتنەخوارەوە.

ئیشواریا ڕای باڵیۆزی نیازپاکیییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەو مەراسیمەدا کە لە نەخۆشخانەیەکی مۆمبای سازکرابوو، وتەیەکی پێشکەش کرد و گوتی "هیوادارم ئافرەتانی جیهان ئەم ڕۆژە بکەنە ڕۆژی بنبڕکردنی نەخۆشی ئایدز و خۆیان لەم نەخۆشییە ترسناکە بپارێزن".

دوای بینینی چەندین تووشبوو، ئیشواریا فرمێسک لە چاوانی نەوەستا و دەستی بەگریان کرد، ئەوەش تەواوی ئامادەبووانی سەرسام کرد.

## لە چرکەیەکدا 240 دۆلار داهاتی هەیە

# داهاتی ڕۆژانەی بێڵ گیتس 21 ملیۆن دۆلارە

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

دەوڵەمەندترین مرۆڤی سەر زەوی بێڵ گیتسی خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، ڕۆژانە 21 ملیۆن دۆلار داهاتی هەیە.

گۆڤاری فۆربێسی ئەمریکی بڵاوی کردەوە کە دوای ئەوەی کارلۆسی مەکسیکی چەند ساڵێک وەک دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان دەستنیشان کرابوو، ئێستا بێڵ گیتس ئەم نازناوەی لە کارلۆس وەرگرتووە کە سامانەکەی دەگاتە 76 ملیار دۆلار.


لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە داهاتی ڕۆژانەی بیل گیتس 21 ملیۆن دۆلارە کە دەکاتە 234 دۆلار لە چرکەیەکدا.

لە پلەی دووەم دەوڵەمەندترین پیاو کارلۆس سەلیمە کە مەکسیکییە و داهاتەکەی 72 ملیار دۆلارە. پلەی سێیەمیش ئەمانسیو ئۆرتێگای ئیسپانییە کە سەرمایەکەی 64 ملیار دۆلارە.



**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

# بەختی ڕووداو



**بەکشتی:**

لە شەوی 20-21ی نەورۆز مۆمێکی هەنگوینی دابگیرسێنە و لەگەڵ داگیرساندنیدا ئاواتێک بخوازە، ئەو ئاواتە بەدی دێت ئەگەر زۆریش دوابکەوێت.

ئەم هەفتەیە تیشکی هەتاو دەچێتە بورجی کاوڕ، مانگی داهاتوو کاتێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی خۆمان و کارەکانمان و ئەو ئەنجامانەی بەدەستمان هێناون، هەروەها باشە بەرنامەیەک بۆ شەش مانگی داهاتوو دیاری بکەین. زۆربەی کێشەکان لەڕووی کەسی و لەڕووی سیاسی قووڵ دەبنەوە بەشێوەیەک هەر لایەک هێز و توانای خۆی بۆ ئەوی دیکە نمایش دەکات. لەمانگی داهاتوودا کەسایەتییەکی سادەمان دەبێت و لە خۆبەگەورەزانی دووردەکەوینەوە، بۆیە بەرپرسان دەبینین زیاتر تێکەڵ بەخەڵک دەبن. هەسارەی ڤینۆس لەبورجی سەتڵ دەبێت کە زۆرینەی هاوڕێیەتییەکان دەگۆڕێت بۆ هەستێکی سۆزداری.

**کاوڕ:** هەموو ئەو کاتانەی وەکو ئێستا بێزار بوویت، خۆشییەکی گەورەی بەدوادا هاتووە، ئەم دۆخە چەند جارێک لەژیانتدا سەری هەڵداوە و پاشان بەگۆڕانێکی خۆش کۆتایی هاتووە. سەرکەوتوو دەبیت بەو مەرجەی لەهەموو هەنگاوەکانت هێمن بیت، لەتووڕەیی خۆت بپارێزە.

**گا:** هەوڵدان بۆ ئەنجامێکی زۆر گەورە لەماوەیەکی زۆر کەمدا قورسە، بەڵام ئەگەر ماوەی بەرنامەکانت درێژبکەیتەوە ئەگەری سەرکەوتنت زیاتر دەبێت. ڕەنگە کارە نوێیەکەت بواری ئەوەی تێدابێت کە هەندێک پەیوەندییەکانت باش بکەیتەوە یان پەیوەندی نوێ دروست بکەیت.

**جمک:** فرسەتەکانی ئەم ماوەیە باش و گونجاون، بەڵام دڵنیابە لەو شوێنەی هەنگاوی دەنێیتە سەر. دەتوانی بەدەستی خۆت گۆڕانکاری دروست بکەیت و پرۆژەکانت ئەنجام بدەیت. لەگەڵ سۆزدارەکەت دەگەنە لێکگەیشتن. ئەو هاوکارییەتان دەستدەکەوێت کە هەوڵی بۆ دەدەن.

**قرژاڵ:** بۆ ئەنجامدانی کارێک پێویست دەبێت ڕێگایەکی باش هەڵبژێریت. لەلایەن چواردەورەوە خۆشەویست دەبیت. بەهۆی گۆڕانەکانی ئەم ماوەیە هەست دەکەی توانایەکی زیاترت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت. پەیوەندی سۆزداری بەهێز دەبێت، پرۆژەکەت بۆ بەرامبەرەکەت باس بکە.

**شێر:** هەنگاوەکانت بەشێوەیەکی باش دەڕوات بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێکت بۆ دروست ببێت. ئەوەی کە زۆر ئاسوودەت دەکات ئەوەیە دەتوانی لەو شتانە دڵنیا ببیتەوە کە پێشتر دڵەڕاوکێی زۆریان بۆ دروست کردبوویت. بۆ دڵنیابوون پێش هەر هەنگاوێک، بەتەواوی بیر بکەرەوە پاشان بڕیار بدە.

**گوڵەگەنم:** کۆبوونەوەی کارەکان فشارێکی دەروونیتان لەسەر دروست دەکات، بەڵام بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن پێویستە زیاتر بڕوات بەخۆت هەبێت. گرنگییەکی زیاتر بە ڕێز و متمانەی خۆتان بدەن، بەتایبەت لەشوێنی کار و لەگەڵ بەرپرسانی کار. دوای هەموو ماندووبوونێک پشوویەکی کەم وەربگرە.

**تەرازوو:** بۆ ئەوەی دۆخێکی نوێ لەژیانت دروست بکەیت دەتوانی سەرلەنوێ هەموو بەرنامەکان ڕێکبخەیتەوە بەو مەرجەی گونجاندن هەبێت و دڵنیابیت لە جێبەجێکردنی کارەکانت. کاتێک بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوە یان کێبڕکێ بدە کە دڵنیابیت لەسەرکەوتن، بەڵام ئەگەر هێمن بیت باشترە.

**دووپشک:** ئەنجامەکان بەپێچەوانەی خواستەکانت بوون، بەڵام بەگەشبینییەوە دەڕواننە هیوا گەورەکان، هەمیشە سەرکەوتنی تۆ لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە دەتوانی بەرنامەکانت نوێ بکەیتەوە و بڕیاری کاری قورستر دەدەیت، لەکۆتاییدا ڕەنگە ماندوو بیت بەڵام سەرکەوتوو دەبیت.

**کەوان:** لەم کاتەدا دەتوانی کارەکانی خۆت هەڵسەنگێنیت و بەراورد بکەیت، ئەو ئەنجامە باشانەی بەدەستت هێناون دڵخۆشت دەکەن. چەند پێشنیازێکی نوێ هەندێک لەبیرکردنەوەکانتان دەگۆڕێت. گەشبین بە بەو کارە گرنگانەی بەندن بە داهاتووی ژیانتەوە.

**کارژۆڵە:** کارەکان کە زۆربوون بێجگە لە ماندووبوون بێزاریشت دەکەن، بەڵام لەم کاتەدا قورسە بتوانی پشوویەک وەربگریت بۆیە باشتر وایە توانات بەکاربهێنیت و بەرگە بگریت، دوودڵ مەبە لە هەنگاوەکانت سەرکەوتن چاوەڕوانت دەکات. پێویستیتان بە سۆزدارییە بەڵام دەبێت چاوەڕوان بن.

**سەتڵ:** گفتوگۆکانی ئەم ماوەیە ئەنجامی باشیان لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە هەندێکیان بە ڕێککەوتنێک کۆتایی بێت. ماڵ پێویستی بەهەندێک گۆڕانکاری و ڕێکخستن هەیە. هەستێکی بەهێزتان دەبێت و دەتوانن یەک لەدوای یەک کارەکان ڕێکبخەنەوە، بەڵام عینادی لەسەر هیچ بابەتێک مەکەن.

**نەهەنگ:** کارەکانی خۆت مەدەرە دەست چارەنووس، بەڵکو لە هەر کارێک دڵنیا نەبوویت دەتوانی بیخەیتە کاتێکی گونجاوتر. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەندییە سۆزدارییەکان پشت بەخۆت ببەستە نەک هاوڕێ و هاوکارەکانت. ئەگەر بەنیازی دەستبەکاربوونن بۆ دەرامەت ئەوا بڕیاری خێرا بدەن.

ململانێکەی تورکیا و داهاتووی کورد

# کورد دڵی لەگەڵ ئەردۆغانە و بەچاویش سەیری گولەن دەکات

**فازڵ نەجیب**
**ڕووداو- ئیستانبوڵ**

پەنجەکانی جەماعەتی فەتحوڵلا گولەن و ئەردۆغان خەریکی شکاندنی یەکدین، پارتەکانی وەک CHP، MHP و BDP سەیری شکاندنی پەنجەکان دەکەن. ئیسرائیل و ئێران کارەکتەری سەرەکین و کوردیش لەوە دەترسێت قوربانییەکە بێت.

کەمال گولەن، برازای فەتحوڵلا گولەن، ڕابەری ڕۆحیی گرووپی خزمەت، گوتی "من چوار خوشکم هەیە، یەکەم لەگەڵ کوردێک، دووەم لەگەڵ بولگارییەک و سێیەمیشیان هاوسەرگیری لەگەڵ بۆسنییەک کردووە. بەتەمابن چوارەمیش لەگەڵ تورکێک زەواج بکات". ئەو قسەیەی گیولەن بۆ ئەوە بوو بڵێت ئەوان هیچ ڕەگێکی ڕەگەزپەرستییان تێدانییە.

کەمال گولەن، بەڕێوەبەری گرووپی تەلەفزیۆنەکانی "سامان یۆلۆ- هەسارە"یە کە لە 6 کەناڵی تەلەفزیۆنی پێکهاتووەو هەر کەناڵێکیش بۆ موخاتەبەکردنی گۆشەیەکی ئەم دنیایەیە، یەکێک بۆ ناوچەی قەوقاز، یەکێک بۆ ئەمریکا، یەکێک بۆ ئەوروپا و ناوچەکانی دیکەیە. جگە لەوە کەناڵێکی کوردییان بەناوی"دنیا" لە شاری غازی ئەنتابی باکووری کوردستان داناوە و موخاتەبەی کوردی باکوور بە تایبەتی و کورد بە گشتی دەکات.

هاوسەرگیری برازاکانی فەتحوڵلا گولەن لەگەڵ نەتەوەو نەژادە جیاوازکان و پەلهاویشتنی میدیاکانیان و کردنەوەی قوتابخانە پەروەدەییەکانیان لە ناوچە جیاوازەکانی سەر زەوی، پێشاندەدات خەون و ئامانجی ئەم گرووپە زۆر گەورەترە لە سنووری جوگرافیی تورکیا.

## جیاوازی نێوان فەتحوڵڵا گولەن و نەجمەدین ئەربەکان

فەتحوڵلا گولەن لە خێزانێکی دیندارە و شوێنکەوتەی ڕێبازی زانای پایەبەرزی کورد سەعید نورسی (1873-1960)یە، ئەو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بە جموجوڵ، بەتایبەتی لەدوای کودەتای ساڵی 1980 لەسەر دەستی کەنعان ئێڤرەن.

نەجمەدین ئەربەکان (1926-2011) بە باوکی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا و فەتحوڵلا گولەن بە باوکی ئیسلامی کۆمەڵایەتی دادەنرێن. جیاوازیی گەورەی نێوان ئەربەکان و گولەن ئەوەیە ئەربەکان ئەمریکاو ئیسرائیلی بە دوژمن دەزانی و هەوڵی دەدا لە جیهانی عەرەبی و ئێران نزیک بێتەوەو لەو پێناوەشدا "کۆمەڵەی هەشت وڵاتی ئیسلامی" دامەزراند. بەڵام گولەن ئەمریکاو ئیسرائیل و هیچ وڵاتێکی دیکە بە دوژمن نازانێت و بڕوای بە کرانەوە و گفتوگۆ هەیەو دەیەوێت قەڵەمڕەوی خۆی لە قەوقازو بەڵقان و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست فراوانتر بکات و بە باشتری دەزانێت بۆ تورکیا.

## دوو براکە بەناوی دیموکراسیەتەوە پەنجەی یەکدی دەشکێنن

ساڵی 2008 لە شاری کەرکووک، لەیەکێک لە ماڵە تورکمانەکاندا، عەبدولحەمید بەلجی، سەرۆکی "ئاژانسی جیهان"م بینی. ئەو خانووە، هەمان ئەو خانووەیە کە دەگوترێت لەوێوە چاودێری تەلەفۆناتی بازرگان و بەرپرسەکانی کورد و تورک کراوە لە هەرێمی کوردستان.

بەلجی ڕۆژنامەنووسێکی ناوداری تورکیایە، بۆ ڕوومالّی ڕووداوەکانی کوردستان لە ساڵی 1994 سەردانی باشووری کوردستان دەکات و گرووپەکەی خۆیان بە زەمانەتی پاراستنی دیموکراسی دەزانێت و دەڵێت "شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەردۆغان، شەڕی دیموکراسیەتە، چونکە ئەو لەدوای ساڵی 2010وە هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان دەدات و ئەوەش بۆ ئێمە و گەلی تورکیا قابیلی قبوڵ نییە".

گرووپی فەتحوڵلا گولەن داوای جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام ناکەن، چونکە ئەوان دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بە باشترین هۆکاری پێکەوەژیان و دەوڵەتداری دەزانن، بەڵام بەگوتەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، فەتحوڵلا گولەن و گرووپەکەی، گەورەترین مەترسین بۆ سەر دیموکراسیەت، چونکە کۆمەکی تورکیا بۆ غەززەی فەلەستین و کوشتنی چەند هاووڵاتییەکی تورک لەسەر کەشتی مەڕمەڕە لە ساڵی 2010. ئەوکات گولەنییەکان دژی ناردنی ئەو کەشتییە بوون و وەک خۆیان دەڵێن زانیارییان هەبووە کە سوپای ئیسرائیل سەرنشینەکانیان دەکوژێت، بۆیە دژی وەستانەوە. هەروەها دەڵێن لەنێو کەشتییەکەدا چەند پەرلەمانتارێکی AKP هەبوون، ئەوان هەر لە تورکیا دابەزیون، بەوەش ئەردۆغان تۆمەتبار دەکەن کە تەنیا گیانی پەرلەمانتارەکانی خۆی بەلاوە گرنگ بووە نەک خوێنی خەڵکی تورکیا.

لەدوای ئەو ڕووداوەوە، ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندی نێوان گولەنییەکان و ئەردۆغان بەرەو خراپتر دەچوو، هەردوولا خۆیان بۆ ڕۆژێک ئامادە دەکرد کە بتەقنەوە بەڕووی یەکدیدا، بۆیە چەندین بەڵگەیان لەدژی یەکدی کۆکردەوە و لەدوای ئۆپەراسیۆنی 2013/12/27 یەک لەدوای یەک لە دژی یەکدی بەکاریدێنن.

## ڕیفراندۆم داخستنی دەرسخانەکانی دواخست

یەکێک لەو کارتانەی ئەردۆغان لەدژی گولەنییەکان "جەماعەتی خزمەت" بەکاریهێنا، هەڕەشەی داخستنی دەرسخانەکانیانە. مەسەلەی داخستنی دەرسخانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2003-2004)، بەڵام بەهۆی پشتیوانیکردنی گولەنییەکان لە سیاسەتی ئەردۆغان، بەتایبەت ڕیفراندۆم بۆ ئەنجامدامی هەندێک چاکسازی و کرانەوە لە تەوژمە دەکەن.

## ئەردۆغان دەتوانێت لە 160 وڵات دەرسخانەکان دابخات؟

بەڕێز مستەفا یەشیل، بەڕێوەبەری وەقفی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی تورکیا، کە هاوکات وەک گوتەبێژی بەڕێز فەتحوڵلا گولەن دەردەکەوێت، باسی ئەوەی بۆ کردین کە "بەڕێز ئەردۆغان لەڕێی باڵیۆزەکانی تورکیاوە هەوڵی داخستنی دەرسخانەکانمان دەدات لەو 160 وڵاتەی جیهان".

مستەفا یەشیل کاتێک قسەی دەکرد، وادەردەکەوت گەنجێکە خەونێکی قووڵی سیاسی هەیە، بەڵام زوو زوو دەیگوت ئێمە "جەماعەتی خزمەت" تەنیا ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنین و هیچ ئامانجێکی سیاسیمان نییە. بەڵام نەیارەکانیان ئەوان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە نەک ئامانجی سیاسییان هەیە، بەڵکو ئیشی زۆر مەترسیدارتر دەکەن و هەر ئەوەش وایکرد ئەردۆغان داوا لە فەتحوڵلا گولەن بکات وڵاتی ئەمریکا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە ناو تورکیا و بە ئاشکرا کاری سیاسی خۆی بکات.

## سەری کێشەکان لە تارانە

مستەفا یەشیل ڕەخنەی توندی لە ئەردۆغان گرت کە لە جیاتی ئەوەی تورکیا بەرەو بەرەی ئەوروپا ببات، تورکیای لە ئێران نزیک کردەوەو ئەو کارەی بەشێوەیەکی دیکتاتۆرانە ئەنجامداوە و گوتی "کۆمەڵێک کەس دەوری ئەردۆغانیان داوە و تێکەڵیان کردووە بە هاوکێشەکانی ئێران و مامەڵەکردن و نزیکبوونەوە لە ئێران، ئەوە سەرچاوەی کێشەکانە".

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی گولەنییەکان پێش 35 ساڵ، ئێران کێشەیەکی سەرەکی ئەوان بووە و بەهەموو شێوەیەک دژی ئەو مۆدیلە ئیسلامییە و دەسەڵاتەکەشی بوون، هەر بۆیە ناکۆکی نێوان ئێران و گولەنییەکان ناکۆکییەکی فکری و فەلسەفییە لە توێکڵێکی مەزهەبیدا، نەک هێڵی هاوکاری نییە لە نێوانیان، بەڵکو لەسەر خەتێکی پان و بە ئاشکرا دژایەتی یەکدی دەکەن. ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو فەتحوڵلا گولەن لە بری نزیکبوونەوە لە ئێرانی ئیسلامی، نزیکبوونەوە لە ناوچەی قەوقاز و بەڵقان و ئاسیای ناوەڕاست هەڵبژێرێت.

گولەنییەکان دەڵێن ئەردۆغان لەگەندەڵی پارەی ئێرانییەکانەوە گلاوە کە بۆ سپیکردنەوە هێناویانەتە ناو تورکیا. مستەفا یەشیل دەڵێت "ئێران لەڕێی مندالّی وەزیر و کاربەدەستەکانەوە ئەو کارەی کردووە".

پاڵەوانی ئەم کارە ڕەزا زەراب، هاوسەری گۆرانیبێژی ناوداری تورک ئیبرۆ گویندشە. ڕەزا 10 ساڵ لە گویندش بچووکترەو خۆی وا پێشانداوە کە عەشقێکی قووڵی بۆی هەیە، بۆیە ڕازی دەکات بەوەی زەواج بکەن. بەڵام دوای ئەوەی ڕەزا سەرپەرشتی 3 کۆمپانیای وەهمی دەکات و نزیکەی 87 ملیار دۆلار لە پارەی ئێرانی سپی دەکاتەوە کە 40%ی پارەی حکومەتی ئێرانە، ئەویش لەڕێی بەرتیلدان و خۆنزیککردنەوە لە وەزیر و کاربەدەستانی تورکیا، لەوەدا سەرکەوتن بەدەستدێنێت، بەڵام کاتێک کێشەکانی نێوان گولەن و ئەردۆغان دەگاتە لوتکە، گولەنییەکان لەڕێی پۆلیس و میدیاکانیانەوە ئەو "گەندەڵی"یە ئاشکرا دەکەن کە بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "زەمان"ی سەر بە جەماعەتی خزمەت "گەورەترین گەندەڵییە" لە مێژووی تورکیا.

کاتێک پرسیارم لە مستەفا یەشیل کرد لەبارەی ئێرانەوە، ئەو گوتی "ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێران قازانجی تورکیای نەویستووە، بۆیە ئێمە هەمیشە بەوریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ کردووە و ئەوەی ئێستاش بەسەر تورکیا هاتووە، هەر پەندی ئێرانە".

تورکەکان ئەردۆغان، بە پاڵەوانی دەوڵەتداری و ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ناو دەبەن. ساڵی 2000 ئابووری تورکیا لە لێواری هەرەسدا بوو، دەوڵەت و دراوەکەی و ئابووریی وڵاتەکە بەجۆرێک نابووت بووبوو، بانکی نێودەڵەتی خۆی دەدزییەوە لەوەی قەرزی زیاتر بداتە تورکیا، بەڵام لە سایەی سیاسەتی ئابووریی ئەردۆغاندا، تورکیا بووە حەڤدەهەمین هێزی ئابووری لە جیهانداو توانی هەموو قەرزەکانی پێش خۆی بداتەوە و هەزاران پرۆژەی ستراتیژی و پەیوەست بە ژیانی هاووڵاتیان دروست بکات کە گولەنییەکان و هیچ هێزێکی دیکە نەتوانن چاوپۆشی لەو دەستکەوتانە بکەن.

## دوو برای موسڵمان، پیاوی ئێران و ئیسرائیل

لە ئیستانبوڵ، لەهەر شەقامێکەوە دەڕۆیشتم، سەیری سەر هەر گرد و تەپۆڵکەیەکم دەکرد، شۆڕ دەبوومەوە بۆ هەر نزمایییەک، دەچوومە سەر قەراغی هەر گۆشەیەکی دەریا، مزگەوتی گەورە و جوانم دەبینی کە لە هیچ شوێنێکی دنیادا بەو ستایلە جوانە نایبینی. تێکەڵبوونی دەنگی "اللە اکبر"ی مزگەوتەکانی ئیستانبوڵ، ئەو هەستەت بۆ دروست دەکات کە ئەو شارە لە بنەڕەتدا بۆ مزگەوت دروستکراوەو ماڵ و بازاڕو خەڵکەکە لە دەوری مزگەوتەکان کۆبوونەتەوە.

لەنێو ئەم شارەدا ململانێیەکی توند لەنێوان دوو برای موسڵماندا بەڕێوەدەبرێت کە لە هەموو تورکیا ڕەنگدەداتەوە، ئەویش ململانێی "شکاندنی ئیعتباری یەکترییە".

گولەنییەکان پێیانوایە سەرەتای ئەم شەڕە ئەردۆغان دەستی داوەتێ و دەبێت خۆشی باجەکەی بدات. عەبدولحەمید بەلجی بەڕێوەبەری "ئاژانسی جیهان" پێیڕاگەیاندم کە ئەردۆغان لە هەموو "ئامانجە هاوبەشەکان" لایداوە و ئامانجە هاوبەشەکەشی بە فراوانکردنی پانتایی دیموکراسی و نزیکبوونەوە لە ئەوروپا و بنەبڕکردنی گەندەڵی باسکرد. ئەو گوتی "ئەردۆغان لە دەرسخانەکانی ئێمە نەیخوێندووە و لای ئێمە پەروەردە نەبووە، بۆیە وایلێهاتووە و ڕێگای تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی گرتووەتەبەر".

ئەردۆغان ڕایگەیاند هەڵمەتەکانی ئەو لە دژی گرووپێکە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا دروست دەکات و گوێ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان دەگرێت و وەک کارتێکی سیاسی و فشار بەکاریدێنێت، گرووپێک کە هەموو جومگەکانی دەوڵەت داگیردەکات و کەیسی وەهمی بۆ نەیارەکانی دروست دەکات.

لەو نێوەندەدا، گرووپەکەی فەتحوڵلا گولەن، ئەردۆغان بە "پیاوی ئێران" تۆمەتبار دەکەن و ئەردۆغانیش دەڵێت فەتحوڵلا گولەن لە سەنگەری ئیسرائیل و ئەمریکاوە لەڕێگەی ئەندامەکانیانەوە دەست بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا دەگرن و لەدژی نەیارەکانیان بەکاریاندێنن، هەروەک کێشەی گوێگرتن لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان.

بەڕێز ئەردۆغان، گرووپی گولەنییەکان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا دروست دەکەن، وەک چۆن گرووپی ئەرگەنەکۆن لە ماوەی ڕابردوودا ئەو کارەیان کردووە. بۆیە ئەردۆغان وەک کاردانەوەی هێرشی گولەنییەکان لەماوەی یەک ڕۆژدا 130 پلەداری پۆلیسی لەسەر کارەکانیان لابرد و 40 دادوەریشی دوورخستەوە یان شوێنی کاریانی گۆڕی.

## ڕۆڵی ئیسرائیل لە کێشەی نێوان گولەن و ئەردۆغاندا

سەرەتای کێشەی نێوان فەتحوڵلا گولەن و ئەردۆغان دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی پڕ لە دەستووردا لە ساڵی 2010، کە ئەو ڕۆژە لە تورکیا بووم و سەردانی ناوەندەکانی دەنگدانم کرد، دەمبینی جەماعەتی خزمەت "گولەنییەکان" چەند بە پەرۆشەوە بەشدارییان دەکرد. ئەوەش وایکرد حکومەت چاو لە مەسەلەی داخستنی دەرسخانەکان بپۆشێ.

گولەنییەکان جگە لە هەزاران شوێنی مانەوەی خوێندکاران لە سەرتاسەری تورکیا و 160 وڵاتی جیهان، تەنیا لە ناو تورکیا 4 هەزار دەرسخانە، 100 هەزار مامۆستا و ملیۆنێک و 500 هەزار قوتابییان هەیە. ئیشی ئەم دەرسخانانە ئامادەکردنی خوێندکارە بۆ خوێندنی ئامادەیی و زانکۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان، بەڵام ئیشی سەرەکی ئەم دەرسخانانە پەروەردەکردنی گەنجەکانە بە بۆچوون و ڕەفتارەکانی فەتحوڵلا گولەن و ڕێبازی مامۆستا سەعید نورسی و لەو پێناوەشدا سەدان ملیۆنێر و کارخانە و بازرگان و دەزگای ڕاگەیاندن، کۆمەکی ئەو دژایەتی ئەو دەکات.

## BDP لەگەڵ داخستنی دەرسخانەکانە

پارتی ئاشتی و دیموکراتیBDP هەر زوو پشتیوانی خۆی بۆ داخستنی دەرسخانەکان دەربڕی، چونکە لە باکووری کوردستان زیاتر لە 100 هەزار خوێندکاری کورد لە دەرسخانەکانی فەتحوڵلا گولەن پەروەردە دەکرێن.

بەهۆی شەڕو پەراوێزخستنی باکووری کوردستان لەلایەن حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی تورکیا لە ماوەی 90 ساڵی ڕابردوودا، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هەستیان بە بێ نازییەکی قووڵ دەکرد، لەو کاتەدا براکانی فەتحوڵلا گولەن بە کردنەوەی دەرسخانە و پێدانی حەنان و هەستی برابوون و پێشاندانی ڕەفتاری جوان، لە دەرگای باکووری کوردستانیان داو ئێستا زیاتر لە 100 هەزار منداڵ و گەنجی کورد لە دەرسخانەکانی "خزمەت" پەروەردە دەکرێن.

مەحرومکردنی کورد لە باکوور لە خزمەتگوزاری و مافی وەک یەکبوون و زمان، دەرفەتێکی ئاڵتوونی بوو بۆ گەشەکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان و گرووپی "خزمەت"ی سەر بە فەتحوڵلا گولەن.

هەردوولا لەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراوی خاک ململانێ دەکەن و زۆربوونی لایەنگرانی ئەمیان بە دۆڕانی ئەوی دیکەیان تەواو دەبێت، چونکە دواجار ئەوەی دەبێتە گولەنی، بەهیچ جۆرێک ناتوانێت PKK قبوڵ بکات وەک پارتی دڵخوازی خۆی. بەپێچەوانەشەوە PKK گولەنییەکان بە دوژمنی کێشەی کورد وەسف دەکەن بەوەی لەڕێی ئیستغلالکردنی نەبوونی و فەراغی زانستی لە باکوور، ڕەگی کوردایەتی لە دڵی منداڵی کورد دەردێنن.

بوونی 100 هەزار منداڵ و گەنجی کورد لە باکوور لە دەرسخانەکانی "خزمەت"، واتە داکوتانی ڕەگوریشە لەنێو 100 هەزار خێزاندا، ئەوەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر PKK. ئەو هەڕەشەیەش لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەوت کە AKP و حیزبە موتەدەینەکانی دیکە لەو ناوچەیە دەنگێکی زۆریان دەهێنا.

## کورد دڵی لەگەڵ ئەردۆغانە

لە ساڵی 1994دا حکومەتی تورکیا پشتیوانی شەڕی ناوخۆی کوردستانی دەکرد و جار دوای جار ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی PKK لەسەر خاکی کوردستان ئەنجام دەدا، لەو کاتەدا گولەنییەکان لە دەرگای هەرێمی کوردستانیان دا و بە کردنەوەی قوتابخانە دەستیان بە کارەکانیان کرد، هەر بۆیە ئەوان زوو جێی خۆیان کردەوە و ئاستی خوێندکاری کوردیان بردە سەرەوە.

سەرکەوتنەکانی ئەردۆغان و AKP، وردە وردە کۆتایی بە سەردەمی سوپا هێناو حکومەتیش بیری لەوە کردەوە لە دەرگای دۆستایەتییەوە بچێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەوەی وایکرد ئەردۆغان ئەم کارە گرنگە بکات، ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کەڵەکەبوونی پارەیەکی زۆری نەوت و بازاڕێکی فراوان بوو. جگە لەمانەش ئەردۆغان هەستێکی پتەوی ئیسلامەتی هەیە.

بۆ هەرێمی کوردستان، دۆستایەتی ئەردۆغان گرنگترە لە دۆستایەتی گولەن، چونکە کورد پێویستی بە ئیعتراف و مامەڵەی فەرمی دەوڵەتی تورکیا زیاترە لە پەرەپێدانی توانای زانستی چەند هەزار خوێندکارێک.

بەو هەنگاوە ئازایانەی ئەردۆغان هاویشتی، هەڵوێست و پێگەی هەرێمی کوردستانی بەجۆرێک بەهێز بوو کە وەڵامی هەموو پەیامێکی بەغدا نەداتەوە، بەڵکو سیاسەتی نەوتیشی خستە سەر سکەی خۆی.

بڵاوبوونەوەی لایەنگرەکانی فەتحوڵلا گولەن لە جومگەکانی دەوڵەت و حکومەتدا و دەستگرتن بەسەر پانتاییەکی فراوانی میدیای تورکیدا، دوو بابەتی هەستیارن ناکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پلانی ستراتیجی خۆیدا فەرامۆشی بکات بۆ ئەوەی نەبێتە قوربانی پەنجەشکانی نێوان دوو برا، چونکە ئەوەی لە تورکیا ڕوودەدات تەنیا پەنجەشکاندنە و ئێسقانە گەورەکانی ئەو جەستەیە بە سەلامەتی لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە.





دکتۆر ئیکرام حوسێن

## مەهێڵن ئاوا شەهید ببن

خەجاڵەتم، لە جیاتی بەرپرسانی ئەم وڵاتە و لە بێ هەستیی ئەوان زیاتریش خەجاڵەتم، چۆن نەبم؟ ئەوە چەند رۆژە لە میدیاکانەوە باسی تۆ دەکەن لە نەخۆشخانە، دوای 26 ساڵ لە نیوە هەناسەکانت، میدیاکان شەرم ناکەن دەنووسن گوتەبێژی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران پێویستی بە هاوکارییە، لەم وڵاتە بێشەرمی دەبارێ، هەروەک ورگیان، ئێستا شاشەی تەلەفیزیۆنەکانیشیان گەورەترن لەوانەی جاران، هێندەی سینەمایەک دەبن و چاویان ئێوە نابینێت هاوکاریتان بکەن.

پەیوەندیی نێوان وەزارەتی شەهیدان و بریندارانی کیمیایی لە شووتی و پلایس دەچێت، کفتە و قەنەفە و نازانم لە چی دیکە دەچێت، بەڵام دەبوو بریندارانی کیمیایی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە سەرپەرشتی بکرێن، هەر ماوە نا ماوەیەک پاسێک بەرێدەخەن و گوێمان لێدەبێت کە ئەوە بریندارانی کیمیایی دەنێرنە ئێران بۆ چارەسەر، بەڵام چۆن چارەسەرێک؟

پێش هەموو شتێک بریندارانی کیمیایی قوربانین، ئەوان چارەسەریان نییە، چارەسەرکردنی ئەوان لە درۆیەکی گەورە زیاتر شتێکی دیکە نییە، بەڵام دەبوو لێنەگەڕێن بگەنە ئەم دۆخەی ئێستا. پرۆفیسۆر موستەفا قانعی، سەرپەرشتیاری نزیکەی 50 هەزار برینداری کیمیایی لە ئێران، لە وەڵامی نامەیەکی ئەلیکترۆنیدا کە بۆم ناردبوو، دەڵێ ئەگەر کەسێکی برینداری کیمیایی چاودێری نەکرێت و دۆخی نەخۆشییەکەی رانەگیرێت، بە تێپەڕبوونی کات وای لێدێت وەک ئەوەی لە ساتی کیمیابارانەدا بە خەست و خۆڵی کیمیایی بەرکەوتبێت. کەوابێت برینداری دیکەش بەڕێوەن، خۆ حکومەت تا ئێستا غیرەتی ئەوەی نەبووە بە دەنگێکی دلێر بڵێ کێ بەرکەوتووی کیمیاییە با بێت پشکنینی بۆ بکەین.

کوا لیژنەی پزیشکی سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی بریندارانی کیمیایی؟ پسپۆرمان نییە؟ ئەگەر نیمانە جێگای شەرم نییە؟ ئەی ئەگەر هەمانە بۆ سەرپەرشتیکردنی برینداران بەوان ناسپێرن، ئەگەر ناردنی برینداران بۆ ئێران ناولێبنێن گەشت ئاساییە، بەڵام کاتێک ناوی لێدەنێن چارەسەر لە خەڵک وایە برینداران لەو سەرەوە ساغ و سەلیم دەگەڕێنەوە، دە بڕۆن بیاندۆزنەوە و لێیان بپرسن بزانن چۆن چارەسەرێک کراون. لێرەوە دەگەنە ئێران، کەچی بریندار هەیە 15 خولەک بینینی پزیشکی بەردەکەوێت، ئەوان هێندە بێ ئەرزش تەماشادەکرێن، لانیکەم بە فڕۆکەش نانێردرێن، کە دەگەنە ئەوێش دوای پشکنینێکی خێرا، کۆمەڵێک ستیرۆیدیان پێدەدرێت، ستیرۆید ئەو دەرمانە هەستیارەی باری تەندروستی زۆریان تێکدەدات، لە پزیشکێکی پسپۆری سلێمانیم بیست دەیگوت، ئێمە لێرە باری تەندروستی برینداران سەقامگیر دەکەین، بەڵام کە دەچنە ئێران و دەرمان وەردەگرن، خراپ دەبنەوە.

دڵنیام هەر مرۆڤێکی بەرپرس بۆ چرکەیەکیش ببەیتە حاڵی ئێمە لە کاتی بۆردومانکردنی فڕۆکەکان لە 26 ساڵ بەر لە ئێستا، لەو کاتەی هەناسەدانیان بە ئێمە رەوا نەدەبینی، گێچی شعوری هێندە بەرز دەبێتەوە داوا بکات، هەموو بەرکەوتووانی کیمیایی کوردستان پشکنینیان بۆ بکرێ نەوەک بریندارببوون، بۆ ئەوەی چاودێری بکرێن، وەک ئێستا دەستەوەستان ناوەستن و شاهێدی شەهیدبوونی برینداران نابن، گوێشیان لە ئاستی داواکاریی برینداران وەک ئێستا کەڕ و کاس نابێت.

# بۆچی یادەوەری مرۆڤی ئێستا لاوازترە؟



**سەروەر سالار و چۆمان مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

جەبار ساڵح، مامۆستایەکی تەمەنی 56 ساڵان، گلەیی لە یادەوەری خۆی دەکات کە زۆرجار کاتێک لە دەوام دەگەڕێتەوە، دەبینێ کلیلی قوتابخانەکەی بەجێهێشتووە، یان کە دەچێ بۆ دەوام دەبینێ مۆبایلەکەی لە ماڵەوە لەبیر چووە. جەبار گرفتی لەبیرچوونەوە وەک گرفتێکی دەروونی-کۆمەڵایەتی دەبینێت کە ئێستا لە جاران زیاتر تێبینی دەکرێت.

وەک لە وێبسایتی زانکۆی هارڤارددا هاتووە، هەرچەندە زۆربەی کات "لەبیرچوونەوە" تەنیا گرفتێکی سادەیە و دەکرێت خۆت چارەسەری بکەیت، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا نیشانەی نەخۆشیی خەڵەفان (ئەلزایمەر) ە و دەبێت پزیشک هەوڵی چارەسەرکردنی بدات.

دکتۆر فەرمان عوسمان پێیوایە بوونی چەندین گرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هۆکارن بۆئەوەی هاووڵاتیان شتە تایبەت و بچووکەکانی خۆیان زوو زوو لەبیر بکەن "جار هەبووە تەلەفۆنم بۆ هاتووە بۆ کارێکی تایبەت، کەچی دوای دوو سێ رۆژ بیرم کەوتووەتەوە". دکتۆر فەرمان پێیوایە لە وڵاتە تێر و کەم گرفتەکاندا، ئاریشەی لەبیرچوونەوە وەکو کوردستان بڵاو نییە.

بەپێی زانستی دەروونی، خەزنکردنی هەر زانیاری و یادەوەرییەک لە مێشکدا دەبێت بە سێ قۆناغدا تێپەڕێت: وەرگرتن، سەیڤکردن و دواتر وەبیرهێنانەوە. ئەگەر ئەم سێ پرۆسەیە بە رێکوپێکی بڕۆن، ئەوا گرفتی لەبیرچوونەوە دروست نابێت.

پزیشکانی پسپۆڕ دەڵێن ئێستا لەبیرچوونەوە لە سەردەمەکانی پێشوو بڵاوترە و زیاتر لە هۆکارێکیشی هەیە.

د.زامدار حەمە رەسوڵ، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت کە هۆکاری یەکەم، پەیوەندیی بە ژیانی ئەم سەردەمەوە هەیە و دیاردەیەکی جیهانییە بە جۆرێک "لە چەندین سەرچاوەوە زانیاری نەک هەر دەبەخشرێت، بەڵکو بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێت، بۆ نموونە ئەو هەموو رێکلامەی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە پێمان دەگەیەنرێن، کە تێیاندا بڕێکی زۆری زانیاری وەردەگرین بێئەوەی کاتی پێویستمان هەبێت بۆ سەیڤکردن و دواتر وەبیرهێنانەوەیان".

وەک پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێ، هۆکاری دووەم پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی خودی کەسەکەوە هەیە "دەبێت ئەو زانیاریانەی دەتەوێت دواتر وەبیرت بێنەوە، لە مێشکتدا رێکبخەیت و بیانکەیت بە کۆمەڵێک کۆدی مانادار، تا لەکاتی پێویستدا وەک کلیلێکی مەعنەوی بەکاریان بهێنێت بۆ بیرکەوتنەوەی زانیاری و یادەوەرییەکە".

جیهانی ئێستا بەوە لەسەردەمەکانی پێشوو جیادەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو تیشکی زیانبەخش و شەپۆلی کارۆموگناتیسی و تەنی دیکەی پیسکەری ژینگەی تێدا بڵاوبووەتەوە. توێژینەوە نوێیەکان دەڵێن ئەمانە هۆکارێکی گرنگی خراپبوونی یادەوەری مرۆڤن. دکتۆر زامدار دەڵێت "ئێمەش تەنێکین لەم گەردوونەدا و راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەم تیشک و ماددە و شەپۆلە زیانبەخشانەوە کارمان تێدەکرێت".

جگە لە حاڵەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، هەندێک نەخۆشی جەستەیی و دەرمانیش رێگا خۆشدەکەن بۆ لەبیرچوونەوە.

د.هاوار عەدنان، پزیشکی پسپۆڕی مێشک و دەمار "نەخۆشی ئەلزایمەر لە کەسانی بەتەمەن و نەخۆشیی هەنتینگتۆن لە کەسانی گەنج و هەندێک نەخۆشیی دیکە لە کەسانی گەنج و بەتەمەندا، رێگا خۆشدەکەن بۆ لەبیرچوونەوە. دەرمانە خەولێخەرەکانیش هۆکارێکی دیکەی رێگاخۆشکەرن بۆ لەبیرچوونەوە".

چ کاتێک پێویستمان بە پزیشکە؟

د.زامدار حەمە رەسوڵ دەڵێت "هەرکاتێک لەبیرچوونەوە بووە گرفت لە بەردەم ژیانی رۆژانە و پیشە و سەلامەتی کەسەکە، ئەوا پێویست بە سەردانی پزیشکی پسپۆڕی دەروونی دەکات".

لە نموونەی ئەوەش د.زامدار ئاماژە دەکات بۆ خوێندکارێک کە سەرەڕای کۆششێکی زۆر، لە تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتوو نابێت، یان خانمێکی ماڵەوە کە چەندین جار بیری دەچێت تەباخەکەی بکوژێنێتەوە.

جگە لەوانە، د.زامدار هۆشداری دەدات لەوەی کە "هەندێکجار لەبیرچوونەوە بۆ خۆی نەخۆشیی نییە، بەڵکو نیشانەی تووشبوونە بە نەخۆشییەکی دیکەی وەکو خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، لەمبارەشدا پێویست بە چارەسەری دەروونی دەکات".



## کحول 223 ملیار دۆلار زیان لە ئەمریکا دەدات

**رووداو- UPI**

بەپێی ئامارێکی ناوەندی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، لەنێوان ساڵانی 2006-2010 دا لەو وڵاتە 88 هەزار کەس بەهۆی خواردنەوە کحولییەکانەوە مردوون.

بەپێی هەمان ئامار و لە هەمان ماوەدا، خواردنەوە کحولییەکان 223 ملیار دۆلار زیانیان بە ئەمریکا گەیاندووە، ئەویش بەهۆی جوانەمەرگکردنی خەڵکانێک کە لە تەمەنی کارکردنندا و بەهۆی خواردنەوە کحولییەکانەوە گیانیان لەدەستداوە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کحول چوارەمین هۆکاری مردنە لە ریزبەندی ئەو هۆکارانەی مردن کە دەکرێت رێگا لە روودانیان بگیرێت.

# تووڕەبوون تووشی نەخۆشی دڵ و گەدەت دەکات

**سەروەر سالار و چۆمان مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

زانستی دەروونی دەڵێت لەباری ئاساییدا، تووڕەبوون وەڵامدانەوەیەکی دەروونییە کاتێک کەسێک هەست بە سووکایەتی یان پشتگوێخران یاخود کەم تەماشاکردنی تواناکانی دەکات.

بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا بەبێ پاڵنەرێکی بەرچاو، مرۆڤ تووڕە دەبێت و توانای خۆ کۆنترۆڵکردنی نامێنێت.

ماکوان لەتیف، تەمەن 25 ساڵ دەڵێت "من زۆر تووڕەم. لەم کۆمەڵگەیەدا بە تەنیاش نیم، چونکە تێبینم کردووە خەڵکی خۆمان لە گەلانی تر زووتر تووڕە دەبن و هەڵدەچن".

ماکوان وای بۆ دەچێت ئەگەر کەسێک بارودۆخی جێگیر بێت و دڵی خۆشبێت، بە ئاسانی تووڕە نابێت.

ئازاد ئیسماعیلی تەمەن 23 ساڵیش بێکاری بە هۆکارێکی گرنگی تووڕەبوون دەبینێت.

پزیشکەکان جگە لە هۆشداریدان لە زیانە دەروونی و جەستەییەکانی تووڕەبوون، دەڵێن مەرج نییە تووڕەبوون تەنیا هەڵچوونێکی کاتی و دەروونی بێت و بەس.

د.رێبوار حەمەغەریب، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "راستە تووڕەبوون تەنگژەیەکی دەروونییە، بەڵام هەندێکجار روونکەرەوەی بوونی نەخۆشییەکی دەروونی وەکو خەمۆکی یان دڵەڕاوکێ یاخود بوونی ناتەواویەکی جەستەییە".

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێت تووڕەیی هەر دەروون نائارام ناکات، بەڵکو جەستەش نەخۆشدەخات "لەکاتی تووڕەبووندا هەردوو هۆرمۆنی کۆرتیزۆل و ئەدرینالین دەردەدرێن، ئەمانەش کار لە دڵ و بۆرییەکانی خوێن دەکەن و رێگا خۆشدەکەن بۆ نەخۆشکەوتنیان".

لە وێبسایتی وێبمێدیسندا هاتووە "لەکاتی تووڕەبووندا هەردوو هۆرمۆنی کۆرتیزۆل و ئەدرینالین، لێدانی دڵ زیاد دەکەن، هەناسە خێرا دەکەن و بۆرییەکانی خوێن تەسک دەکەنەوە، ئەمەش فشاری خوێن بەرز دەکاتەوە و بە تێپەڕبوونی کات، کاریگەریی نەرێنیی بەرچاو لەسەر دڵ دروست دەکات".

د.رێبوار دەڵێت "ئەو فشارەی لە ئەنجامی تووڕەبوونەوە و لە رێگای ئەو دوو هۆرمۆنەوە پەیدا دەبێت، تەنانەت رێگاش خۆشدەکات بۆ تووشبوون بە برینی گەدە — قورحە".

زانا دەروونییەکان دەڵێن غەریزەی دەنگهەڵبڕین لەکاتی تووڕەبووندا، بۆ ئەوەیە کەسی تووڕە قەبارە و تواناکانی خۆی گەورەتر دەربخات لە بەرامبەر ئەو کەس و شتانەی هەڕەشەی لێدەکەن.

تووڕەیی لە سنووری ئاسایی خۆیدا، کاردانەوەیەکی ئاساییە و مرۆڤ وەکو غەریزەیەک بۆ خۆپاراستن بەکاری دەهێنێت، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا ژیانی کەسەکە و ئەوانەی دەوروبەری دەشێوێنێت و گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و رەنگە لە هەندێک حاڵەتدا هاندەری پەنابردن بۆ توندوتیژی بێت.

د.رێبوار دەڵێت هەرکات پزیشکی دەروونی گەیشتە ئەو بڕوایەی تووڕەیی کەسێک نائاساییە، کۆرسێک چارەسەری بۆ دیاری دەکات، سەرەتا بە چارەسەری هزری و دەروونی و دواتریش لە حاڵەتی پێویستدا دەرمانی پێدەدات.



# رێگەچارەی سروشتی بۆ ژانەسەر

**رووداو- Fox News**

بەپێی خەمڵاندن و ئامارەکان، 90%ی خەڵکی لەماوەی ژیانیاندا تووشی سەرئێشە (ژانەسەر) دەبن. ئەوەی لێرەدا لێی دەدوێین ئەو سەرئێشە گشتییەیە کە هۆکارێکی دیاریکراوی نییە و لەناو هاووڵاتیاندا بڵاوە.

لەبیرت نەچێت سەرهەڵدانی سەرئێشەیەک کە پێشتر ئەزموونت نەکردووە، پێویست بە سەردانی پزیشک دەکات، تا بەدوای هۆکارەکەیدا بگەڕێی.

**1- پشوودان:** سەرگەرمی و ماندووبوون هۆکارێکی گرنگی سەرئێشەیە. بۆیە هەوڵبدە ئەوکاتەی سەرئێشەت بۆ دێت، کاژێرێک بنوویت.

**2 - کەمخۆری دایم خۆر:** ئەو کەسانەی ژەمی گەورە و دوور لە یەک دەخۆن، لەنێوان ژەمەکاندا ئاستی شەکری خوێنیان دادەبەزێت و تووشی سەرئێشە دەبن و کاتی زۆرخۆرییەکەش شەکرەکەیان لەپڕ بەرز دەبێتەوە. بۆیە وا باشترە لەبری سێ ژەمی گەورە، چەند ژەمێکی سووک و زیاتر بخۆیت تا ئاستی شەکری خوێنت بە جێگیری بمێنێتەوە. هەندێک خۆراک هەن دەگوترێت سەرئێشە کەمدەکەنەوە، لەوانە: سپێناخ، زەیتوون، گوڵەبەڕۆژە و ناوکە کولەکە.

**3- سەهۆڵ بخەرە سەر نێوچەوان:** لە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکیدا، دانانی پارچەیەکی سارد یان پارچە سەهۆڵێک بۆ ماوەی 10 خولەک لەسەر نێوچەوان ئازاری سەر کەمدەکاتەوە، یان تەنانەت بە تەواوی لەنێوی دەبات.

**4- دوشێکی گەرم:** ئەگەر بەیانی بە سەرئێشەوە بەخەبەرهاتی، مانەوە لەناو جێگە چارەسەرت ناکات. بەڵکو دەبێت دوشێکی گەرم بکەیت و پاشان قاوە و بەرچایی بکەیت. ئەمە بۆ ئەو کەسانەش باشە کە بەیانیان لووتیان دەگیرێت و تووشی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت دێن.

**5- شێلان و مەساجی سەر:** رێگایەکی بێ زیانە و دەکرێت سوودی لێ ببینرێت بۆ چارەسەر و رێگیری لە سەرئێشە.


**6- شێلانی نێوان پەنجە:** رێگایەکی کۆنی چینییەکانە بۆ چارەسەری سەرئێشە و هەندێک کەس پێی باش دەبن. ئەویش بە شێلانی نێوان پەنجە گەورە (پەنجەی پێنجەم) و پەنجەی شایەتمانی هەر دەستێک بۆ ماوەی پێنج خولەک.

**7- ئاو بخۆرەوە:** ئاوخواردنەوە مەبەستەوە بەکاتی ژەمەکان و کاتی وەرزشکردن، بەڵکو هەوڵبدە لە سەرتاسەری رۆژدا 15 کوپ ئاو بخۆیتەوە.

**8- خۆت ئارام بکەوە:** ئەو رێگایە لە فشاری جەستەیی و دەروونی دوورت دەخاتەوە، لە سەرئێشەش دەتپارێزێت. لە نموونەی ئەو کارانەش کە فشار کەمدەکەنەوە: یۆگا، خەواندنی موگناتیسی، نوێژ و سرووتی ئاینی، باخداری و موزیک و هەر ئارەزوویەکی تایبەتی خۆت.

**9 - لەسەر کۆمپیوتەرەکەت رێست وەربگرە:** بۆ هەر نیو سەعاتێک مانەوە لەسەر کۆمپیوتەر کورتە رێستێک وەربگرە، چونکە ماندووبوونی چاو بەدیار شاشەوە هۆکارێکی گرنگی سەرئێشەیە لەم سەردەمەدا.

**10 - وەرزش:** ئەمەیان بۆ کاتی سەرئێشەکە نییە، بەڵکو بۆ ئەو نێوانە ماوەیەیە کە تێیدا سەرئێشەت نییە. هەندێک بەڵگە هەیە لەسەرئەوەی کە وەرزشکردن ئەگەری تووشبوونەوەت بە سەرئێشە کەمدەکاتەوە.



# بەغدا بکوژەکانی شێخ تاڵب سوهێل لەسێدارە دەدات


شێخ تاڵب سوهێل

**رووداو- ئاژانسەکان**

حکومەتی عێراق، کۆتایی هەفتەی رابردوو سزای لەسێدارەدانی لەسەر سێ لە بکوژەکانی شێخ تاڵب سوهێل بەرهەڵستکاری ناوداری رژێمی پێشووی عێراق و سەرۆکی پێشووی عەشیرەتی بەنی تەمیم جێبەجێ کرد.

بەم سێ کەسەوە کە پێنجشەممەی رابردوو لە سێدارە دران، ژمارەی ئەوانەی لەماوەی ئەمساڵدا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەو سزایەیان لەسەر جێبەجێکراوە گەیشتە 44 کەس.

سێ تاوانبارەکە کە بریتی بوون لە هادی حەسوونی (هادی رکابی)، عەبدولحەسەن مەجید و فاروق حیجازی، وەک "نۆکەری رژێمی پێشوو" ناسێنران و دادگا لەنیسانی 2011دا بە تیرۆرکردنی شێخ تاڵب سوهێل لە نیسانی 1994دا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان تاوانباری کردبوون.

تاڵب سوهێل ئەلتەمیمی لەدایکبووی ساڵی 1930، هەڵگری رەگەزنامەی ئوردنی و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی هەوڵێکی کودەتای شکستخواردوو کە بڕیاربوو لە 17ی تەمموزی 1993 جێبەجێ بکرێ.

شێخ تاڵب بە کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی هاشمییەکانی عێراق و ئوردن دادەنرا و هاوڕێی منداڵیی شاحوسێنی پادشای ئوردن بووە، بۆیە پاش دەستگیرکردنی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم، هەر کە ئازاد دەکرێ کۆشکی تاڵب لەناوچەی ئەبوغرێب بەیەکجاری جێدەهێڵێ و رووەکاتە ئوردن و دەبێتە میوانی شاحوسێن کە دواتر دەیکاتە راوێژکاری خۆی بۆ کاروباری عێراق.

شێخ تاڵب پاش ئەوەی لە ئوردن جێی پێ لێژ دەکرێ، رووەکاتە سعودیە و لەسەردانێکی کورتیدا بۆ بەیروت، لەنێو شوقەکەی خۆی دەدرێتە بەر گوللە. دەستبەجێش پەنجەی تۆمەت بۆ موخابەراتی عێراقی درێژ دەکرێ و پاش دەستگیرکردنی چوار دیپلۆماتکاری سەر بە باڵیۆزخانەی عێراقیش لەلایەن دەسەڵاتدارانی لوبنانەوە، پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و بەیروت تێکدەچێ و دەگاتە ئاستی پچڕاندنی پەیوەندی دیپلۆماسی.

چوار دیپلۆماتکارەکەی عێراق ماوەی 33 مانگ لە زینداندا مانەوە و لەو ماوەیەشدا یەکێکیان بەناوی خالید عۆدە جبووری لە حوزەیرانی 1995دا لەنێو زیندان بە جەڵتەی مێشک دەمرێ. دوای ئەوە دەسەڵاتدارانی لوبنان سزای لەسێدارەدانیان بۆ جۆرج ترجانیان دەرکرد، واتە ئەو ئەرمەنییە لوبنانیەی رێبەرایەتی بکوژەکانی کردبوو بۆ ماڵی شێخ تاڵب. بەڵام سزاکەی هەرگیز جێبەجێ نەکرا و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا. لە کانوونی دووەمی 1997یشدا سێ دیبلۆماتکارە عێراقییەکە ئازاد کران و رۆژی 25ی کانوونی دووەم لە دەوازەی سنووری ئەلبوکەمالی نێوان عێراق و سووریاوە گەیشتنەوە بەغدا دوای ئەوەی تورکیا رێگەی نەدا خاکی ئەو بەکاربێنن و ئوردنیش کەوتە ئامادەباشییەوە بۆ دەستگیرکردنیان ئەگەر بەخاکی ئەودا بگەڕێنەوە.

## کرایە فەرمانبەری بکوژەکەی باوکی

# سەفیە سوهێل لەبارەی بکوژەکانی باوکی بۆ (رووداو) دەدوێ

**سەلام سەعدی**
**رووداو- هەولێر**

سەفیە سوهێل ئەندامی سەربەخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و باڵیۆزی پێشووی عێراق لە کۆمکاری عەرەبی، هۆکارەکانی کشانەوەی لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق و ناکۆکییەکانی لەگەڵ هۆشیار زێباری، بەهۆی ئەوەی بکوژی باوکی ئەوی کردبووە بەرێوەبەری ئەو ئاشکرا دەکات. هەروەها باسی وردەکارییەکانی تیرۆرکردنی (شێخ تاڵب سوهێل)ی باوکی و تێوەگلانی محەممەد سەعید سەحافی وەزیری پێشووی راگەیاندنی سەردەمی بەعس لەو تاوانە و تێکچوونی پەیوەندییەکانی عێراق و لوبنان دەکات کە چۆن دوای رووخانی رژێمی سەددام، ئەرکی چاککردنەوەی ئەو پەیوەندییانە بەهەمان بکوژی باوکی سپێردرا.

### لەمیوانداریی شاحوسێندا

شێخ تاڵب سوهێل، سەرۆکی عەشیرەتی بەنی تەمیم کە یەکێکە لە عەشیرەتە گەورەکانی عێراق و درێژدەبێتەوە بۆ وڵاتانی دیکەی عەرەبیش، بەهۆی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بنەماڵەی پادشایی لەعێراق و هەروەها بنەماڵەی پادشایی لە ئوردن و سعودیە و کوێت، لەگەڵ کودەتای ساڵی 1958دا عێراق بەجێدەهێڵێ و تا چەند مانگێکیش بەر لەتیرۆرکردنی لەبەیروت لەساڵی 1994، لەمیوانداریی شاحوسێنی پادشای ئوردندا دەمێنێتەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش یەکێک دەبێت لەدیارترین کەسایەتییە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی بەعسی عێراق.

### چۆن هەوڵی کودەتاکەی 1993 ئاشکرا بوو؟

شێخ تاڵب سوهێل لەخاتوو (منیرفا بەدرەدین) کە خەڵکی باشووری لوبنانە، 7 کچی بەجێهێشتووە، لەنێو هەموویاندا، سەفیە کە ساڵی 1965 لە بەیروت لەدایکبووە، هەمان رێچکەی باوکی دەگرێ و تا ئەوکاتەش کە لەژیاندا بووە، هەڵسوڕاوێکی بەردەستی بووەو بەو هۆیەوە پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتانی ناوچەکە، بەرهەڵستکاران و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق پەیدا کردووە. سەفیە ئاگاداری بەشێکی کەمی وردەکارییەکانی هەوڵی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1993یە کە تاڵب سوهێل و سەعد ساڵح جەبر بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکییەکان خەریکی هەڵسوڕاندنی بوون و لە بەریتانیا بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەتەوەو خەڵک لەنێو عێراقەوە بەنهێنی براوەتە ئەو کۆبوونەوەیە. بەڵام دواتر بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەموو سەرەداوەکانی لەلایەن دەزگای موخابەراتی عێراقەوە ئاشکرابوون. ئەو بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە "چۆن نهێنییەکان ئاشکرابوون؟" لەساڵی 2003وە لەنێو دۆکۆمێنتە عێراقییەکاندا بۆ ئەو فایلەی موخابەرات دەگەڕێ و تائێستا نەیدۆزیوەتەوە. بەبڕوای ئەو "فایلەکە ون کراوە".

لەگەڵ ئاشکرابوونی ئەو هەوڵە، نزیکەی 400 گەورە ئەفسەر و کەسایەتی عێراقی دەستگیرکران و بێسەروشوێن کران. ئیدی ئەمنیەتی تاڵب سوهێل و خانەوادەکەی لەئوردن کە چالاکیی دەزگای موخابەراتی عێراقی تێیدا روو لەهەڵکشان بوو، دەکەوێتە مەترسییەوە. دەزگا ئەمنییەکانی ئوردن شێخ تاڵب ئاگادار دەکەنەوە کە بچێتە وڵاتێکی دیکە و چیدی ئەوان ناتوانن ئاسایشی بپارێزن "نزیکەی 5 مانگ پێش تیرۆرکردنی، ئوردنییەکان باوکمیان ئاگادار کردەوە کە ناتوانن ژیانی بپارێزن و باشتر وایە بۆ ماوەیەک بڕواتە وڵاتێکی دیکە، شا فەهدی کوڕی شا عەبدولعەزیزی پادشای سعودیە ئامادەیی پێشاندا میوانداریمان بکات، باوکم چووە ئەوێ و من لەئوردن مامەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ ناوخۆی عێراق. نزیکەی چوار مانگ لە سعودیە مایەوەو دواتر بەسەردانێک چووە بەیروت و لەوێ تیرۆرکرا.

کاژێر 9:30 خولەکی ئێوارەی رۆژی 1994/4/12 لە بەیروت، چەند چەکدارێک هەڵدەکوتنە سەر شوقەکەی شێخ تاڵب و تیرۆری دەکەن، حکومەتی لوبنان دەستبەجێ بڕیار دەدات چواردەوری باڵیۆزخانەی عێراق بگیرێ.

چوار کەس راستەوخۆ دەستیان لەهێرشەکەدا هەبوو، دووانیان لەنێو باڵیۆزخانە دەستگیر دەکرێن، دووی دیکەیان دوای دوو هەفتە لەکاتێکدا بەرێگاوەدەبن بەرەو فرۆکەخانەی بەیروت، لەلایەن پۆلیسی لوبنانەوە دەگیرێن. پەیوەندیی عێراق و لوبنان دەکەوێتە قەیرانەوە، هەر ئەو ئێوارەیە پەرلەمان و حکومەتی لوبنان تاوانەکە شەرمەزار دەکەن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق دەبڕن. دەستگیرکراوەکان بریتین لە کونسوڵ، پاشکۆی بازرگانی، پاشکۆی رۆشنبیری و پاسەوانێکی باڵیۆزخانە لەگەڵ کەسێکی ئەرمەنی کە هاتوچۆی بەردەوامی لەگەڵ ماڵی شێخ تاڵب هەبووە.

هەریەک لە لوبنان و ئوردن بەرامبەر بەو تاوانە کاردانەوەی توند پێشان دەدەن، سەفیە دەڵێت "رۆژی پاش رووداوەکە خاوەنشکۆ شاحوسێن تەلەفۆنی کردو گوتی فرۆکەیەکی تایبەتی دەنێرم تەرمەکەی بهێننەوە بۆ ئوردن، گوتیشی ئێمە لای خۆمانەوە لەو تاوانە بێدەنگ نابین، بەڵام دایکم رازی نەبوو تەرمەکەی بچێتەوە عەممان، چونکە باوکم راستە لەلایەن دیوانی پادشاییەوە داوای لێنەکرا لە ئوردن دەربچێ، بەڵام بڕوا ناکەم دەسەڵاتدارانی ئەمنی سەربەخۆ ئەوەیان کردبێت. ئوردنییەکان و هەموو دەزگاکانی موخابەراتی وڵاتانی ناوچەکەش دەیانزانی کە باوکم لە لیستی موخابەراتی عێراقیدا بۆ تیرۆرکردن کەسی ژمارە یەکە". سەفیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسەنامەیەمان پێشاندەدات کە پاش تیرۆرکردنی باوکی لەلایەن شاحوسێنی پادشای ئوردنەوە دەرچووەو تێیدا هێرشی توند دەکاتە سەر رژێمی سەددام حوسێن. ئەو بەیاننامەیە کە لەلاپەڕەی یەکەمی هەموو رۆژنامەکانی ئوردندا بڵاوکرایەوە، بەلای سەفیە سوهێلەوە خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان سەددام حوسێن و بنەماڵەی پاشایەتی لە ئوردن.

سەفیە بەپشتبەستن بە گێڕانەوەکانی باوکی و سەعد ساڵح جەبر، بەجۆرێک لە دڵنیاییەوە دەڵێت "لایەنی ئەمریکی لەساڵی 1994دا بەهیچ شێوەیەک جددی نەبوو لە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ گۆڕینی رژێم، زۆر نیشانەی پرسیار و گومان هەبوون کە هەرکاتی خۆی سەعد ساڵح جەبر ئەوانەی خستنەڕوو. من تەواو لەوە دڵنیانیم، بەڵام پێموایە پێویستی بەوەیە یەکێک لێی بکۆڵێتەوە، ئایا ئەو زانیارییانە چۆن گەیشتنە دەست موخابەراتی عێراق. ماوەیەکی زۆرە لەنێو دۆکۆمێنتە عێراقییەکاندا بۆ ئەو دۆسیە دەگەڕێم و نایدۆزمەوە، ئەو دۆسیە ون کراوە".

### "سەحاف قسەخۆشە"

ساڵی 2003 بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، ناوی محەممەد سەعید سەحاف لە لیستی 55 داواکراوەکەی ئەمریکادا نەبوو، ئەو ئەگەرچی بۆ ماوەیەک دەستگیرکرا، بەڵام هەر زوو ئازادکراو هیچ تۆمەتێکی بەرەوڕوو نەکرایەوە.

سەحاف لەساڵی 1994دا وەزیری دەرەوەی عێراق بووە، ئەوکاتەی کە ئازادکرا داوایەکی



یاسایی لەلایەن خانەوادەی سەفیە سوهێل لە دژی ئەو لایەنانە لە دادگا بوو کە دەستیان لە تیرۆرکردنی شێخ تاڵب سوهێلدا هەبووە، لەوانەش وەزارەتی دەرەوە.

سەفیە دەڵێت "کە دادگای باڵای تاوانەکان پێکهات، من یەکەمین کەس بووم بەناوی خۆم و خانەوادەکەمەوە داوایەکی یاساییم تۆمارکرد. داواکە لەسەر سەددام حوسێن و دەزگای موخابەرات و وەزارەتی دەرەوە بوو، ناوی بکوژەکانیشم تۆمارکرد لەگەڵ ناوی دیپلۆماتکارەکانی ئەوکاتی عێراق کە لە لوبنان بوون، لەوانەش عەوەز فەخری راپەڕێنەری کاروباری عێراق لە لوبنان، لەوکاتەوە بەدوای ئەو دۆسیەوەم تائێستا، دۆزەکە لەم دادوەری لێکۆڵینەوە دەدرێتە ئەو دادوەر، هەمووشیان تەرکیز دەکەنەوە سەر ئەو دۆسیەی لەدادگای لوبنانیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا وردەکارییەکە لەناو ئەو دۆکۆمێنتانەدایە کە لە عێراقن، لەوکاتەوە من داوا لە هۆشیار زێباری و لە وەزارەتی دەرەوەو لە هەموو بەرپرسە عێراقییەکان دەکەم، کوا فایلی کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە کە پاش رووخاندنی رژێم راستەوخۆ شوێنبزر کراون؟، مافی خۆمانە بزانین کێ دیپلۆماتکار بووەو کێ ئەفسەری موخابەرات بووە. سەبارەت بە سەحاف، ئەو کابرایە لەساڵی 1994دا وەزیری دەرەوە بووە، من لەسکاڵاکەدا ناویم نەهێناوە کە ئەوە هەڵەیەک بوو لای منەوە، بەڵام خۆ گوتوومە وەزیری دەرەوەی عێراق لەساڵی 1994، ئایا زەحمەتە بزانی کێ بووە؟".

ساڵی 2005 وەک کارێکی رۆتینی دادگا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ژمارەیەک لەوانە دەرچوو کە ناویان لەو دۆزەدا هاتووە: سەدام حوسێن، تارق عەزیز، سابر دووری، عەلی حەسەن مەجید، عەلی سوڵتان دەرویش، عەوەز فەخری، خالید خەلەف عەلوان، محەممەد فارس و نوری ئیسماعیل. سەفیە لیستەکەمان پێشاندەداو دەڵێت "وەک دەبینن محەممەد سەعید سەحافی تێدا نییە، بۆچی؟ پێموایە ئەم دۆزە بەشێوەیەکی راست و دروست دیراسەت نەکراوە، یان ئەگەر شتێکی دیکە هەبێت من نازانم، ئاخۆ کەسێک هەبووە نەیویستووە ناوی سەحاف بخرێتە ناو لیستەکە؟". سەبارەت بەوەش کە بۆچی لەلایەن ئەمریکاوە هەر لەسەرەتاوە نەخرایە نێو لیستی سەرانی داواکراوی رژێم دەڵێ "پێموایە ئەمریکییەکان لەبەر هاشوهوشەکانی کەیفیان پێدەهات و دەیانگوت پیاوێکی قسە خۆشە!".

### خۆی بکوژەکانی باوکی دەگرێ

سەفیە دەڵێت ئەوەی دۆزەکەی بەوشێوەیە جوڵاند، دەستگیرکردنی پاسەوانەکەی باڵیۆزخانە بوو "ئەو کەسە کە ناوی (هادی رکابی)یە و خەڵکی ناسریەیە، لەناو عێراق دەسووڕایەوە و من لە2005/3/3وە سکاڵام لەسەر تۆمارکردووە، بەڵام کەس نەچوو بیگرێ، ناچار خۆم و حیمایەکانم چووین لە شۆڕجە گرتمان و دامانە دەست پۆلیس، چەند جارێک زانیاریمان دەدایە پۆلیس کە لەفڵانە شوێنە بچن بیگرن، دەستبەجێ زانیاری پێدەگەیشت و تا پۆلیس دەچوون هەڵدەهات. ئەوە یەکەم کەس بووە کە چووبووە ناو شوقەکەی باوکم و تەقەی لێکردبوو، لەبەرئەوەی نزیکبوو لەهەندێ لایەنی سیاسی عێراقی دەستگیر نەدەکرا، کاتێکیش بەوشێوەیە دەستگیرکراو درایە لێکۆڵینەوە، زۆر وردەکاری و زۆر نهێنی وای درکاند کە رێڕەوی دۆزەکەو رێڕەوی لێکۆڵینەوەی گۆڕی، ناوی محەممەد سەعید سەحاف و سەبعاوی ئیبراهیمی زڕبرای سەدام کە بۆ یەکەمین جار هاتە نێو ئەو دۆزە، لەسەر بنەمای دانپێدانانی ئەو پاسەوانە بوو".

### سیخوڕی بەعس لەنێو کۆشکی پاشایەتی ئوردن

پاش دوو هەفتە لەتیرۆرکردنی تاڵب سوهێل، پۆلیسی لوبنان دوو لەبکوژەکانی لەرێگەی فرۆکەخانەی بەیروت لەنێو ئۆتومبێلێکدا دەستگیر دەکەن، شوفێری ئۆتومبێلەکە عەوەز فەخری راپەڕێنەری کاروباری عێراق بوو لە لوبنان کە دەیویست بکوژەکان دەرباز بکات.

عەوەز فەخری و دوو دیپلۆماتکاری دیکەی عێراقی دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و لوبنان پچڕا، لەو وڵاتە دەرکران. چوار کەسەکەی دیکە خرانە زیندانەوەو درانە دادگا، بەڵام دوای دووساڵ لە رێککەوتنێکی ژێربەژێردا بەو ناوەی کە ئەوانە دیپلۆماتکارن و حەسانەیان هەیە، ئازاد کران. سەفیە دەڵێت "بڕیاربوو لەرێگەی ئوردنەوە بگەڕێنەوە عێراق، چونکە ئەوکات تاکە وڵات بوو کە هێڵی ئاسمانی لەگەڵ عێراق نەبڕیبوو. لە عەونی خساونە سەرۆکی دیوانی پاشایەتی ئوردنەوە کە ئێستا یەکێکە لەدادوەرە گەورەکانی دادگای لاهای، تەلەفۆنێکم بۆ هات. خساونە لەزاری خاوەن شکۆوە دڵنیای کردینەوە کە ئەو تاوانبارانە هەر بە گەیشتنیان بە فرۆکەخانەی عەممان دەستگیر دەکرێن". ئەوە بۆ خانەوادەی سەفیە دەبێتە هەواڵێکی خۆش، بەڵام لەوکاتەی بکوژەکان لە فرۆکەخانەی بەیروتن، حکومەتی عێراق داوا لە لوبنان دەکات لای خۆی رایانبگرێ و بەو فرۆکەیە بەڕێیان نەکات تا رێگەیەکی دیکە بۆ گەڕانەوەیان دەدۆزنەوە. سەفیە دەڵێت "ئەمە بەئاشکرا دەریدەخات کە لەنێو دامودەزگاکانی ئوردندا کەسانێک هەبوونە سیخوڕییان لەسەر کۆشکی پاشایەتیش بۆ رژێمی سەدام کردووە". ئەوەی بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێ نەدەکرا، ئەوەبوو کە سووریا رێگە بدات ئەو تاوانبارانە بەخاکی ئەودا بگەڕێنەوە. دەروازەی ئەلبوکەمال لەنێوان عێراق و سووریا کە 17 ساڵ بوو داخرابوو، بۆ بکوژەکانی باوکی سەفیە ماوەی تەنیا سێ کاژێر خرانە سەرپشت.

### بەعسییەکان فێڵیان لە زێباری کرد

ساڵی 2003 کە وەزارەتی دەرەوەی عێراق پێکدەهێنرێتەوە، هەمان عەوەز فەخری تۆمەتبار بەکوشتنی شێخ تاڵب سوهێل، دەکرێتە بەرپرسی دایرەی عەرەبی لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق. سەفیە دەڵێت "بەعسییەکان لەناو وەزارەتدا چواردەوری هۆشیار زێبارییان دابوو، بەئاشکرا کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە عێراق نەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و جیهانی عەرەبی"، سەفیە لەو رووەوە نموونە بەخۆی دێنێتەوە کە فەرمانی ئەوەی بۆ دەرچوو بکرێتە باڵیۆزی عێراق لە قاهیرە، بەڵام کۆسپیان خستە بەردەمی و گوتیان با ببێتە باڵیۆزی عێراق لە کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە، دواتریش بە درۆ گوتیان کە میسر رازی نییە ئەو پۆستە بدرێتە سەفیە سوهێل "ئەوە پیلانێکی بەعسییەکان بوو، فێڵیان لە هۆشیار زێباریش کرد و دەیانویست وایپێشانبدەن کە کورد پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوێ و ئەو وەزیرە کوردە دژی پەیوەندییە لەگەڵ ئەوان".

سەفیە باسی کۆبوونەوەیەکی باڵیۆزەکان دەکات کە ساڵی 2005 لە ئوردن سازدراو دەڵێت "هۆشیار زێباری خۆی لەوێ بوو، عەوەز فەخری لەتەنیشتی دانیشتبوو، ئەو کە لەسەردەمی سەدامدا باڵیۆزی عێراق بوو لە بەیروت بە پلەی وەزیر، بینیم کوڕەکەی باڵیۆزەو خۆیشی بەرپرسی دایرەی عەرەبییە لەوەزارەتی دەرەوە، واتە ئەگەر من بچوومایە بۆ قاهیرە بۆ ئەوەی ببمە باڵیۆز، دەبوو لەبەردەستی ئەو کە تۆمەتبارە بە کوشتنی باوکم کاربکەم".

هەروەها دەڵێت "لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو لەکۆبوونەوەکەدا راپەڕێنەری کاروباری عێراق لە لوبنان کاتێک راپۆرتی خۆی پێشکەش کرد، باسی ئەو کێشەیەی کرد کە ئێمە راپەڕێنەری کارەکانی عێراقمان لە لوبنان ناونابوو باڵیۆز، بەڵام لوبنان قبووڵی نەکردبوو، دەیانگوت ئێمە لەساڵی 1994ەوە پەیوەندی دیبلۆماسیمان لەگەڵ عێراق پچڕاوە، بۆیە ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ ئێوە هەمانە ناوی بنێن پەیوەندی بەڕێکردنی کاروبار، ئەوەی لەتەنیشتی هۆشیار زێباریش دانیشتبوو هەمان ئەو کەسە بوو کە بەرپرس بوو لەپچڕانی پەیوەندییەکان لەگەڵ لوبنان". سەفیە دەڵێت "لەکۆبوونەوەکەدا دەرکەوت کە عێراق دوو مانگ لەوەبەر عەوەز فەخری و کەسێکی دیکەی بۆ گفتوگۆکردن رەوانەی بەیروت کردبوو، ئەوە بۆ من شۆکێکی گەورە بوو، هەر لەنێو کۆبوونەوەکەدا زۆر تووڕە بووم، گوتم تێناگەم! ئەوە خۆی و سەدام حوسێنی سەرۆکی بەرپرس بوون لە پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ لوبنان، ئێستا هەمان کەس بەناوی عێراقی نوێوە دەڕوات بۆ لوبنان و گفتوگۆ دەکات بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندییەکان؟! ئەو کەسە کاتی خۆی لە لوبنان دەرکراوە، ئایا نازانن بەپێی عورفی نێودەوڵەتی دیپلۆماتکارێک کە لە وڵاتێک دەرکرا، ئیدی بۆی نییە بەدرێژایی ژیانی پێ بخاتەوە ئەو وڵاتە؟".

دایکی سەفیە کە لەو رووەوە داوای روونکردنەوە لەحکومەتی لوبنان دەکات، وەزارەتی دەرەوەی لوبنان وەڵامی دەداتەوە کە ئەوانیش تووشی سەرسوڕمان هاتوون لەوەی عێراقی نوێ هەمان بکوژی شێخ تاڵب سوهێلی بۆ ناردوونەتەوە "سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان بەخۆی پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە کرد کە چۆن ئەو کارە شەرمەزارانەتان کردووە".

وەک سەفیە دەڵێ، هوشیار زێباری پاش کۆبوونەوەکەی عەممان بەڵێن دەدا لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە "بەڵێنی دا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، منیش باوەڕم کرد، بەڵام پاش ئەوەی لە ئوردن گەڕاینەوە، دەبووایە بچین بۆ قاهیرە بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی، هۆشیار زێباری لە فرۆکەخانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم کە ئەو دەڕوات و منیش دواتر لەگەڵ سەرۆک کۆمار بچم، گوتم بۆچی لەگەڵ سەرۆک کۆمار بێم؟ خۆ من راوێژکاری سەرۆک نیم، من باڵیۆزم و نوێنەرایەتی وڵاتەکەم دەکەم، گوتی نەخێر تۆ لەگەڵ سەرۆک کۆمار وەرە، ئەمە دوای سێ رۆژ لە بەڵێنەکەی کە گوتی لێکۆڵینەوە لەسەر عەوەز فەخری دەکات. دەبینم هەمان عەوەز فەخری ئەندامی شاندەکەی هۆشیار زێبارییە بۆیە نەیدەویست من بەهەمان فرۆکە لەگەڵیان بڕۆم".

عەوەز فەخری پاش ماوەیەک هەڵدێت و پەنا دەباتە بەر سووریا، بەڵام سەفیە دەڵێت "دوای هەڵاتنیشی مووچەکەی هەر مابوو، دووساڵ بوو هەڵاتبوو وەزارەتی دەرەوە مووچەی نەبڕیبوو، دواتریش کە وەزارەت کۆمەڵێک باڵیۆزی خانەنشین کرد، دیسان ناوی عەوەز فەخری خستبووە لیستەکەوە، تا دواتر دادگا پێیزانی و مووچەکەی راگرت". سەفیە بەگلەییەکی زۆرەوە لەهۆشیار زێباری دەڵێت "هیچ هاوکارییەکی دادگای نەکرد بیگرێ و تەسلیمی بکات، سەرئەنجامیش بە بەرچاوی هەموومانەوە هەڵات و چووە سووریا".



دیاکۆ خەیات*

# سەربەخۆیی دارایی و ئاکامەکانی

هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراقی فیدراڵ توانیویەتی لە ماوەی 11 ساڵی رابردوودا لەڕووی ئابوورییەوە گەشەیەکی بەرچاو بکات و سیمایەکی ئابووریی جیاواز لەچاو سەرانسەری عێراق پێشانبدات. هەروەک چۆن کەموکووڕی و بۆشاییەکان حاشاهەڵنەگرن، پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانیش ناکرێ نادیدە بگرین. دیارە لەو نێوەدا زۆر بەربەست و ئاستەنگ نەیانهێشتووە بە گوێرەی پێویست ئابووریی باشووری کوردستان سەقام و ئۆقرە بگرێ کە ئەوە زۆرجار پێشی بە گەشەی بەردەوام و سەقامگیریی ئابووری گرتووە. یەکێک لەو ئاستەنگانە کە ئەم ڕۆژانە گەرووی ئابووریی کوردستانی گرتووە، بەهۆی وابەستەبوونی بودجەی هەرێمی کوردستانە بە بەغداوە لەڕووی دارایی. بودجەیەک کە 96%ی سەرچاوە داراییەکەی لە بەغداوە دێت. ئەو دۆخە لە ڕێگەی سەپاندنی کەشی نادڵنیایی (Uncertainty)، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر بەردەوامیی گەشەی ئابووریی کوردستان. چونکە یەکێک لە پێداویستییەکانی هەڵدانی ئابووری (economic growth) بوونی بەستێنێکی گونجاو و لەبارە بۆ چالاکییە ئابوورییەکان کە بە ژینگەی کار و پیشە (business environment) ناسراوە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی، پێویستییەکی ستراتیجیکی بە کەشوهەوای ئارامیی ئابووری و سیاسی هەیە. بۆیە ئەگەر ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەشەی بەردەوام و بنەڕەتیی ئابووری کوردستان بێت، ئەوە دەبێ بە نیسبەت لابردنی هەموو لەمپەرەکانی بەردەم گەشەی خۆگرتوو و سەقامگیر، هەنگاوی جددی و بە کردەوە هەڵبگرێ. ڕەنگە لەو نێوەدا یەکەم هەنگاو سەربەخۆیی ئابووریی کوردستان لەڕووی سەرچاوە داراییەکانی بودجەوە بێت، ئەوەش پێویست دەکات هەندێک هەوڵی گەورەی دامەزراندن و چاکسازی بەدوای خۆیدا بهێنێت کە تا ئێستا کاریان بۆ نەکراوە. یەکێک لەوان، بوونی بانکێکی ناوەندی ڕاستەقینەیە کە بتوانێ سیاسەتی دارایی (monetary policies) سەربەخۆی هەبێت و سەقامگیری نرخەکان و پاڵپشتی لە پرۆسەی گەشەی ئابووریی کوردستان وەک ئامانجی خۆی لەبەرچاو بێ. لە ڕاستیدا ئەو سیستەمە بانکییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ئامانجە بەرزانەی پەیوەندیدارن بە گەشەی هەمە لایەنەی کوردستانەوە. ئەوەی کە ئێستا بەنێوی سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان کار دەکات تەنیا بۆ ئابوورییەکی دواکەوتووی خێڵەکی لەبارە و ناتوانێ پشتیوانی پێوەندییە ئاڵۆزە ئابوورییەکانی سەردەمی ئێستای کوردستان بێت. بۆیە تەنانەت ئەگەر هەوڵی سەربەخۆیی دارایی کوردستانیش بە ئاکام نەگەیشت، پێویستە حکومەتی هەرێم بیرێکی جددی لە دامەزراندنی سیستەمێکی مۆدێرن و ئەوڕۆیی بانکداری بکاتەوە تاوەکو بتوانێت پێشکەوتنەکانی ئابووری و ئەو ئاڵۆزی و پێچەڵاوپێچییە ماڵییانەی لە داهاتووی نزیکی کوردستاندا دێنە ئاراوە، پشتیوانی و ساپۆرت بکات. لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئاماژە بکرێ بەوەی کە بەپێی زانستی ئابووری، ئەگەر زیادکردنی نەختینەی وڵات لەگەڵ ڕێژەی هەڵدانی بەرهەمی ناوخۆ (GDP growth rate) و هەڵاوسان و...هتد گونجاو نەبێت، ئەوە لە خولەکانی داهاتووی ئابووریدا دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنی ڕێژەی هەڵدانی بەرهەمی ناوخۆ، یان بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی هەڵکشانی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری. چونکە سیاسەتی دارایی (Fiscal policy) سەرچاوەگرتوو لە ستراتیژی گەشەی ئابووری کوردستان، بە دەست حکومەتی هەرێم دادەڕێژرێ، بۆ ئەوەی کە ئامانجەکانی ئەو ستراتیژییە وەدیبێن و هاوسەنگی و سەقامگیریی ئابووری دابین بکرێ، دەبێ بەشەکانی دیکەی پەیوەندیداریش کە هەرە گرینگەکەیان سیاسەتی نەختی (Monetary policy)یە لە کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمدا بێت. ئەوە حکومەت یان بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستانە کە دەتوانێ بەپێی بودجە و هەڵدانی ئابووری، دیاری بکات کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە چ ڕادەیەک پارەی نەختی هەیە یان ڕێژەی سوود و بەهرەی بانکی دەبێ چەند بێت و...هتد. بۆیە هەم لە گۆشەنیگای مەترسی (بەهۆی سەپاندنی کەشوهەوای نادڵنیا بۆ سەر ژینگەی کار و پیشە) بۆ سەر گەشە و پەرەپێدان و هەم لە گۆشەنیگای پێویستیی هاوئاهەنگبوونی سیاسەتی دارایی و نەختی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە بە زووترین کات وابەستەبوونی سەرچاوە داراییەکانی بودجە بە بەغداوە بنەبڕ بکات و سەرچاوەی دارایی خۆماڵی بۆ بودجە بدۆزێتەوە. ڕەنگە بە بیستنی "سەرچاوەی دارایی خۆماڵی" زەینمان تەنیا بۆ لای داهاتی نەوت و غاز بچێ، بەڵام دەبێ بزانین کە داهاتی نەوت و غاز خراپترین سەرچاوەی داراییە بۆ بودجە بە گشتی و بودجەی بەکاربردن بەتایبەتی. بۆیە ئەگەرچی تا چەند (سێ تا پێنج) ساڵ دوای سەربەخۆیی دارایی سروشتییە کە داهاتی نەوت و غاز بەشی هەرە گەورەی سەرچاوەی بودجە پێکبێنێ، بەڵام زۆر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمی جددی بخوا لە هەمەجۆرکردنی سەرچاوە داراییەکانی بودجەی کوردستان. بە گوێرەی تیۆرییەکانی زانستی ئابووری یەکێک لە تەندروستترین سەرچاوە داراییەکانی بودجە باج وەرگرتن لە هاووڵاتیانە. بەڵام ئەوەی لەو قۆناغەدا گرنگە و شیاوی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە هەر ئێستا حکومەتی کوردستان دەتوانێ ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، داهاتی ئەو هەناردەکردنەش پاش دەرکردنی تێچووەکانی، کەمتر نییە لەو بەشە بودجەیەی هەرێمی کوردستان کە لە بەغداوە دێت. تا یەک ساڵی دیکە توانای هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، واتا دوو هێندە و نیوی توانای ئێستای. ئەوە یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە سەربەخۆیی دارایی هەرێمی کوردستان وەک هەنگاوێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەسەلمێنێ و تەنانەت واجبیشی دەکات.

سەربەخۆیی دارایی کوردستان جگە لەو سوود و قازانجانەی کە باسکران، دەبێتە هۆی پێکهێنانی بەستێنێک بۆ بردنە سەرێی توانای تەکنیکی و بەڕێوەبەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی سەربەخۆیانەی کوردستان. ئەوە سوود و دەرهاویشتەیەکی دەرەکی (Externality) سەربەخۆیی داراییە کە هەڵبەت زۆر بایەخدار و گرینگە. بۆیە ئەو هەنگاوە یەکێک دەبێ لەو هەنگاوانەی کە بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی سەربەخۆیی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان لە داهاتوودا پێویستن. جگە لەو قازانجە دەرەکییە، دەتوانین ئاماژە بە زۆری دیکە بکەین کە لەو سۆنگەوە نسیبی کوردستان دەبن، وەکو دامەزراندنی چەندین بەڕێوەبەرایەتی و ناوەندی پێویست و پێوەندیدار کە سەدان کەس لە پسپۆڕان و خوێندەوارانی زانکۆ ڕاکێشی خۆیان دەکەن، یان بردنە سەرێی هەستی باوەڕ بەخۆبوون لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا کە بە دڵنیاییەوە سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگە بۆ گەشەی فرەڕەهەندی کوردستان.

لەگەڵ هەموو ئەو قازانجانەی کە لە سەرەوە باسمانکردن، ناکرێ هەستیاری و مەترسییەکانی سەربەخۆیی دارایی شی نەکەینەوە و نەیانبینین. یەکێک لە خاڵە مەترسیدارەکانی ئەو سەربەخۆییە داراییە ئەوەیە کە بەداخەوە لەو قۆناغە زەمەنییەدا نزیکەی هەموو سەرچاوەی دارایی بودجە لە داهاتی نەوت دابین دەکرێ (هەڵبەت ئێستا لە بەغداوە دێت) و تەنیا کڕیاری نەوت و غازی کوردستانیش تورکیایە. لە چوارچێوەی شیکارییەکی سوات (SWAT) دا ئەوە وەک خاڵێکی مەترسی دێتە هەژمار. بەو مانایەی کە سبەی ڕۆژێ تورکیاش دەتوانێ کڕینی نەوت و غاز وەک کارتێکی فشار بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی بەکاربهێنێ. بۆیە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم پێویستە هەم بۆ جۆراوجۆرکردنی سەرچاوە داراییەکانی بودجە و هەمیش بۆ جۆراوجۆرکردنی کڕیارانی نەوت و غازی خۆی حەولی جددی بدات تا هەم مەترسییە دەرەکییەکان و هەم خاڵە لاوازەکانی نێوخۆ چارەسەر و کۆنترۆڵ بکات. لەلایەکی دیکەوە سەربەخۆیی دارایی لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا هەڵکشان و دەوڵەمەندبوونێکی چاوەڕوانکراوی داهاتیی بۆ حکومەت بە دوای خۆیدا دەهێنێ و ئەوەش بەرپرسیارێتییەکی قورس دەخاتە ئەستۆی دارێژەرانی سیاسەتی ئابووریی کوردستان. بەو مانایە کە گەلێک پێویستە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و ستراتیژیکی ئابووریدا ئەو داهاتە زۆر و زەوەندە بە شێوەیەک کاناڵیزە بکرێت کە نەبێتە هۆی دروستکردنی گرێکوێرە بۆ پێکهاتەی ئابووریی کوردستان لە داهاتوودا، چونکە ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر بە ڕوونی ئەوەیان سەلماندووە کە خەرجکردنی داهاتی زۆر و زەوەندی نەوتی بەبێ بەرنامەیەکی ستراتیجییانە و زانستی نەتەنیا نابێتە مایەی گەشە و چوونە سەرێی ئاستی خۆشگوزەرانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی تێکدان و چەوتاندنی پێکهاتەی ئابووری و زۆر گرفتی بنەڕەتی کە چارەیان گەلێک چەتوون و دژوارە.

هەڵبەت ئەو مەترسییانە بەو مانایە نین کە سەربەخۆیی دارایی خۆی لە خۆیدا کێشە دەخولقێنی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر خاڵە هەستیارەکان بە باشی بناسرێن و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە ئەوە نەتەنیا سەربەخۆیی دارایی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەیەکی مێژوویی و زۆر دەرفەتی زێڕین بۆ کوردستان دەخولقێنێ، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی هەموو فاکتەرە سیاسی و مێژوویی و ئابوورییەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوە تەنانەت بڕیارێکی پێویستی مێژووییە بۆ ئەو قۆناغە زەمەنییەی باشووری کوردستان.

*کارناسی باڵای ئابووری

---

ئەدیب ئەلمەکلومی

## دۆخی دژواری ژنان

# تیرۆرکردنی دایەنەمۆی کۆمەڵگە لە سایەی فیکری کەهەنووتدا

تێنەگەیشتن لە زمانی ژن، بناغە و دایەنەمۆی کۆمەڵگە، ئەو جیهان و هەسارە تایبەتییە، مەرگەسات و تراژیدیا و واقیعێکی قووڵی قەیراناوی بێ سەروبەری خولقاندووە. کێ هەیە لە زمانی جەستەی ئەم کتێبە تێبگات و خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ بکات؟ گەر زۆربەمان لە زمانی ئەم کتێبە تێگەیشتباین ئەم ڕووداوە دڵتەزێن و جەرگبڕانە ڕۆژانە لێرەو لەوێ ڕوویاننەدەدا دژ بەو بوونەوەرە کە خودا بە گوڵە جوانەکەی ژیانی دونیا (زهرة الحياة الدنيا) ناوی بردووە لە قورئاندا. بەڵام ئێمە نمایندەی نەخۆش و موتەرجیمێکی نێگەتیڤین. لە ئاست تێگەیشتنی پەیامە مەزنەکەماندا نین، بۆیە "عوقمی" فیکریمان لە بەرامبەر عیملاقیەتی دەقدا بەرو ڕەنجی هەر ئەوەیە و هەر ئەوەش دەبێ کە دەیبینین.

جارێک فەرقەدی سەبخی لەبارەی بابەتێکەوە پرسیاری لە شێخ حەسەنی بەسری کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە. پاشان فەرقەد گوتی: زاناو فوقەهاکان کۆک و هاوڕا نین لەگەڵ وەڵامەکەتدا و بە پێچەوانەی تۆوە بیردەکەنەوە یا شێخ. بەسریش لەوەڵامدا گوتی: دایکت ڕۆڕۆت بۆ بکات فورەیقید، هیچ فەقیهێکت بینیوە بەواتای وشە فەقیه بێت؟!

گەر تەعبیرەکەی شێخ حەسەن بەسری بۆ وان سەردەمان پڕ بەپێست و لەجێی خۆی بێت، دەبێ بۆ ئەمڕۆکە چەندە دروست و پڕ بەپێست و بەجێ بێت. باوەڕناکەم فەقیهێک هەبێ بەمانای وشە فەقیه بێت. ئەوەی هەیە تەنیا مەلا و مەندیلە و هیچیتر.

بڕیارم نەداوە لەم نووسینەمدا زمانی ژمارە و ئامارەکان بدوێنم یان نموونەگەلێک بێنمەوە لەسەر کوشتن و چەوساندنەوەی ژنان و ئەشکەنجەدانیان و زوڵم لێکردنیان بە بیانووی پاراستنی شەرەف و کڕینەوەی حەیا و ئەدەب، یان چەندین بڕو بیانووی دیکەی بێ مانا! پێویست بە بەڵگە ناکات کە ئافرەت چۆن چەوساوەتەوە و چۆن مافی پێشێل کراوە. ڕۆژانە بەچاوی سەرمان دەبینین چۆن بێبەزەییانە و دڕندانە ئەم "زهرة الحياة الدنيا"یە خەڵتانی خوێن دەکرێ و تیکە تیکە دەکرێ و فڕێدەدرێنە ناو گۆم و کەند و دوند و دۆڵ و نوقمی دەریاچەکان دەکرێن! بەڵکو مەبەست لەم نووسینە، هەوڵێکە بۆ شکاندنی کۆسپ و دەرووی سەخت ((فلا اقتحم العقبة)). هەوڵێکە بۆ ئازادکردنی ئینسانەکان لەو کۆت و بەندو زنجیرانەی کە چەندان سەدەیە خراونەتە ملی فیکریان و هەر لە کەلتوور و تەفسیراتی بەسەرچووی پیاوسالارانی مێژووی فیقهی سەردەمی خەلیفەکانی ئەمەوی، عەباسی، فاتمی، مەملوکی و عوسمانییەوە تا دەگاتە تەقلید و نەریت و ئەو دابە باوانەی سەرەڕێی باوی "باوان"، ئەوانەی دینیان کردووە بە پیشە و پێخوی ڕۆژانەیان، گوایە میهرەبان و بە ئاینەوە سەرقاڵ و فەرمووەدەناسن. ئەم نووسینە، هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەست و لەمپەرانەی کە بەناوی دین و بەناوی ئازادی و بەناوی دیکەوە دەیانەوێ (ژن) ڕزگار بکەن لەو کۆت و قەیدانەی باوان و سنووری پاوان و کەلتووری پڕ لە "تاوان"، ئەو ڕەزالەتەی بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت و کۆمەڵگە بە گشتی تێیکەوتووە. هەوڵێکە بۆ بەدەرخستنی عەورەتی ڕاستەقینەی (فیکری کەهەنووتی) کە خۆی لەژێر بەرگ و پۆشاکی موقەددەسی دیندا حەشارداوە! هەر لەم سۆنگەیەوە کۆششە کەلتوورییەکان و مێژووی باوی بەسەر ڕابورواوی باوان، تروسکاییەک ئومێدی ڕزگاری و ئۆخەی بۆ ڕەگەزی مێیینە نەهێشتووەتەوە کە لەژێر نسێیدا وەحەسێ، بەڵکو تەنیا بەفیڕۆدانی کاتە و خولانەوەیە لەناو بازنەیەکی بۆش و فیقهی جڤاکی نێرسالاراندا کە تێیدا هەمیشە ژن/ ئافرەت بووەتە قوربانیی دەستی جەبەرووتی هەیمەنەخوازان و نیشانە شکێنی پاوانخوازان و "مەستوورە" ئاسای چێژی ژێر جەستەی ئەستووری کۆمپانیاکان! کە زۆر بێبەزەییانە باجی داوە و بووەتە قۆچی قوربانی ئەم جەنگەڵستانە. ئەوان غەمیاران بوون بەدوو تەرەف لەمەڕ ئەو باس و کێشانە کە بێهوودە و بێهودا بە گیروگرفت کراون. باسی تەرەفی سێیەم ناکەم کە عەوامی خەڵکە، چونکە ئەو هەمیشە تەقلید دەکاتەوەو لەسەر دینی پێشینەکان و دابی کۆن و (ڕێچکەی پاشا) خووی گرتووە.

تەرەفی یەکەم پارێزگاران و کەلەپوور پەرستەکانە کە بە داپڵۆسین و داسەپاندنی ئەو راو تێخوێندنەوە زۆر و بۆرە کەلتووریانەی بەمیرات وەریانگرتووە، بەسەر پەیامی ئینسانیەت و ئینسانیبوونی قورئان و تەشریعاتەکانی لەمەڕ ماف و ئەرکەکانی ئافرەت، فەرزیان کردووە بە فیکر و فەتوا، کە خانەی فیکری خۆیان و هۆشی گەلیشیان لەگەڵ کاول و وێران کردووە. لێرەدا ژن، وەک کائینێکی نامۆ و غەریب و کۆیلەیەکی دەستەمۆ و خزمەتکار (وروژێنەر) مامەڵە کراوە بە بەردەوامی، بێ سڵەمینەوە و وردبوونەوە لە فەحوای ئینسانیبوونی ژن.

داخی گرانم لەچەندین بۆنە و نووسیندا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەم بە (پەتای سەردەم و ئافەتی زەمان) ناوبردووە کە ژیانی مەعریفی لەدەرەوەی زەمەندا دەگوزەرێنن و بەکەلتووری ڕابردوو باسوخواسە سەردەمییەکان تاوتوو دەکەن و بابەتەکان شەنوکەو دەکەن.

ئەمە هەمووی لە ئەستۆی ئەو زەخمە تەشریعیەیە کە لە مەنزومەی فیقهی موسڵماناندا خۆی پەخش و پەرش و بەیان کردووە بەناوی علومی شەرعی و زانستە ئیسلامییەکان. بەداخەوە کاتی خۆی سەمعی ئێمەیان پێ تەڕو کەڕو تەلقین دەدا بەناوی دینی ئیسلامی حەنیفەوە.


تەرەفی دووەم مۆدێرنیستە (نەدیتکە) کەڵچەر شۆکەکانە، ئەوانەی کەم زەخیرەن و هەگبە هەژارن لە زانست، گوایە ئەهلی مەعریفەن. لەناوخۆدا پسپۆڕ و پیتۆڵ و عەللامەن، لەبەرامبەر شارستانیەتی ڕۆژئاواشدا شۆک و داماو و چۆک چەماون. ئەوانە بەروبوومی ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی و کەڵچەری ڕۆژئاوایان وەک خۆی بێ فیلتەر و ڕتووش (فیلتەری هزرڤانە مەوسوعییەکان) بەسەر هزر و کەلتوور و فەرهەنگی پاشخانی فیکرییان، کۆپی پەیست کردووە وەک سیستمێک کە قبوڵی گۆرانکاری نەبێ ئاوایە. پێیانوایە ڕۆژئاوا خاوەن فەزڵ و سەبقە لە هەموو شتێکدا، ئەوان دەستپێشخەرن لە فەراهەمهێنانی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی لە ئەرک و مافەکان. ئەم تەرەفە، لە قەپانی ڕۆژئاوادا تێخوێندنەوەکانی پێوەر و پارسەنگ دەکات و بۆچوونەکانیان ئاراستە دەکەن. بە دیدگای غەربییەکان و بە تەقییمی ئەوان، بابەتەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی دژواری ژنان توێژینەوە و تاوتوو دەکەن، بەروبوومی فیکرییان لەوێدا لە سەنتەرەکانی کاپیتالی کۆلۆنیالی سەرمایەداردا بە نیوەچڵی ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفییان پەرەپێدەدەن و خۆیان پەرەنما دەکەن، گوایە ئەوان ڕابەر و سەرمەشق و گۆدۆی بەختەوەری و ڕزگارکەری ئینسانیەتن. هەر لەهەگبەی هەمان سەرچاوەدا (دیدگا و هەڵسەنگاندنی ڕۆژئاواییەکان) وێستگەی فیکرییان ستاک و ڕیفۆرم و زوو زوو کۆپی دەکەنەوە بەر لەدەرکەوتنی مەحدودیەتی زەخیرەی مەعریفییان! بەڵکو هەندێک لە بانگەوازکارانی مافی مرۆڤ و لافی ئینسانییەت و مونتەمی ئەم قوتابخانەیە، زۆرجار بیستوومە، ڕێکلامی ئەوەیان کردووە، گوایە ئیسلام بەرگری لەسیستەمی کۆیلایەتی و داکۆکی لە بە کەنیزەکردنی ژنان کردووە، بەڵکو بەرقەراری کردووە و بەرگری لەو دۆخە ئابڕووبەرە نائینسانیە کردووە. بەپێچەوانەوە شارستانیەتی ڕۆژئاوا حەکەمی عەدل و بەرگریکار و دەستپێشخەر بووە لە هەڵوەشانەوەی ئەم سیستەمە و سەرسەختانەش دژایەتی کردووە. بێئاگا لەوەی کە پەیامی ئینسانیانەی قورئان "شرع العتق ولم يشرع الرق" ڕزگاری و ئازادی بۆ ئینسانەکان فەراهەمهێناوەو دەستەبەری کردووە نەک ملکەچکردنی و بە کۆیلەکردنی چجای تەوزیفکردن و تەنزیمکردن و تەبەننیکردنی وەک سیستەم بە تەعبیری عەقاد. بەڵکو بێئاگا لە دۆخی ژنان و ئەو مێژووە نزیکەی کە تێیدا ئافرەت، لە ئەوروپا تا ساڵەکانی 1850ز، مافی هاووڵاتیبوونی پێ ڕەوا نەدەبینرا و هەر بە مرۆڤیش سەیر نەدەکرا، کەچی ئێستا ئەوروپا سەرقافڵەی جیهانە لە زانست و پێشکەوتن و تەکنەلۆجیادا. چەندان دانیشتن و کۆبوونەوە گرێدراون سەبارەت بە ناسنامە و نەژادی (ژن) ئاخۆ ئەم بوونەوەرە مرۆڤە یان نا. تا ساڵی 1882ز، ئافرەت بەم چەشنە بێبەش بوو لە بچووکترین مافە تایبەتییەکانی، تەنانەت بۆی نەبووە (کتێبی پیرۆزیش) بخوێنێتەوە، خوێندنەوەی ئینجیلی لێ قەدەغە و حەرام بووە بەفەرمانی هێنری هەشتەم لە ئینگلترا. سەرنجی پەرتووکی "تاريخ الاخلاق الاوروبية"ی بیرمەند و مێژوونووسی ئایەرلاندی "دەبلیو لیکی" بدە. لەوێدا چیرۆک و سەرگوزشتەی وا دەخوێنیتەوە مەگەر لەفەنتازیا وێنەیان بۆ نەخشێنرابێت، ئەگینا باوەڕهێنان بەم چیرۆکانە مرۆڤ لە بەرگی ئینسانیەت دادەڕنێ و فەروی جانەوەری دەڕندەی بەبەردا دەکات. وات لێدەکات پرسیار و بەدواداچوون و گەڕان بکەیت لەسەر ئەم کائینە، قووڵتر بکۆڵیتەوە لەسەر ئەسڵی ئینسان کە چلۆن مەخلوقێکە! گەر لاپەڕەکانی دیرۆکی دژواری ژانی ژنان لەشارستانیەتەکانی ڕۆمانی و گریکی و هیندیش هەڵبدەینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین، ئەوە بێجگە لە ئابڕووچوون و نەنگی بە تەوێڵی ئینسانیەتەوە چیدیکەمان لێیەوە دەستگیر نابێت. بەڵکو مرۆڤ دۆش دادەمێنێ لە گێڕانەوەی مەرگەسات و تراژیدیاکان. بەهەمان شێوە کە لە پەرتووکی "مقارنة الاديان"ی دکتۆر ئەحمەد چەلەبیش دەڕوانیت و ورد دەبییەوە، بابەتە تایبەتیەکانی سەر ژن و ماهیەتی ئەو بوونەوەرە و تراژیدیاکانی سەدەکانی ناوەڕاست و شارستانیەتەکانی پێشوو و کارە قێزەونەکانیان دژ بە ژنان دەخوێنیتەوە، بەراوردیان دەکەیت، مرۆڤ گومان لە ئینسانیبوونی خۆی وەک (ڕەگەزی نێر) دەکات! وەها دڕندانە بەربووەتە گیان و کیانی (مێ) وەک ئاژەڵ، بەڵکو کەمتر لە ئاژەڵ مامەڵەی لەتەکدا کردووە و وەک وەحشییەک چەوساندوویەتیەوە. لەم سۆنگەیەوە پێم باشە بۆ ڕێکخستن و ناساندنی ئەرک و مافەکانی ژن لەچوارچێوەیەکی یاسایی و بە سیستەمکردنی، سەرنجی "الوسيط في القانون والنظم القانونية"ی دکتۆر عەبدولسەلام تەرمانینی حەلەبی بدەن. زۆر جوان بە ڕەهەند و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ژناندا ڕۆچووەتە خوار. گارودیش لە "مستقبل المراة"کەیدا ئومێد دەدات و بیریارانە پەرژاوەتە سەر دۆخی ژنان و کێشە بەردەوامەکانی و چارەسەریش لە بەها بەرزەکاندا دەبینێتەوە. کتێبی "مأساة المرأة المعاصرة"ی ئەدیبە و شاعیرەی ئەڵمانیش، خاتوو باربارا کایزەر سەرنج بدەن لە وەرگێڕانی محەممەد حەیدەر کە بە دەسپێکی پەخشانە شیعرێک باس لە مەرگەساتەکانی ژنی سەردەم دەکات لەژێر نسێی سیستەمی پیشەسازیی هاوچەرخ و شارستانیەتی ڕۆژئاوا چۆن ژن لەسایەیدا بووەتە تەنیا ژمارە و کاڵایەکی کەڕوالی تەپێنراو لەناو جڤاکێکی خەفەی کەڕوالی تەکنەلۆجیدا کە مرۆڤ سەرسام دەکات.

ئەمە کەوتن و هاوییوونی هەمان ئەو توندڕەوییەیە کە تەرەفی یەکەم تێیکەوتووە. بێ ئینسافانە لە باسوخواس و کێشەکان دەکۆڵێتەوەو نابابەتیانە دەپەرژێتە سەر توێژینەوەکان دوور لە میتۆدی ئەکادیمی و زەخیرەیەکی زاهیدانەی زەنگین لە کێڵگەکانی فیکری دینی و پەیامە مەزنەکەی. بەڵکو کێڵگەی مەعریفییان لە علومی ئیلاهیات و ئوسوڵی فەهمی زانستە شەرعیەکان، بەتایبەتی تێگەیشتن لە دەقەکانی قورئان دێمەکارە. تا ئێستا کتێبێک و دووانیان وەک پێویست لەسەر دین و فیکری ئیسلامی و علومەکانی نەخوێندووەتەوە.

فیکری کەهەنوتی توراسپەرست بەهەمان شێوە، سەرەڕای ئەوەی کە فەهمی بۆ دین کاڵە و کڵۆڵە، بەڵکو وەک پێویست لە دەقەکانی ئاینیش تێنەگەیشتووە، چونکە بە فەهمی سەدەکانی پێشینە و لە ڕوانگەی چەندان ریوایاتی تەلمودی و تەفسیراتی موتەعەسیب و مونحاز بەلای پیاودا کە بە مەفهومی ئیسرائیلیات و فیقهی نێرسالاراندا شەنوکەوی بابەتەکانی کردووە، سەرەڕای ئەمەش ڕێکلام بۆ حیقد و کینەبەرایەتی دژ بە ڕۆژئاواو شارستانیەتەکەی دەکات کە من لەگەڵ ئەوەشدا نیم.

هەروەها لەدیدگایەکی تەسک و کەلتوورێکی توند ڕەنگدار بە ئاوێنەی شێواوی دونیایەک دەقی شەفەویی هەڵبەستراوی سەردەمی ئەمەوییەکان کە لە سەردەمی عەباسیەکان فۆرمەلە و تەدوین کراون و دواتر هێدی هێدی مۆرکی موقەددەسبوونیان بەبەردا کراوە و دژ بە نەیار و شۆڕشگێڕەکانیش (فەرموودەکان) تەوزیف دەکران بۆ مەرامە سیاسییەکانی سوڵتان. لە پاشان ئەم فەرموودانە بوون بە بناغە و سەرچاوەی دانانی زانستی فیقە و تەفسیر و (فەرموودەناسی) و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان بەتایبەت وەک بنەمایەک وابوون بۆ خوێندنەوە و تەفسیراتی عەجیب و غەریب لەسەر دۆخی ژنان و فیقهی ئافرەتان، تا بوو بە (بەڵا و تەوق) بۆ گەردنیان. ئینجا مرازیان لە دوو شتدا جێگیر و کورت بوووەوە کە بوو بە سەرگوزەشتەی "ڕشتەی مرواری" بەوەی (تێرنانی کە و تێر تامیکە/ لەبەر مەقام وەزن و قافیەی جوملەکەم تەحویر کرد ــ ببوورن) لەنەزەری ئەواندا ئەمە تەواوی مافیەتی لەئیسلامدا. ئەمەیە فیقهی خوارناوکی سەردەمی سوڵتانەکان و فوقەهاکان (دونیایەک بەڵگەم لەنێو خودی کتێبەکانی "سوننە" و "شیعە" لەبەردەستدایە، بەڵام مرۆڤ قێز لە سەرد و بێز لە باسکردنیان دەکاتەوە. مەگەر ناچاربم ئەگینا بۆ نموونەش حەز بە گێڕانەوەیان ناکەم. هەرچەندە ئەرکی دکتۆر دیاریکردنی نەخۆشییە ئینجا تیمارکردن)، بەڵێ فیقهی خوارناوکی واعیز و فوقەهاکانی سوڵتان، کە هەموو هەمم و غەمیان بۆ (ژن) تەنیا لەم دوو شتەدا کورت و مەڵاسداوە...

ماوەیەتی



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بە ئیجازەی کاک مەسعود

دەمێکــە یەکێک لە گەورەتریــن ئارەزووەکانی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان ئەوەیە کە ڕۆژێک بێــت بتوانــێ دەوڵەتــی ســەربەخۆی کــوردی ڕابگەیەنێــت. لە دیمانەکانیدا کــە لە دوو دەیەی ڕابردوو دیتوومن و خوێندوومنەتەوە، ئەوە بەدی دەکــەم کــە بارزانی حــەز دەکات یــەک هەنگاو پێــش باوکی کۆچکردووی بکەوێــت و خەونێکی هاوبەشــیان کە خەونی هەموو میللەتی کوردیشە بێنێتە دی و ڕۆژێک ئەو دەوڵەتە ڕابگەیەنێت کە چەندین سەدەیە کورد چاوەڕێیەتی. بەڵام ئەگەر جەنابی ســەرۆک ئیجازە بــدات، دەمەوێ جیاواز لە دەوروبەرەکەی، ڕاســتگۆیانە و ئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە دەگوزەرێ نیشانی بدەم.

کوردســتان لە پێنج ســاڵی ڕابردوودا تووشی شــێوازێک لــە دەستاودەســتکردنی سیاســی بــووە، ئەڵبەتە ڕەنگبێ خەڵک وا هەســت بکات کە گۆڕانێکی ریشــەیی لە نەخشــەی سیاســی کوردستاندا ڕوویداوە، بەڵام وانییە. بەرەی جەلالی و مەلایی کە لە شەســتەکانی سەدەی ڕابردووەوە حوکمی کوردســتان دەکەن هەر پایەدارە. ئەمڕۆ هەمــوو ئەوانەی دەنگیان بــە گۆڕان یان یەکێتی داوە، تەنهــا یــەک خاڵ کۆیاندەکاتــەوە، ئەویش ڕکابەرییــە لەگەڵ پارتی. بۆیە ئەوەی کەمێک لە مێژووی سیاسیی کوردســتان شارەزا بێت، درک بەو ڕاستییە دەکات کە جەماوەری دژە پارتی هەر لە جێگای خۆیەتی. نەک هەر لە پاشەکشەدا نییە، بگرە زیادیشی کردووە! شەڕی نێوان ڕکابەرەکانی پارتی لەســەر ئەوەیە کە کێ دەبێتە ئاڵاهەڵگری ئەو جەمــاوەرە دژە پارتییە؟ خوێندنەوەیەک بۆ ئەوانەی کە لە گۆڕەپانی سیاســیی کوردســتاندا ئەسپ تاو دەدەن ڕەنگبێ ئەوە ڕوونتر نیشانبدات.

پارتی دیموکراتی کوردســتان: هەموو جومگە گرنگەکانــی ئــەم وڵاتە لە دەســتی ئەو حیزبە و بنەماڵــەی فەرمانــڕەوادان، بەڵام ســەرباری ئەو هەموو مێژوو و قوربانیدانە خاوەنی یەک لەســەر ســێی دەنگــی هاووڵاتیانــی ئــەم وڵاتەیــە. پتر لــە دەیەیەکــە ڕکابەرییەکی خێزانی و شــێوازی بەڕێوەبردنــی دووانەیی لەناویدا ســەری هەڵداوە و خەریکــە ئەو ڕکابەری و شــێوازی بەڕێوەبردنە ڕەوتی مێژوو دەگۆڕێت، بەڵام سەرۆک بێدەنگە لە ئاســتیدا. سەرۆکی ئەم پارتە بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کــوردی دەکاتــەوە، بیر لە ڕابەرایەتــی کێشــەی کــورد لەســەر ئاســتی هــەر چوارپارچــەی کوردســتان دەکاتەوە، بــەڵام ئامادە نییــە وەزارەتێــک کە هیچ گرنگییەکی ســتراتیژیی نییــە (هــەر بۆ زانیــاری، هیــچ نووســراوێکی ئەو حکومــەت و حیزبە نییە کــە کۆپییەکی لای گۆڕان نەبێــت) بدات بە بزووتنەوەی گۆڕان! بزووتنەوەیەک کە ئەمڕۆ ماڵەباوانی پێشووی (یەکێتی نیشتمانی) خاپــوور کردووە و خەریکە لە بناغــەوە دەریدێنێ، شــتێک کەمتر لە پارتی دەنگی هێناوە. سەرۆک وا تێگەیەندراوە کە پارتەکەی حاکمی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەیە، بەڵام قەت بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە بە یەک لەسەرسێی دەنگی خەڵک حوکمی وڵات ناکرێت و دەوڵەتی کوردی ڕاناگەیەندرێت. ئەو حیزبە ئەگەر ئەوەنــدەی خەریکی ملشــکاندنی خەڵکی خۆیەتی، ئەوەندە خەریکی ڕکابەرەکانی بووایە، ئێستا خاوەنی پتر لە 50 کورسی دەبوو لە پەرلەمان.

یەکێتی نیشــتمانیی کوردستان: تەعبیرێکی زۆر ســادەی عامیانە بۆ ئەو حیزبە ئەوەیە کە ئاســانتر ئەوەیــە خانوویــەک لــە نــوێ بنیــاد بنێــی، نەک تێکبیدەی و ســەرلەونوێ دروســتی بکەیــەوە! ئەو حیزبە لە ڕوانگەی سیاســییەوە بە نەبوو حیســاب دەکرێت، چونکە کەس حازر نییە لەو خانووە کۆنەدا بژیەت، ڕۆژێک بەسەر ئەوانەی کە پێداگیری لەسەر مانــەوە لە ناویدا دەکەن دەڕووخێت. پشتبەســتنی ســەرۆک مەســعود بارزانی بەو حیزبە بێهوودەیە و هاوکات ئەوەش خەیاڵە کە بتوانێ پاشــماوەکەی بۆ خۆی ببات. پاشــماوەی یەکێتی کە ئێســتا بەشی زۆری جەماوەرەکــەی دڵــداری لەگــەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن و تەنیا بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بە یەکێتییانەوە دەبەســتێتەوە، هــی پارتی نییە. ســەرکردایەتیە شیعە مەزهەبە نوێیەکەی دیار نییە تا کەی بەزەبری پشــتیوانی مالیکی و ئێران درێژە بەکاری سیاسی دەدەن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هــەر دژی پارتــی دەمێننەوە. تــاک و تەرا ڕەنگبێ لەســەرکردایەتی و بنکردایەتیــی حیزبەکە بێنە ناو پارتی بەڵام (شایانی باس) نابن.

بزووتنــەوەی گــۆڕان: بزووتنەوەیەکــە کــە ســەرکردایەتییەکەی بــە درێژایــی تەمەنی یەکێتی نەخشــەدارێژەر و ستراتیژیســتی یەکێتــی بوونــە. ئەگەرچی تاڵەبانی ســکرتێری گشــتی بووە، بەڵام ئــەوان هەردەم هێــزی جووڵێنەر بوونە، بۆیە ئەمڕۆ لە غیابی تاڵەبانیــدا ئەوان گۆڕەپانەکەیان کۆنتڕۆڵ کردووە. پارتی پێویســتی بە شەراکەت لەگەڵ ئەم هێزەیــە، چونکە شــتێک بەناوی یەکێتــی نەماوە. ســەرۆک بارزانی ئەگەر عەوداڵــی دەوڵەتی کوردی بێت، دەبێ حیســابیان لەســەر بکات و قەناعەتیان پێبکات. چونکە هێزی دژە پارتی هەردەم قابیلیەتی ئەوەی تێدایە کە دژی بارزانی هەڵوێســت وەرگرێت. بۆیــە ئەگــەر ســەرۆک نەتوانــێ لەگەڵ ئــەو هێزە سیاســیە ڕێکبکەوێت، دوور نییە لەگەڵ پاشــماوە شیعە مەزهەبەکەی یەکێتی بەشێکی دیکەی خاکی کوردســتان وەک هەرێمێــک دابــڕن و بیلکێنــن بە ناوچەکانی ماددەی 140ەوە!

هەر بۆ زانیاریش بەشی هەرەزۆری شوێنکەوتووانی ئەم بزووتنەوەیە بە مژدەی دەوڵەتی کوردی مەست نابن و لای سەرکردەکەشــیان هێشــتا ئەم بەشەی کوردستان هەر کوردستانی عێراقە و ئەولەویەت لای ئەو باشکردنی گوزەرانی خەڵکەکەیەتی.

ئیســلامییەکان: پتــر لــە دوو دەیەیــە ڕەوتــی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان چالاکە، ئەو ڕەوتە لە سایەی کۆنەپارێزیی حیزبە حاکمەکانی کوردستاندا، نەیتوانــی گەشــەیەکی ئەوتۆ بکات و هیچ فەزڵێکی ئەوتۆی بەســەر بزووتنــەوەی کوردایەتییەوە نییە. بۆیــە جەماوەرەکەی هەر لە نێوان 10% تا 15% لە هاتوچۆدایە. بۆیە ئەوان قەت ناتوانن پارســەنگێکی بەهێــزی سیاســی بــن لــە هاوکێشــە ناوخۆیــی و دەرەکییەکاندا.

ئەم تابلۆ گشــتییە موختەســەرە، ئەوە نیشــان دەدات کــە ســەرۆک بارزانی بۆ هێنانــەدی خەونی لەمێژینەی میللەتی کورد، پێویستە زۆر گەورەتر لە حیزبەکەی بیربکاتەوە.



قەرەنی قادری

# ململانێی دوو پایتەخت

نــووری مالیکــی ســەرۆکوەزیرانی کۆماری عێراق، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمــی کوردســتانی بــڕی، ئەویــش بەو مەبەســتەی کە کێشــە و نائارامی بنێتەوە. ئەم هەنگاوەی مالیکی گشت ناکۆکییــە ســڕکراوەکانی چالاک کردن و مەبەســتە ئاشــکرا و شاراوەکانیشی بەدیــار خســت. بڕینــی مووچــە دەرگەیەکــە بــۆ مالیکــی تــا لێیــەوە پەیامەکانــی دیکەشــی بــە هەرێمــی کوردستان ڕابگەیەنێت. تاقیکردنەوەی دۆخی سیاســی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن مالیکییەوە، ئەویش لە بەرەبەری هەڵبژاردنــی پەرلەمانیدا لــە عێــراق، مەبەســتەکەی دەبــێ کۆکردنەوەی دەنگێکی زۆرتر بێت.

لە کۆتاییشــدا، نانەوەی دووبەرەکی و پێکهێنانــی ناڕەزایەتی لــە هەرێمی کوردســتان و چێکردنی بــێ متمانەیی لای هاووڵاتیانــی هەرێمی کوردســتان دەرحــەق بــە حیــزب و لایەنەکانی کە "گۆیا" ئاکامەکەی ئەوە دەبێت، ئاستی دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە کزی بــکات و هەرێمی کوردســتان بە لاوازترین و کەمترین ڕێژە لە پەرلەمانی داهاتوودا بەشدار بێت. گەرچی ئەمانە ئامانجــی کورتخایەنــی (مالیکــی)ن، بــەڵام کێشــەکە لــە "بڕینــی مووچە" زلترە.

پرســی هەناردەکردنــی نەوتــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ دەرەوە، کێشەی پێشــمەرگە و نانەوەی گرفتی بەردەوام بۆ چارەســەرنەکردنی پرسی مــاددەی 140 و پەیوەندیــی قووڵــی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان دەگەڵ تورکیــا، هەروەها بوونی زیاتر لە 20 کۆنسوڵگەریی وڵاتانی بیانی لە پایتەختی هەرێم، کە ئەمەیان دەرفەتە بۆ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان و عێــراق، چەند نموونەی زەقن کە مالیکی و هاوبیرانی ناخــوازن ســەریان لێــی دەربچێــت. کێشــەیەکی دیکە کە مالیکــی "ئازار" دەدات، پەیوەندیــی هەرێمــە لەگــەڵ تورکیــا و ئەمــەش کۆماری ئیســلامی خستووەتە پەراوێزەوە. بێشک هەرێمی کوردستانیش بووەتە مەیدانی ململانێی نێــوان تورکیا و کۆماری ئیســلامی کە مالیکــی لە بەرەی دووەمیاندایە. لەبەر ئەمانــە، دوو پایتەخــت لــە عەقڵــی بەغدانشــیناندا ناگونجێــت، چونکــە مالیکی ئێســتاش پێیوایە کە هەرێمی کوردستان پارێزگای بەسرەیە.

بەڵام مالیکی تەنیا هۆکار نییە بۆ ئەو "هەرەشە"یە، بەڵکو کەموکورتییەکانی هەرێمــی کوردســتانیش "یارمەتــی"ی مالیکییــان داوە و دەیــدەن کــە "ئازا" و "وەزیــر"ی شــەترەنجەکە بێــت. هەرێمی کوردســتان لەمێژە بە خاتری "بەرژەوەندیی باڵا"ی عێراق، سەبارەت بە هەندێک لە پرسەکانی خۆی جددی نییــە. هەرێمــی کوردســتان ماوەیەکە ڕدێنســپی و ناوبژیوانکــەری نێــوان بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی بەغدایە. زۆر لەمێژیشــە، یەکلایەنە "پارێزەر"ی دەستووری هەمیشەیی عێراقە. هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەیە کە زۆر بــە جددی بــە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا بچێتەوە و هەر لەو بوارەشــدا خاڵە لاوازەکانی خۆی بدۆزێتەوە.

ئەگەرچــی دەیــان و ســەدان مانــا بە بەرۆکی سیاســەتەوە هەڵدەواســن، بــەڵام یەکێــک لــە مانــا ماقووڵەکانی هەمیشــە ئەوە بووە کە چــۆن بتوانی بەرژەوەندیی نەتەوەکەت ڕێکبخەیت و لــە مەیدانی ململانێی سیاســیدا بەبێ ئــەوەی ڕەچــاوی بەرژەوەندیــی باڵای ئەوانی دیکە بکەیت، یان لەسەر خاتری خاتــران بەرژەوەندیــی نەتەوەکــەت هەڵپەسێریت، زۆرترین قازانج بەدەست بهێنی. لایەنێکی دیکەی سیاســەت کە دەبــێ بــە گوێرەی کات و پارســەنگی هێــزەکان ڕەچاوی بکەیــت و بــۆی بگەڕێیتەوە، بریتییە لە دیپلۆماســی و سیاســەتی هێرشــبەرانە و هەڕەشە لە هاوکێشەکان. سیاسەتی بەرگریکردنی بــەردەوام یــان بــە تەنیــا وتووێــژ و دانوســتاندنی ماراســۆنی، دەچێتــە خانــەی هەنگاوڵکــێ و شکســتەوە. گنخاندنی پرس و کێشــەکان، لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتە لە عێراقدا.

هەرێمی کوردســتان "کێشــە" نییە، بەڵکــو "چارەســەر"ە، ئەم سیاســەتە ئیتر بڕشــتی نەماوە، دەبێ سیاســەت بــە گوێرەی زەمــان و جێگۆڕکێ لەناو هــزری هاوکێشــە سیاســییەکاندا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و خۆی لەگەڵ دۆخــە نوێیەکەدا بگونجێنــێ، چونکە بەرژەوەندیــی نەتەوەیی وا دەخوازێت. ئــەوەی کە مالیکی دەیــکات، تەنیا تا کۆتایــی هەڵبــژاردن نییــە، بەڵکو بە شێوازی جۆراوجۆر و لە داهاتووشدا بە ڕێگــەی (Godfather)ەکانــی دیکەوە بەڕێوەدەچێت. لەبــەر ئەوە، کارکردن بە کەرەســەی کۆن لــە دۆخێکی نوێی سیاسیدا، کێشەکان ئاڵۆزتر و تەنانەت کەڵەکەیان دەکات. مەکیاڤێللی لەمێژە ئەم وانەیەی بۆ سیاسەتوانان نووسیوە: "وەکو شــێر بە، گــورگان بڕەوێنەوە، وەکــو ڕێوی بە، تەڵان بناســە". ئەمە ڕێــک پێڕەوی لــە بنەماکانی زانســتی سیاســەت (بەرژەوەنــدی) دەکات، کە بەردەوام دەبێ لە شەترەنجی سیاسیدا ڕەچاو بکرێت.

لە کۆتایی مانگی چواردا هەڵبژاردنی پەرلەمانــی لە عێــراق بەڕێوەدەچێت، لــە پەرلەمانــی داهاتوودا، پشــتیوانی لــە کوتلەی مالیکــی مەکەن، با عێراق تووشــی کێشــە بێت، چونکــە مالیکی تاقیکراوەتەوە.



د.عومەر نورەدینی

# چۆنیەتی یادکردنەوەی ڕاپەڕین

## بەرکوڵ

ڕاپەڕینی ئــاداری 1991 ڕووداوێکی ئەوتۆیە کــە خاوەن مانا و بەهای نەتەوەیی و سیاســی و یاســایی و کەلتووریــی گەورەیــە. ڕاپەڕیــن لــەو ڕووداوانە ئەژمار دەکرێت کــە بە ڕووداوی جومگەیی دادەنرێت، لەبەرئەوەی بووەتە خاڵی لێکجیاکردنەوەی دوو ماوەی مێژوویی: مێژووی پێــش ڕاپەڕین لــە باشــووری کوردســتان کە مێــژووی داگیرکاری و جینۆســاید و کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگواســتنی زۆرەملێ و ســتەمکاری حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتیش سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حیزبی بەعسی عەرەبی بوو بەرامبەر بە گەلی باشووری کوردســتان، دوای ئــەوە مێــژووی شــۆڕش و بەرخــۆدان و خەباتــی چەکــداری و سیاســی ئازادیخــوازی ئەو گەلە بەرامبەر بە سیاســەتە شۆڤێنیەکانی ئەو حکومەتانە، هەروەها مێژووی دوای ڕاپەڕیــن کــە بریتیە لە مێژووی بنیاتنانی بنەما سەرەکییەکانی قەوارەی سیاسی نەتەوەیی و دامەزراندنی دامودەزگا حوکمڕانییە ڕەســمیە یاســاییەکانی وەک پەرلەمــان و حکومــەت و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم و ڕەخسانی زەمینەی نــوێ بــۆ پیادەکردنی مــاف و ئازادییــەکان و پیادەکردنی سەربەخۆیی.

## ڕاپەڕین وەک توخمی ناســنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی

ڕووداوەکانــی مێــژوو، بەتایبەتــی ئەوانــەی ڕەهەندی سیاســی و نەتەوەیــی و کەلتوورییان هەیــە، کاریگەرییان دەبێت لەســەر داڕشــتنی ڕەفتــار و هەڵوێســت و گوتــاری نــەوەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و کارکردنیان، واتا مێژوو ئامادەیی هەیە لە پرۆسەی بنیاتنانی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگا و داڕشتنی زەمینەی سایکۆلۆجی و زاخاودانی هەست و سۆزی هاوبەش بە گیانی نەتەوەیی و نیشــتیمانی، بە دەربڕینێکی دیکە پرۆســەی دروســتبوونی کەســایەتی نەتەوە و گــەل و بەتایبەتیش گەل و نەتەوەی دەوڵەتدار پێویســتی بــە بــوون و پێکەوەگونجــان و ئاوێتەبوونی چەندین توخم و ڕەگەزی پێکهێنەر هەیە کە ڕووداو و تراژیدیاکان و سەرکەوتنەکانی نــاو مێژوو یەکێکە لەو توخــم و ڕەگەزانە، هەر بۆیە زیندوو هێشــتنەوەی ئــەو ڕووداوانە مانای زیندووهێشــتنەوەی توخمێکــە لەتوخمەکانــی بەهێز مانەوەی ناســنامەی نەتەوەیی و میللیی کۆمەڵــگا و بەهێزکردنی هۆگریــی نەتەوەیی و نیشتمانی لای تاک، بۆنموونە ئەرمەنییەکان ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆســایدەی بەســەریان هات، کردیانە هەوێنێک بۆ مانەوەی ناسنامەی ئەتنیکی و ئاینیــی خۆیــان و هەروەها زیاتــر بەهێزکردنی ئەو شوناســە و پاشــان وەک پێداویســتییەک کە هەڵگری ماناکانی شــەرعیەت و موستەهەقیە، بۆ بوونە دەوڵەت وەگەڕیان خست و بەکاریان هێنا و لێشیان قبوڵ کراو بۆیان چووەسەر. هەمان مۆدێل و بگــرە بەشــێوەیەکی ســەرکەوتووانەتریش لای جولەکە هەیە لە پرســی پەیوەند بە هۆلۆکۆســت و چۆنیەتی وەگەڕخســتن و مامەڵە لەگەڵ کردنی و ســەرەنجام بەدەوڵەتبوون. تائێستاش شۆڕش و جاڕنامەی سەربەخۆیی لای ئەمریکییەکان پرسێکە کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر کەسایەتی هاووڵاتی ئەمریکــی هەیــەو شــانازی پێوەدەکــەن. هەمان حاڵەتیش لای فەڕەنسیەکان هەیە ســەبارەت بە شانازیکردن بە شۆڕشی فەڕەنساو پێوەی دەنازن و لە ڕۆح و هەست و بیر و ڕەفتار و گوتاریاندا نەوە دوای نەوە بەزیندوویی هێشتوویانەتەوە.

## چۆنیەتی یادکردنەوەی ڕاپەڕین

لەمــاوەی بیســت ســاڵی ڕابــردوودا جــۆری یادکردنــەوەی ڕاپەڕیــن ئەوەمــان بــۆ دەردەخات کە زیاتــر یادکردنەوەیەک بووە و ســاتەوەختی و ڕاگوزەری بــووە، واتا زیاتر ڕۆژانــی ڕاپەڕین بۆنە و چالاکــی کــراون و پاشــان ڕەوشــەکە خامۆش بووەتەوە، لەلایەکی دیکــەوە جۆری چالاکییەکان چالاکی ئاهەنگســازی و کەیفســازی بوون لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەری بەشێوە کلاسیکیەکەی و لەو ناوەشــدا هەوڵی خۆبەپاڵەوانکردن لەسەر ئاستی کەســی و حیزبــی وەگەڕخــراوە، گرنگــە ئەوەش بزانین کە لایەنی ئەنجامدەری یادکردنەوەکان زیاتر ئۆرگانەکانی حیزب بوون کە لەڕاســتیدا ئاساییە و مافی حیزبەکانە بەشێوەی جۆراوجۆر ڕێز لە یادی ڕاپەڕین بگرن و بەزیندوویی بیهێڵنەوە، بەڵام ئەگەر یادکردنەوەکــە تەنها بۆ حیزبەکان بەجێبهێڵرێت، ئەوا پرۆسەی هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە ڕاپەڕین و شــۆڕش و کارەسات بکرێنە توخمی پێکهێنەری شوناســی نەتەوەیــی و نیشــتیمانی دەبێتــە پرۆسەیەکی نیوەچڵ و خاو و شلۆق.

## لە ئایندەدا چی بکرێت؟

بۆئــەوەی یــاد و بیــرەوەری ڕاپەڕیــن وەک وێستگەیەکی زۆر گرنگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستان بەشێوەیەک یاد بکرێتەوە کە لە خەیاڵدان و کۆیادی تاک و نەتەوەدا بەزیندوویی بهێڵدرێتەوەو وەک گیراوەیەکی وزەبەخشی نەتەوەیی بەشدار بێت لە بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشــتیمانی بەگشتی و بەتایبەتی لای نەوەی نوێ، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

1- پێویســتە لەپاڵ حیزبەکانــدا یادکردنەوەی ڕاپەڕیــن بکرێتە ئەرکی دامــودەزگا حکومییەکان، بەتایبەتیــش وەزارەتــی ڕۆشــنبیری و وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان لەگــەڵ پارێــزگا و قــەزاکان و هەروەهــا ئەرکــی زانکــۆ و ناوەنــدە مەعریفی و ڕۆشــنبیرییەکان بۆ نموونــە ئەنجامدانی کۆنگرەی زانســتی لەلایەن زانکۆکانی کوردســتانەوە لەسەر ڕاپەڕیــن و خوێندنــەوەی بابەتیانە بۆ دەرئەنجام و لێکەوت و هۆکار و دەسکەوتەکانی.

2- زیاتــر و باشــتر بەپرۆگرامکردنــی ڕاپەڕیــن لــەڕووی پەروەردە و خوێندن، لــەم ڕووەوە هەوڵی باش دراوە هەم لەســەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە و هەم لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام پێویســتە ئەم بایەخپێدانە دەوڵەمەند بکرێت و لە ئاســتی بایــەخ و بەها و گەورەیــی ڕاپەڕیندا بێت، ئەویــش بــەوە دەکرێت کە زیاتــر و وردتر ڕاپەڕین بخرێتە ناو میتۆدەکانی خوێندن لە هەموو ئاستەکان و قوتابیــان هانبدرێــن کە ڕاپــۆرت و توێژینەوە و باسی زانستی لەسەر ڕاپەڕین ئامادە بکەن و بیکەنە بابەتــی پرۆژەی هونەری و ئەدەبی و ســینەمایی و ڕۆشنبیری.

3- ئەرشــیفکردنی ڕاپەڕیــن و نووســینەوە و ســاغکردنەوەی مێژووەکەی بەشێوەی زانستیانە لە ڕێگای وەگەڕخســتنی توانای شــارەزا و پسپۆڕانی بواری مێژوو و زانســتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەرشیفکاری بۆ ئەوەی ئەمەش بەکردەوە بکرێت، دامەزراندنــی ناوەندێــک یــان دەزگایەگــی تایبەت بەناوی ناوەندی لێکۆڵینەوە و ئەرشیفکردنی ڕاپەڕین یان هەر ناوێکی دیکەی گونجاو کارێکی پێویستە.



مەحمود یاسین کوردی

# گۆڕان گەیشتە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووش!

جیابوونەوەی بەڕێز نەوشیروان مستەفا و باڵی ریفــۆرم و دروســتبوونی بزووتنــەوەی گۆڕان لە 2009 چەند زیانی بۆ یەکێتی و ترس و نیگەرانی بــۆ پارتی دروســتکردووە، دوو هێندەش دەرد و کێشە و سەرئێشەی بۆ دوو حیزبە ئیسلامییەکە (کۆمــەڵ و یەکگرتــوو) دروســتکردووە. حیزبە ئیســلامییەکان هەرگیز ترســی بردنــی دەنگ و جەماوەریان لــە پارتی و یەکێتی نەبووە، بەڵکو گرفتــی ئەوان لەگەڵ دەســەڵات بریتــی بووە لە ڕاوەدوونانــی ئەندام و لایەنگر و مەحرومکردنیان لە دامەزراندن و داهات و ســامانی وڵات. لەدوای شکســتی (کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە لیستی چوار حیزبەکە لە هەڵبژاردنی 2009 تا ئەم چرکەساتە، ئیســلامییەکان بەردەوام کێشەی بردنی کادیر و دەنگیــان لەگەڵ گۆڕان هەبــووە. لەماوەی چوار ســاڵی ڕابردوو بەردەوام دوو هێزە ئیسلامییەکە و بەتایبەتی یەکگرتوو لەژێر فشــاری سیاسی و دەروونیی ناڕاســتەوخۆی گــۆڕان بوونە، بەهۆی ئــەو هەڵمــەت و مەکینە ئیعلامییــەی گۆڕانەوە یەکگرتوو نە توانی ئۆپۆزسیۆنێکی توندڕەو بێ نە توانی بەرژەوەندییە سیاســی و ئابوورییەکانیشی لەگەڵ پارتی بپارێزێ. یەکگرتوو هەمیشە خیتابی ئۆپۆزیســیۆنی دووکەرت و کاردانــەوە بووە نەک "کار"، ئیعلامی یەکگرتوو بەردەوام ئەو بنێشتەی دەجوی کە پێشتر گۆڕان جوییبووی بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکەن کە ئەوان لە گۆڕان جیاوازن و حیزبێکی سەرتاسەرین و گیرۆدەی کەڵەکەبوونی ســەدان کادیر و ئەندامی بێ مووچە و بێ بژێوی ژیانن. گۆڕان کێشەی نان و نانبڕاویان نەبوو، ئەو نانەی کــە بڕاش بوو بە زیــادەوە وەریانگرتەوە، کەچی یەکگرتوو لەبەر بێپارەیی ســەدان کادیری ڕاگەیاندنــی خــۆی نانبــڕاو کــرد و بــە ئومێدی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی حیزب برنج و مریشکی لە کافتریای مەکتەبی سیاسی نەهێشت!

یەکگرتوو بە لاســاییکردنەوەی گــۆڕان و بە ســکی برســی و نەبوونی خیتابێکی هاوبەشــی حیزبــی لەنێــوان دەڤــەری ســلێمانی و هەولێر بەرەنگاری دەسەڵات بووەتەوە بەتایبەتی پارتی، گۆڕانیش بەشــێوەیەکی بەردەوام و ناڕاســتەخۆ ئەمینداری نوێ و قیادەی هەولێریان بە ملکەچی پارتــی وەســف دەکــرد و بەشــێک لــە قیادەی ســلێمانیش موبارەکەی ئەم قســەیەیان دەکرد، وایاندەزانــی ئەگــەر زۆرترین جنێو بــە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بدەن خەڵکی سلێمانی دەنگی زیاتریــان پێدەدات، کەچی دەرکــەوت یەکگرتوو خاوەنــی بەکردەوەی 17ی شــوبات زیاتر لە 17 هەزار دەنگی کەمکردووە و پارتیش کە بە قەولی نوخبەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی سلێمانی زاڵم و پیاوکوژ بوو، هەر لە شارە حەیاتەکە زیاتر لە 17 هەزار دەنگی زیادکردووە. ئەم هاوکێشە بیرکارییە هیچ مەکتەب سیاســی و سەرکردایەتییەکی ئێمە حەلەکەی نەدۆزیوەتەوە، پرسیارێکی بێ وەڵامی بەندەش لە کۆنفرانسی بەناو گەنجانی یەکگرتوو ئەوە بوو: ئەرێ خوشکان برایان بۆ ئێمە دەنگمان لە ســلێمانی کەمــی کرد و بۆچــی پارتی زیادی کرد؟!

گــۆڕان لەڕێــی ڕۆژنامەنــووس و چاودێــرە سیاســییەکانیەوە زۆر زیرەکانــە فشــارە سیاســییەکانی بۆ ســەر یەکگرتوو چڕدەکردەوە چ لە بەشــداریکردنی لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمــی کوردســتان و چ لــە واژووکــردن بــۆ کێشــانەوەی متمانە لە (نــوری مالیکی)، کەچی خۆیشی لەماوەی ڕابردوودا خەریکی سەفا و مەروا بوو لە نێوان گردەکە و سەری ڕەش، ئەمە مانای لاوازیــی قیــادە و ڕێکخســتن و فەراغی فیکری و پەروەردەی یەکگرتوو دەگەیەنێ کاتێک ڕێکخستن و ئەندام و کادیرانی بە هاشوهوشی حیزبێکی دیکە دەورووژێن و بەڕووی حیزبەکەیاندا هەڵدەشاخێن.

گۆڕان مەشــروعی خۆی هەیــە و دەزانێ چۆن سیاسەت بکات و چۆن ڕکابەر و هاوپەیمانەکانی لاواز بکات، ئەوە یەکگرتووە کە مەشروعی سیاسی خۆی ون کردووە و سواری کەشتیی خەڵکی دیکە بووە و بە ئاسانی سێوەکانی لێ بەردەبێتەوە ناو سەبەتەی گۆڕان.

ئێستا لە ســەروبەندی هەڵبژاردنەکانی عێراق و پارێزگاکانــی هەرێمی کوردســتاندا گــۆڕان بە کاندیدکردنــی چەندیــن کۆنە کادیــری بەتوانای یەکگرتــوو دەیــەوێ هەمان ســیناریۆی یەکێتی لەســەر یەکگرتــووش جێبەجــێ بــکات، ئەگەر یەکگرتــوو هۆشــیار نەبێتــەوە خۆی لە ئاســتی شیوعی و حیزبی سۆسیالستدا دەبینێتەوە. گۆڕان زۆر عاقڵانە لە ســلێمانی کەســایەتییەکی وەکو د.هەڤــاڵ ئەبوبەکری بۆ پارێزگار کاندید کردووە. ئەم پیاوە شمشــێری دوو سەرە، هەم کۆتایی بە حوکمی ســەوز لە شارە حەیاتەکە دێنێ، هەم بۆ بردنی دەنگی خەڵکی دیندار و بێلایەن کاریگەرە. لەلایەکــی دیکەشــەوە دروســتکردنی کێشــە و گرفتە لە نێو ڕێکخســتن و دەنگدەری یەکگرتوو بــەوەی ئایــا جیاوازیــی پیاوێکی وەکــو هەڤاڵ ئەبوبەکــر لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاســی و ســەرکردایەتی یەکگرتوو چییە؟! بــەم هەوڵەی گۆڕان ئیتر حەساسترین شوێنی بڕیاردانی سیاسی یەکگرتوو خەرق دەبێت، بە حوکمی ئەوەی جگە لە کەسوکارەکەی، خوشکێکی د.هەڤاڵ ئەوبەکر ئەندامی مەکتەبی سیاســی یەکگرتووە، لە ڕووی دەروونی و نزیکایەتی لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان بەشێکی زۆری دەنگدەرانی یەکگرتوو دەکەونە هەڵوێستێکی موحریج، کەواتە گــۆڕان بە فرێدانی ئەم کارتە سیاســییە دەیەوێ دوای یەکێتــی ئەمجــارە یەکگرتوو لە ســلێمانی بچووک بکاتەوە. ئەگەرچی یەکگرتوو لە سلێمانی بــەرەو بچووکبوونــەوەو کەمبوونەوەیەکی زۆری دەنگەکانــی ڕۆیشــتووە، بەڵام بــە کاندیدکردنی مامۆستایەکی زانکۆ کە باکگراوندێکی ئیسلامیی هەیــە، دەنگــی یەکگرتــوو لــە ســلێمانی لەژێر هەڕەشــەدایە ئەگەرچــی ڕاگەیاندنــی یەکگرتوو درێغی نەکردووە لە بە ئەســتێرەکردنی د.هەڤاڵ، بــەڵام دواجــار ئــەم پیــاوە نیلی دەرچــوو نەک قاوەیــی. مەشــروعی سیاســی گــۆڕان ئەمجارە ملشــکاندنی یەکگرتووە، ئەگەر یەکگرتوو فریای قیــادەو قاعیدەی خــۆی لە ســلێمانی نەکەوێت و ســنوورێک بۆ فرە کوێخایەتــی و تێکەڵکردنی مەلەفــە سیاســییەکانی خــۆی لەگــەڵ گــۆڕان نەکەوێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمجارە یەکگرتوو زۆر زیاتر لــەو 20 هەزار دەنگــەی هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی 2013 کەم دەکاتەوە.

شەڕی گۆڕان و یەکگرتوو لە سلێمانی لە شەڕی پارتــی و گۆڕان توندتر دەبێت، چونکە یەکگرتوو پێیوایە بە کاندیدکردنی هەڤاڵ ئەبوبەکر دەنگێکی زۆری دەنگدەری یەکگرتوو و خەڵکی موتەدەین لە سلێمانی دەبات.

لە کاتێکدا یەکگرتوو هێشتا برینی هەڵوەرینی زیاتر لە 20 هەزار دەنگی لە هەڵبژاردنی 2013ی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی سارێژ نەبووە، کەچی گۆڕان دیســان چەقۆکەی هێناوەتە ســەر ملی.



ئاکۆ محەممەد

# جەنگی یەکلاییکەرەوە نێوکۆیی پێویستە

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە کابینەی یەکەمی حکومەت دواکەوت. زۆر ئاسان بوو ئەوەندە دوانەکەوێت، ئەگەر بڕیارێکی پێشوەختە هەبووایە بۆ پێکەوە کارکردن. پێکهێنانی حکومەتەکە ئاسان بوو، ئەگەر ئامانجی پێکەوە کارکردنەکە زیاتر لەبەرچاو بگیرایە، نەک خودی پێکەوە کارکردنەکە.

راستە کابینەی یەکەم بە حوکمی نەگەیشتنی هێزەکانی دیکە بە پەرلەمان، دەبووایە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بووایە، بەڵام کابینەی هەشتەم بە پارتی و یەکێتییەوە خاوەن زۆرینەیەکی لاواز دەبێت کە ئەو زۆرینە لاوازە بەهیچ شێوەیەک گونجاو نییە لەگەڵ ئەو جەنگە سیاسی و ئەو بڕیارە یەکلاییکەرەوانەی چاوەڕێی باشووری کوردستان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێ فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمان زۆر یەکگرتوو بێت، ئەگەر رەنگدانەوەی دۆخی سەرکردایەتییەکەی بێت. هەروەها ئەگەر یەکگرتوو و کۆمەڵیش بێنە نێو حکومەتەوە، بزووتنەوەی گۆڕان کە یەکەمی دوو پارێزگای کوردستانە (سلێمانی و هەڵەبجە)، دەکەوێتە دەرەوەی حکومەتێکەوە کە بڕیارەکانی پێویستیان بە نێوکۆییەکی ناوخۆیی و ئارامییەکی نێوخۆیی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی پێبدرێت و هێزی جێبەجێکردنی لەنێوخۆ و دەرەوە زیاتربێت. ئەوە بە زیاتریشەوە بۆ بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەر راستە. بەتایبەتی لەبارەی جێگیرکردنی سیاسەتی نەوتی (سیاسەتی ئابووریی سەربەخۆ) و یەکلاییکردنەوەی سنوور و سیاسەتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بەغدا، چونکە هەر بڕیارێکی سیاسی لەبارەیانەوە پێویستی بە پشتیوانییەکی گەلێرییە، کە ئەوەش نێوکۆیی (اجماع)ی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی پێویستە.

لەو دۆخی زۆر خەرجی و راهاتن لەسەر دەستبڵاوی و کەم پارەیی لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی مووچەبڕکردنی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی نووری مالیکییەوە، هێشتا خەڵکی کوردستان زۆر ئارام و بەسەبر بوو، چونکە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە ئارامییەکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دروستبووە، بەتایبەتی بەهۆی بڕیاری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ماوەیەکە موزایەدەکردنی سیاسی بەسەر یەکترەوە، وەک جۆرێک لە ململانێی سیاسی لەگەڵ یەکتر، لە هەرێمی کوردستاندا نەماوە. ئەو باردۆخە هۆی بەهێزمانەوەی گەل و سیاسەتی کوردستان بوو لە دۆخێکی زۆر سەختی بەوشێوەیەدا.

لە هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25دا بەهۆی یەک لیستیی داخراوی پارتی و یەکێتی، ئەو گۆڕاندنەی نەخشەی سیاسی نێوخۆیی هێزە سیاسییەکان کە گۆڕان لە هەرێمی کوردستاندا دروستیکردووە تەواو دەرنەکەوت، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21دا دەرکەوت هێزی دووەمی هەرێمی کوردستان یەکێتی نییە، بەڵکو بزووتنەوەی گۆڕانە کە 15 قەزای قەڵەمڕەوی سەوزی گۆڕیوە بۆ نیلی. گۆڕان بەو ئەنجامانە هەم بەرپرسیارێتییەکی زۆری کارکردن بۆ سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستانی کەوتووەتە سەر شان، هەمیش مافێکی رەوای خۆیەتی بەپێی ئەنجامەکانی لە هەڵبژاردندا پۆست و بەرپرسیارێتی لە حکومەتدا وەربگرێت کە بارتەقای دەسەڵاتداربوونی خۆی و بەهێزبوونی حکومەت بێت.

ئێستا پارتی و ئینجا گۆڕان، دەتوانن پێکهێنانی حکومەت درەنگتر و زووتر بکەن. ئەگەر وابێت کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەرپرسیارێتی دروستدەکات، کەواتە بەپێی ئەو پلەبەندییەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دروستیکردووە، دەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئینجاش بزووتنەوەی گۆڕان خاوەن زۆرترین دەستپێشخەری بن بۆ کردنەوەی گرێی پێکهێنانی حکومەت. بەداخەوە ئێستا گرێیەکە بووەتە وەزارەتێک کە وەزارەتی ناوخۆیە. دەستپێشخەری گەورە کاری هێزە گەورەکانی کوردستانە کە ئێستا ئەوە ئەرکی پارتی و ئینجا گۆڕانە.

لەو ماوەیەدا ئەوە بڵاوبووەوە کە نووری مالیکی بە سووکایەتیکردنەوە گوتوویەتی، ئەگەر سەرکردایەتی پارتی و هەرێمی کوردستان ئەوەندە زیرەک و بە توانان با بتوانن حکومەتە تاخیربووەکەیان پێکبێنن، لەکاتێکدا هەموومان لەبیرمانە دوای هەڵبژاردنەکانی ئازاری 2010، ئەو حکومەتەی ئێستای مالیکی بە دەستپێشخەری بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهات، پاش ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا تووشی وەستان هات و پێکهێنانی حکومەت و دانانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار هەشت مانگ دواکەوت. ئێستاش بەڕێز مەسعود بارزانی دەتوانێ ئەو رۆڵەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی بەغدا گێڕای لە کوردستانیش زۆر سەرکەوتووانە بیگێڕێت وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی کە بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەسێکە بۆچوونی وەردەگیرێت (کۆڕبەندی داڤۆس وەک نموونەیەک). هەروەهاش بەڕێز نەوشیروان مستەفاش بەحوکمی تاقیکردنەوەی درێژی لە رێککەوتنە رابردووەکاندا و خوێندنی زانستی سیاسی، دەتوانێ لە هەموو کاتێکدا رۆڵێکی کلیلی بگێڕێت، نەک ئارەزووی گۆڕان بۆ چوار ساڵی پێکەوە کارکردن بە وەزارەتی ناوخۆ قوفڵ بدات هەرچەند داوایەکی دەرەوەی مافی خۆیشیان نەبێت بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

حکومەت بە ئۆپۆزیسیۆن بەهێز دەبێت، شتێکی زۆر غەریبیش نابێت گۆڕان یان چەند لایەنێکی سەرکەوتووی هەڵبژاردن ببنە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام کە ئەو هەموو جەنگە سیاسییە یەکلاییکەرەوانە بەرۆکی باشووری کوردستانیان گرتبێت، موزایەدە سیاسییەکانی رکابەری و ململانێی ناوخۆیی کوردستان، توانای بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن و جێبەجێکردنیان سەخت و ئاڵۆز بکەن و خوانەکردە ببنە هۆی ئاڵۆزبوونێکی نێوخۆیی، پێکەوەبوونی هێزە گەورەکان لەو چوار ساڵەدا زۆر گرنگە.



هێمن عەبدوڵڵا

# مومکین دواناخرێت

ئەمساڵ هەڵەبجە جیاواز لە ساڵانی دیکە یادی کیمیابارانی کردەوە. لەبەردەم مۆنۆمێنتی شارەکەدا گەنجانم دەبینی کە پێدەکەنین و جلی ئاڵوواڵایان لەبەربوو. لەنێو بازاڕی هەڵەبجەدا، روخساری خەمگینی پیاوە کوردیپۆشەکان، بزەیەکی مۆنالیزایانەیان پێوە نیشتبوو. بیست و شەش ساڵ بوو هەڵەبجەییەکان بەو گەرموگوڕییەوە دەرنەکەوتبوون. لەوێ زۆر بەرپرسی پلەباڵای لێ نەبوون، بەڵام خەڵک کەمتر لە جاران گلەییان لێیان هەبوو. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە سەرکردەکانی کورد دوو جار بوێرییان لە بڕیارداندا تاقیکردووەتەوە و هەردووجاریش دڵی خەڵکیان بردووەتەوە.

دوای تێکچوونی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی 1975، فرەحیزبییەک لە باشووری کوردستان پەیدابوو کە ئەنجامێکی فەوتێنەرتر لەوەی 1975ی هەبوو. براکان دەستیان چووە خوێنی یەکدی و باجی یەکنەگرتوویی و خۆخۆرییەکەشیان لەلایەن خەڵکەوە درا. کاتێک ساڵی 1991 سەرکردەکان بوێرییان نواند و پێکەوە بڕیاری رزگاربوونیان دا، ئیرادەی خەڵک بەسەر زەبروزەنگ و زلبازوویی داگیرکەردا سەرکەوت. ئەوکاتیش وەکو چەند هەفتە و چەند مانگی رابردوو، سەدام ویستی خەڵک تووڕە بکات و پێشانیان بدات کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا باشووری کوردستان خۆی پێ بەڕێوەناچێت. بەڵام لەبەرئەوەی بڕیارەکەی سەرکردایەتی دروست ئەوەبوو کە خەڵک دەیویست و بریتی بوو لە چیدیکە نەگەڕانەوە بۆ بەغدا، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی خۆخۆریش، بەڵام ئەوەی خەڵک پشتیگرت هەر مایەوە.

ئێستا زۆر کەیس هەن سەرلەنوێ سەرکردایەتیی کورد بۆ یەکلاییکردنەوەیان چاوەڕوانی بەغدا دەکات، بەڵام دەستی دەستییان پێدەکرێت. لە چەند کەیسێکدا سەرکردایەتی کورد بوێریی پێویستی بۆ بڕیاردان تێدا نییە. یەکێک لەو کەیسانە نەوتە، یەکێکی دیکە ناوچە دابڕێندراوەکان و یەکێکی دیکەشیان مەسەلەی بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە و قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی جینۆساید بوو کە جێبەجێکرا. لەوەی دواییاندا سەرکردایەتیی کورد کارێکی راستی کرد کە چیدیکە لەسەر بەغدا رانەوەستا و بڕیاری یەکلاکەرەوەی دا. باجەکەشی هەرچییەک بێت، مادام خەڵک لەگەڵیەتی و مادام هەڵەبجەییەکان سێبوورییان پێهاتووە، تەحەممول دەکرێت.

ئێستا لە دوو کەیسەکەی دیکەشدا خەڵک چاوەڕوانی بڕیاری بوێرانەیە. لە کەیسی نەوتدا بەغدا شتێکی پێناکرێت کە تاوەکو ئێستا نەیکردبێت یان بکرێت دەستی بۆ ببات. لە کەیسی ناوچە دابڕێندراوەکانیشدا بەهەمانشێوەیە. راستە خەڵک لە نادادپەروەری و گەندەڵی و نادڵسۆزیی سەرکردەکانی تووڕەیە، بەڵام هێشتا نائومێد نەبووە لەوەی کە بڕیاری یەکلایەنەی هاوشێوەی ئەوەی هەڵەبجە لە هەولێرەوە ببینێت. ناوچە دابڕێندراوەکان گرنگترن لە مەسەلەی نەوت و بەپارێزگاکردنی ناوچەیەکی کوردستان. هەروەها ئەو سیاسەتی نەوتییەی ئێستا کوردستان گرتوویەتیە بەر، گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی مومکینتر کردووە. شتی مومکینیش نابێ دوابخرێت.



دەیڤد رۆمانۆ *

# پەردەی نەزانینی راوڵی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بۆ باسکردن لە ئەخلاق و عەدالەتی کۆمەڵگە، فەیلەسوفەکان چەمکێک بەکاردەهێنن کە پێیدەگوترێت "پەردەی نەزانینی راوڵی". فەیلەسوفی ئەمریکی جان راوڵس گریمانەیەکی بۆ ئەم فیکرە خستەڕوو، ئەو ناوی لە گریمانەکەی نا "هەڵوێستی/ شوێنی رەسەن". لە گریمانەکەی راوڵسدا، گروپێک پلانی داهاتووی کۆمەڵگەکەیان دادەڕێژن، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانن شوێنی ئەوان و شوناسی ئەوان لە داهاتوودا و لەو کۆمەڵگەیەدا چی دەبێت. لەم راهێنانە زهنییەدا "هیچ کەس شوێنی خۆی لە کۆمەڵگەدا نازانێت و، نازانێت سەر بە چ چینێکی کۆمەڵگە دەبێت و باری کۆمەڵایەتی خۆی چی دەبێت. هەروەها نازانێت داهاتووی خۆی لە رووی دابەشبوونی سەرچاوە سروشتی و تواناییەکانەوە چۆن دەبێت.ناشزانێت هێز و توانای فیکری و شتی لەو جۆرەی چۆن دەبێت لە داهاتوودا".

لە بارودۆخێکی ئاوهادا خەڵکی راشناڵ (ژیر) یەکسانترین و عەدالەتترین کۆمەڵگە دروست دەکەن. ئەم چەمکە هەروەکو ئەوە وایە کە کاتێک گروپە منداڵێک کێکێک بەش دەکەن، بەڵام بەو مەرجەی ئەوەی کێکەکە دابەش دەکات پێویستە دوایین کەس بێت لە وەرگرتنی بەشەکەی خۆی. کاتێک کە کۆمەڵە کەسێک نازانن کە ئایا لە داهاتوودا دەوڵەمەند دەبن، بەهێز دەبن، بەهرەمەند دەبن، لە رووی جەستەییەوە بەهێز دەبن، خوێندەوار دەبن، بەشێک دەبن لە زۆرینە، یان هەژار و لاواز و بێ دەسەڵات و نەخوێندەوار و سەر بە کەمینە دەبن، ئەوکات بۆیان ئاسانتر دەبێت تا بزانن ئەخلاق و یەکسانی چییە. لەم هەڵوێستە رەسەنەی پشتی پەردەی نەزانینەوە، ڕاوڵس بیردۆزێکی یەکسانی داهێنا، یەکەم پرەنسیپی ئەم بیردۆزەش ئەوەیە کە "هەموو کەسێک مافی یەکسانی لە بنچینەکانی ئازادی هەبێت و ئەو مافانەش هاوساز بن لەگەڵ ئازادی ئەوانی دیکە".

لە بری باس کردنی زیاتری وردەکاری بیردۆزەکەی راوڵس و ئەوەی کە وا لە خوێنەری ئەم بابەتە بکەم کە واز لە خوێندنەوەی نووسینەکە بێنێت، با بۆ خولەکێک بیر لە پەردەی نەزانینی راوڵس و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەینەوە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئەگەر هیچ کەس نەیزانیبایە کە ئایا ئەوان دەبن بە عەرەب، فارس، تورک، یان کورد ئایا نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەو شێوەیەی ئێستا دادەڕێژرا، کە تێیدا کورد لە مێزگردەکاندا کورسییەکی پێنەدرێت؟ ئایا هیچ کەسێک ریسکی ئەوەی دەکرد کە ببێتە بەشێک لە کەمینەیەکی نکوڵی لێکراو، سەرکوتکرا و کەمینەیەکی سەراپا خوێناوی کراو؟ ئایا ئەوەیان قبوڵ دەکرد کە زمان و کلتوور و مێژووی زۆرینە شکۆمەند بکرێت و بسەپێنرێت بەسەر ئەوانی دە؟ ئەگەر کەسێک نەیزانیبایە کە ئەو پیاو دەبێت یان ئافرەت، ئایا سیستەمێکی پیاوسالاریان دادەمەزراند، کوشتن لەسەر شەرەف و خەتەنەکردنیان دەهێنایە ئارا، ئایا ئەوان کۆمەڵگەیەکیان دروست دەکرد کە نیوەی کۆمەڵگەکە ئازادییەکی زۆر کەمتریان لە نیوەکەی دیکە هەبێت؟ ئایا ئەوان پشتگیریان لە سەرکوتکردنی بەهایی، جوو، ئێزیدی، عەلەوی، مەسیحی یان هەر گروپێکی دیکە لەبەر شوناسەکەیان دەکرد؟

ئەگەر کەسێک قبوڵ بکات ببێت بە هاوڵاتییەکی عەرەب لە ئیسرائیل، تورکمانێک لە هەرێمی کوردستان، ئافرەتێک لە لوبنان یان کرێکارێک لە تورکیا ئەوە دەبینێت ئەم کۆمەڵگانە تا رادەیەک ئازادی و یەکسانی بۆ ئەندامە لاوازەکانی کۆمەڵگە دابین دەکەن. بەڵام ئەگەر کەسێک ببێت بە فەلەستینییەک لە کەرتی غەززە، یان کەسێکی هەژار لە کوردستانی عێراق بێ ئەوەی کە خزمێکی دەسەڵاتداری هەبێت. یان ئاوارەیەک بێت لە لوبنان، یان ئەرمەنییەکی چالاکوانی سیاسی بێت لە تورکیا، ئەوکات دەبینێت کۆمەڵگە دێوەزمەیەکی تەواوە. لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ هەندێک کۆمەڵگە کورتخایەنن.

پەردەی نەزانینی راوڵی راهێنانێکی مێشکی سەرنجراکێشمان پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی کە هەڵسەنگاندن بۆ هەندێک کێشەی تایبەت بکەین. ئەگەر کەسێک نەزانێت کە چی و چۆن دەبێت لە عێراق، ئایا ئەو کەسە پشتگیری لە تەفسیرێکی دەستوور دەکات کە دەسەڵاتی تەواو بداتە مالیکی لە مەسەلەی نەوت و گازدا؟ یان پشتگیری لەوە دەکەن کە حکومەتە هەرێمییەکان خۆیان بەرهەمهێنانی وزەی خۆیان بەڕێوەببەن و داهاتەکەی لەگەڵ سەنتەردا بەش بکەن؟ ئایا هیچ کەسێک، ئەگەر نەزانن خۆیان چی و کێ دەبن، پشتگیری لە دادگا نهێنییەکانی ئێران و لە سێدارەدانەکانی ئێران دەکات؟

هێشتا هەندێک پرسیار بە نا روونی دەمێننەوە. بۆ نمونە کاتێک کە ئەمریکا لە 2003دا شەڕی عێراقی کرد، لەو کاتەدا هیچ کەسێک نایەوێت ببێت بە دانیشتوویەکی فەللوجە، بەغدا، یان هەر شوێنێکی دیکە کە کەوتە بەر هێرشی توندی ئەمریکییەکان. بەڵام ئەگەر ئەمریکا رژێمی سەدامی نەڕووخاندبایە، ئایا کەس دەیویست ببێت بە کورد، شیعە، یان چالاکوانێکی سیاسی لە سەردەمی رژێمی بەعسدا؟ هەندێکجار تەنانەت دروستکردنی سیاسەتێکی بیردۆزیی مەقبول لە ژێر پەردەی نەزانینشدا پڕ کۆسپ دەبێت.

بەهەرحاڵ، بەشێوەیەکی گشتی سیستەمە دیموکراتییەکان سوود لە مەشقە هزرییەکەی راوڵس وەردەگرن (با وا دانێین کە سەرکردە تاکڕەوەکان هەر ناشتوانن لە مەشقێکی هزری لەم شێوەیە تێبگەن) تەماشاکە، حکومەتەکانی ئەمڕۆ، رەنگە سبەی لە دەسەڵاتدا نەمێنن، کەسی وەکو سەرۆک وەزیرانی تورکیا، تەیب ئەردۆگان و سەرۆک وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی هەق وایە بیر لەمە بکەنەوە، لە کاتێکدا کە سەروەری وڵاتەکەیان لە رووی دەسەڵاتی دادوەری، پۆلیس، میدیا، بازرگانی و سەربازی کەم دەکەنەوە. هەتا سەروەری یاسا و بنچینەکانی یەکسانی، دابەشکردنی دەسەڵات، لێبوردەیی، و ئازادی کەمتر بکەنەوە، ئەگەری ئەوەی کە کاتێک خۆیان لە دەسەڵات دەکەون پەناگەیەکیان بۆ بمێنێتەوە کەمتر دەبێتەوە.

*** مامۆستای سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ولایەتی مزۆری لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردییە) کە لە 2006 بەچاپ گەیەنراوە.**



عەبدولڕەحمان سدیق *
asidiq1962@yahoo.com

# مەترسی پاشماوەی نەخۆشخانەکان لەسەر ژینگە

بەپێی پێناسەکردنی ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکا (EPA)، پاشماوە پزیشکییەکان بریتین لە:

(هەر پاشماوەیەکی دەرچوو لەدامەزراوەیەکی چارەسەرکردنی پزیشکی وەک نەخۆشخانە و تاقیگە و نۆرینگە پزیشکییەکان و ئەوانی هاوشێوەیان).

لەکۆتایی پێناسەکەوە دیارە کە شوێنی دیکەش هەن پاشماوەی پزیشکییان هەیە، وەک بنکە تەندروستییەکان و بانکی خوێن و سەنتەرەکانی توێژینەوەی پزیشکی و نۆرینگەکانی ددان و نورینگەکانی ڤێتێرنەری و دەرمانخانەکانی نێومالان.

وەک پێویستییەکی هەمیشەیی مرۆڤیش، بوونی نەخۆشخانەی گەورە لەشار و شارۆچکەکاندا مەسەلەیەکی گرنگ و بایەخدارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دیارە کە نەخۆشخانەکانیش وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە پاشماوەی رۆژانەی جۆراوجۆر فرێدەدەن.

پاشماوەی نەخۆشخانەکان لەوانەیە لەچاو پاشماوەی گشتی شاردا لەبڕدا کەم بێت، بەڵام لەجۆردا زۆر ترسناکە.

بۆ روونکردنەوەیەکی ساکار، دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە پاشماوەی نەخۆشخانەکان دەشێت بەم جۆرە پۆلێن بکرێن:

1 - پاشماوە ئاساییەکان: وەک خواردەمەنی و کاغەزو کارتۆن.

2- مادده بەکارهاتووەکان: وەک قوتوی دەرمان و چبس و پلاستەر و لۆکە و شووشە و سرنج و چەقۆ..

3- پاشماوەی نەشتەرگەری: وەک پارچەی بڕاو لە لەش، پێست، خوێن، قژ، ئێسقان و ماددەکانی دوای نەشتەرگەری وەک کیسەی پلاستیکی و ماددەی تاقیگەکان و.. هتد

4- پاشماوەی پشکنین و دەرخستن: وەک ماددەی وێنەگرتن و تیشکی ئێکس..

5- دەرمانی ماوە بەسەرچوو، یان گەڕاوە، گیراوەی ماوە بەسەرچوو.

جۆرەکانی ئەم پاشماوانەش هەتا زۆرتر بن، جیاکردنەوەو کۆکردنەوەو کۆگاکردن و گواستنەوەیان قورستر دەبێت، وەک لە نەخۆشخانە گەورەکاندا دەبینرێت.

بەڵام لە بنکە تەندروستییە بچووکەکاندا دەتوانرێت ئەم پاشماوانە بۆ دوو جۆر پۆلێن بکرێن:

یەکەم: پاشماوەی ناپزیشکی کە دەخرێنە حاویەی رەنگ دیاریکراوەوە.

دووەم: پاشماوەی پزیشکی کە پێویستە بخرێنە حاویە رەنگ جیاوازەکانەوە و بۆ گواستنەوەشیان ئۆتۆمبێلی تایبەت هەبێت کە شوێنی شۆفێرەکە جیاکراوەتەوە لە شوێنی پاشماوە پزیشکییەکان و شۆفێرەکانیش راهێنانیان پێکراوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ ئەم پاشماوانەدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە ئێستا لەگەڵ دامەزراندنی خەستەخانەی ئەهلی و تایبەتدا پێویستە چاودێری گشت نەخۆشخانە حکومی و تایبەتەکان بەتوندی بکرێت لەبارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە پاشماوانە دەکەن، چونکە تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کارەساتی تەندروستی و ژینگەیی گەورە دروست دەکات.

بۆیە پێویستە بۆ هەر جۆرێک لەو پاشماوانە چارەسەری گونجاو هەبێت نەک تەنها پەنا ببرێتە بەر سووتاندن کە دەرکەوتووە سووتاندن دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دایۆکسین کە ناوێکە نزیکەی (75) ماددەی کیمیاوی لەخۆدەگرێت و دەبێتە هۆی شێرپەنجەو کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر سیستمی بەرگریی لەش و گەشەکردنی، چونکە دایۆکسین لەئەنجامی سووتاندنی ئەو ماددە پلاستیکیانەوە پەیدا دەبێت کە لەبنەڕەتدا ماددەی (کلۆر)یان تێدایە، ئەمە جگە لەوەی کە ماددەی (جیوە)ش لە سووتاندنی ئەو پاشماوانە پەیدا دەبێت و کاریگەری خراپی هەیە لەسەر مێشک و گورچیلە و جگەر.

بۆیە چارەسەری نوێ ئێستا سووتاندن نییە، بەڵکو بریتییە لەخاوێنکردنەوەی هەڵمی (AUTO CLAVE) کە بەگەرمی و پاڵەپەستۆی هەڵم ئەو پاشماوانە چارەسەر دەکرێن و ماددەی دایۆکسینی مەترسیداریش نایەتە بەرهەم.

بۆیە پێویستە نەخۆشخانەکان هەر جۆرێکی پاشماوە لەوانی دی جیابکەنەوە و پاشماوەکان تێکەڵ نەکەن. چونکە بەشێوەیەکی گشتی هەر جۆرەو چارەسەرێکی هەیە، هەروەها دەبێت واز لەشێوازی سووتاندن بهێنین، چونکە سووتاندن ئێستا لە ئەمەریکاو ژاپۆن و زۆر وڵاتانی دی بەرەو کۆتایی دەچێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا، هەروەها هێشتنەوەی پاشماوەکانیش لەزەویدا بێ چارەسەر هۆکارێکی دیکەی نەخۆشی کوشندەیە.

ئەرکی جیاکردنەوەو کۆکردنەوەو کۆگاکردن و گواستنەوەی ئەم پاشماوانەش دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەک: وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ژینگە کە دواتر چارەی ئەم پاشماوانە دەکەن لەڕێگەی: هەڵماندن یان تیشکەوەری یان کیمیاوی.

لەدوای ئەنجامدانی یەکێک لەم رێگەچارانە ئەوسا ئاساییە ئەم پاشماوانە مەترسییان نامێنێت لەسەر تەندروستی مرۆڤەکان و هەر ئەوساش دەتوانرێت وەک هەر پاشماوەیەکی ئاسایی لێی رزگار بین.

جا بۆیە جێی خۆیەتی کە دەگوترێت پاشماوەی نەخۆشخانەکان ترسناکترین جۆری پاشماوەکانن و لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان وزیادبوونی نەخۆشخانەکانیشدا بڕ و جۆری ئەو پاشماوانە زیاتر دەبن.

***نووسەرو رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم**

WWW.RUDAW.N

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



شەیدا: گۆرانی "دلبەر"م بۆ هاوسەرەکەم گوتووە 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




REKLAM

